

# Journalist & Media

لەبڵاوکراوەکانی
ڕێکخراوی میدیا بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان

Najat Rosty



نەجات رۆستی
ڕۆژنامەنووس و میدیا

# ڕۆژنامەنووس و میدیا

کۆمەڵە ووتار



نەجات رۆستی

نەجات روستی

# ڕۆژنامەنووس ومیدیا

کۆمەڵە وتارێکی ڕۆژنامەنوسییە

چاپی یەکەم2016

سلێمانی



- ڕۆژنامەنووس ومیدیا
-بابەت: ڕاگەیاندن
- نووسەر : نەجات روستی
- دیزاین و تایپ: نووسەر
- تیراژ:1000
- هەڵەچن: شۆخان ئیسماعیل عزیز
- نرخ: 4000
- چاپخانەی: بینایی-سلیمانی
- ژمارەی سپاردنی کتێبخانەی نیشتمانی( 1435 )
- لە سەر ئەرکی بەریز شاعیرو نوسەر بەیان لەتیف عەسکەری چاپکراوە

# پێش دەستپێك

هەر پیشەو کارێك چەند ئەرکێکی گرنگی هەیە بۆ ئەو کەسەی کە کارەکە ئەنجام دەدات جاچ ئەرکی مامۆستا کە پەروەردەکردنی قوتابیە لەگەڵ فێرکردنی یان ئەرکی کارمەندێکی شارەوانی پاك ڕاگرتنی شەقامەکانی شارە یان ئەرکی سەربازێك کە بەرگری کردن لەولاتە ......هتد

بۆیە هەر ڕۆژنامەنوسێك کە پێنووسوکەی دەگرێتە دەست بێگومان چەند ئەرکێکی دەکەوێتە سەرشان

کە گرنگترینیان ئەمانەن:-

1- چاودێری کردنی ژینگە

ئامنجی ڕاگەیاندن بریتیە لەچاودێری کردنی ژینگەی دەوروبەری و گواستنەوەی ڕووداوەکان بۆ خوێنەر , هەروەها پەیوەندی نێوان تاکەکان و کۆمەلانی خەڵك و کۆمەلگاو نەتەوەکانە لەمیانەی ئەم ئامانجەش تاکەکان دەوڵەمەند دەبن بەزانیاریەکانی کەلەدەوروبەریان ڕوودەدات, ئاشنایان دەبێت.



2- پەیوەندی گرێدانەوە

یەکێکە لەئەرکە هەرە گرنگەکانە کاری ڕۆژنامەوانی ئەویش لەڕێگەی پتەو کردنی پەیوەندیە کۆمەلایەتیەکان و نەهێشتنی بیروڕا ڕەگەز پەرستیی و چینایەتی, کە ئەمەش بەیەکتر حالی بوون و گفتوو گۆ دەگات بەئامانج.

3- گواستنەوەی کەلتوری نەتەوەکەی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر

ئامانجی ڕاگەیاندن کار بریتیە لەگواستنەوەی زانست و زانیاریەکان لەسەردەمێکەوە بۆ سەردەمێکی تر کە ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی کەلتور میللەتەکەی ,کەبەهۆی پێشکەوتنی زانستی سەردەم بەشێك لە کلتوری نەتەوەکان لەناو دەچێت بەتایبەتی خۆرهەلاتی ناوەڕاست.

4- گەشەپیدان

بریتیە لە زانیار ی پێدان بەخوێنەرەکەی لەسەر بارودۆخە ئابوری و کۆمەلایەتی و سیاسیەکان وەپێدانی ڕێبەر وتەی کەسانی شارەزا لەسەر هەربابەتێك بۆ خوێنەرەکەی.

# سەرەنیا

ئەو چالاكیانەی كە پرۆسەی دیاری یكردنی ئاراستە لە خۆ دەگیرێت تەها لە بواری رۆژنامەوانی پیادە ناكرێت بەڵكو لە بوارەكانی تریش هەمان گرنگی هەیە لە رووی پرانسیپەوە ، هیچ مرۆڤێ توانای ژیانی لەگەڵ دەوروبەركەی دا نابێ و سەركەوت و نابێت لە كارەكانی دا ئەگەر ئاراستە و رۆگەی رۆیشتنی دیاریكراو نەبێت بەم مانایە ناكرێت ئەو چالاكیانە بە چالاكی رۆژنامەوانی بناسرێت ، لە روی چۆنیەتی یەوە لەكاتێكدا گرنگی زۆری لە پرۆسەی بنیات نانی رۆژنامەوانی دا هەیە چونكە رۆژنامەوان پەیوەندی جۆراوجۆری چالاكانەی لەگەڵ دەوروبەرەكەیدا هەیە بەرادەیەك زۆر لەو پەیوەندیانە زیاد دەبێت وەك هەر یەكێك لە ئیش و كارەكانی تر .

چونكە ئەو تامە زۆرەی كە رۆژنامەوان لە پشتەوە كار دەكات هەمیشە شێوازێكی سیاسیانەی هەیە روو لە هەموو كارو بارە كۆمەڵایەتی یەكان دەكات ، هەرچەندە رۆژنامەوان پەیوەندی بەژیانی كۆمەڵەوە هەبێت هێندە دەتوانێت دەست پێشخەری زیاترو بەرهەمی زیاتر بخاتە روو لە هەمان كاتدا ئەوە دەگەیەنێت كە



چنینەوەی گشتی ، زانیاری بەشێكە لە پرۆسەی بیری رۆژنامەوانی كەتێیدا چەندین هزری نوێ لە دایك دەبێت وە دەبێت دواتر ناوی (پرۆسەی دۆزینەوەی هزری رۆژنامەوانی ) لێبنرێت ، چونكە تەنها بیرۆكەی بلیمەتانە رۆژنامەوان جیایی دەكاتەوە و پەیوەندی خەڵك باشترین بیرۆكە دەخولقێنێت لە ئەنجامی بەیەك گەیشتنی هزری چالاكانە لەگەڵ دەوروبەری لە دایك دەبێت .

ئەوە بابەتانەی لەم كتێبە جێگایان بۆتەوە زادە وبابەتی سالانی(1999-2015) زۆربەری هەرە زۆری لە رۆژنامەو ماڵپەرەكانی ئینترنێت و گۆڤارەكانی كوردستانی باشور بلاوكراونەتەوە،بەداخەوە ئەرشیفەكانی هەموویانم لە بەردەست نەبوو بۆ ئەوەی رۆژو ساڵی بڵاو بونەویان بنووسم، لە سەر داوای چەندین هاورێ رۆژنامەنووس و خوێندكارانی بەشی راگەیاندن لە زانكۆ و پەیمانگاكان ،كە ئەوانە بەر لە هەموو خوێنەرێك زیاتر سودی لێدەبینن، بڕیاری كۆكردنەوەی بابەتەكانم دا لە ئەم كتێبە ، دەبوایە چوار ساڵ بەر لە ئێستا چاپكرابوایە بەلام بە هۆی قەیرانی دارایی كەوتە ئێستا.

نەجات رۆستی - سلێمانی 2016

# زمانی رۆژنامەنوسی

رەخنەگری رۆژنامەنوسی پێویستە گرنگی بە ئەرکی ئەوکەسانە بدات کەڕۆڵیان هەیە لە پاراستن وپتەوکردنی زمانی رۆژنامەنوسی و چاك کردنی کەموکوڕییەکان,ئەوکەسانەی تەنها گرنگی دەدەن بە وشەو وشەکاری لە ناوڕستەدا,تەنها بنچینەی زمانی فۆلکلۆر بە نمونەیبەرزوبڵند دادەنێن پەردە لەسەرهەموو تازەگەرییەك وڕێبازەنوێیەکان وڕێبازەوێژەیی رۆشنبیرییەکان وهەموو ناوەڕۆکەکانی رەخنەی ئەدەبی نویٚ دادەنێن,بەمەش دورەپەرێزدەبن ودادەبڕێن لە ژیانی کۆمەڵ بۆیەپێویستەرۆژنامەنوس زمانی تایبەتی خۆی هەبێت وپارێزراوبێت,چونکە دەبێتە هۆکارێك بۆ گەیاندن , رۆشنکردنەوەوتازەگەری.ناشتوانی ئەوکارە بە ئەنجام بگەێنیٚ تەنهابەزمانێکی سادەنەبێت کە بتوانێت بۆزۆرترین خەلك وخێراترین کات,کەمترین نرخ,ئەمەش لەپێویستیەکانی راگەیاندنی سەردەمە بۆیە,هەرییەکێك لەکۆمپانیاکانی راگەیاندن ، رۆژنامەکان وکەناڵەکانی تری.رێبەرێکیان پێکهێناوەکە زۆرترین ئامۆژگاری زمانەوانی,زانیاری رێکخراوەیی ونوسین ودارشتنەوەی واتاکان دەگرێتە خۆ،کەرۆژنامەنوس بەردەوام لەژێردەستی دابێت



وهەرکاتێك پێویستی پێبو بگەرێتەوەسەری لەگەڵ تایبەتییەکانی رۆژنامەنوسی و.بۆیە بزاڤی رۆژنامەنوسی نویٚبەشێوەیەك هاتوتەکایەوەکەبەرپەرچی ئەوشێوازەکۆن و چەقبەستوانە بباتە دەرەوە کەبەکارهاتووە.پاڵپشتەکانی ئەم رێبازە لە پێشیانەوە(توم ولوف)وادەڕوانێتە رۆژنامەنوسی لە چوارچێوەی(شێوازو یاسایی چەق بەستوو بیرتەسکی و کۆت زیندانی کراوە ئەنجامەکەشی بۆتەتێکە لاٚوکردنی زمان ولاوازی شێواز ونەبونی تازەگەری تیدا ,بۆیە گرنگی بە پتەو کردنی رۆژنامەی ئەدەبی و لاپەرە رۆشنبیریەکان ئەدریٚ,بە گەڕان بەدوای زمانێکی زیندو ودەوڵەمەند بە (وێنەوبییر)بە شیوەیەك بتوانی خوێنەر رابکێشیٚ بۆخوێندنەوەی تا دواین دێر بۆ ئەم مەبەستەش پێشخەرانی ئەم رێبازە پێشنیازی ئەوە دەکەن کە هۆکارێکی دەربڕینی گونجاو هەبێت بۆ ئەم مەبەستەش بۆچونیان یەك دەگرنەوە لە گەڵ رەخنەی رۆژنامەنوسی و رێبازەهونەرییەکانی نوسین و کارە ئەدبی و هونەرییەکان.رەخنەگری رۆژنامەنوس زمانی تابیەتی خۆی هەیە کە جیاوازە لە زمانی هەواڵ و راپۆرتە رۆژانەییەکان, هەروەك چۆن زمانی (لۆژیك, شیکردنەوە,فەلسەفە) جیاوازن. هەروها جیاوازیشە لە زمانی رەخنەی ئەدەبیش کەبلاٚو دەبێتەوە لەکتێبە تایبەتیەکانی رەخنەی ئەدەبی کە بە هرەمەندە بە لێکۆلینەوە وسەرنج و تێبینی یە بلاٚوەکانی رەخنە گرە

رۆژنامەنوسی یە کە لەم چەند ساڵەی دوای گەشەی کردوە. بۆبەرو پێش چونی هونەری رۆژنامەنوسی و شێوازو رێبازە رەخنەیەکان ئەورێبازانەی کە هەلجێنراون لە کاری رەخنەگری رۆژنامەنوس کە دارێژراوە لە لایەن گەورە بەناوبانگەکانی رەخنەی رۆژنامەنوسی،پابەندبوون پێوەی, ئەواننە تەنها بە نوسینی رەخنەی رۆژنامەنوسی یەوە نەوەستاون بەڵکو زیاتر گەیشتونەتە پلەی تازەگەری و داهێنانی ئەدەبی. بۆیە لە نیوانیاندا چەند ناوێکی دیارو هەلکەوتو هەیە لە دونیای رەخنە و ئە دەبی رۆژنامەدا.

لە گەڵ ئەوەشدا چەند کەسانێك هەستان بە نووسین لەسەررڕەخنەی رۆژنامەوانی بەبێ ئەوەی شارەزابیەکی ئەوتویان لە رێزماندا هەبێت و ئەو بنچینانەیکە دەستنیشانمان کرد. بەم شێوەیەئەمانە کارێکی هەڵە وسەرپێچی ئەنجام دەدەن نابێتە پێوەرێك بۆ پێوانە کردن لە سەری. بەلکو دەبی لە ئاکامەکانی ئاگاداربکرێنەوە کەلەوانەیە بە شێوەیەکی سلبی بەسەر ئەدەب و زمانی رەخنەی رۆژنامەنوسی بشکێنەوە.

فاروق خورشید لەکتێبەکەی دا(بین الادب والێحافە)دەلێ تۆدەزانی منیش کەزۆرێك لەکارخێراییەکانی رۆژنامەنوسی قەلەمەکانیان هەڵدەگرن و دەست دەکەن بەنوسینی چیرۆك ورۆمان ودراما ،نوسین لە سەر وێنەو موزیك و سینەما و رادیو وتەلەفزیۆن هەتاکو سیاسەت



و ئابوری ئاین و ئە خلاقیش ئەگەر بتوانین ,وەك ئەوەیکە هەزار پیاو لە پیاوێکدا, چونکە وادەزانن کە کارەکە تەنها قەلەم بە دەستەوەگرتن ونوسینە لە سەر کاغەزبەوشێوەی کە پێویستە وداواکراو.پاشان ئەوەی دەینوسن دەلێن رەخنەوو وشەی ئەدەبیشی دەخەنە پاڵ بە ئاسانترین شێوە, مەترسی ئەمانەزۆرە چونکە هەندێ بۆچونی نامۆ دێنەناو دونیای ئەدەبەوە ،هەروها لە ژێر ناوی رەخنەی ئەدەبی یەوە چەند بۆچونێکی نەخۆش و نەزۆك دروست دەکەن لە پاڵ ئەو کارەی کە دەیکەن و تێدا دەژین.لەراستی دا هەندێ لە رەخنەگری بەرێز هەن لەدونیای ئەدەب و رەخنە دا کاریان کردوە, لە رۆژنامە و کەناڵەکانی تری راگەیاندن توانیویانە یە کسانییەك لە نیوان کاری رۆژنامەنوسی وداهێنانی ئەدەبی بکەن. هەندێکی تریش هەن کاری رۆژنامەنوسی بە ئارەزو تێدەگەن و لە ئیشی داهێنان کەم دەکەنەوە.

هەندێکیشیان کاری رۆژنامەنوسی یان ئاسان کردوە لەو کارەیان دا پشت ئەستور بە نەزانینی و نەشارەزایی خەلکی کە تنەها

نوسینی سادە وساکار دەنوسن, ئەوجۆرانە (فاروق خورشید )ئاماژەی پێکردوون بێگومان ئەمانە حالەتێکی کت و پڕەلەرۆژنامە رەسەنەکان کارناکەن بریتین لە کۆمەڵ مشە خۆری نوسین.ئەوەی لامان گرنگەلەم چەند دێرەدا کۆرتکردنەوەی بنچینەکانی رەخنەی

ئه دەبی  رۆژنامه نوسیه له رێگەی به ئەنجام گەیاندن و کارکردن تیدا له  لایەن کۆمەڵێکی لێهاتوو له رەخنه گره ناودارەکان.ئەوانەی خزمەتی رەخنەی رۆژنامەوانیان کردوه به  هەموو شێوازێکی داهێنان و مەیدانەکانیان فراوان کردوه به شێوەیەکی کارامه له ژێر رۆشنای و زانیارییەکی زۆرەوه به رێزمان و بنچینەی  شێوازی به کار هێنانی رەخنەی رۆژنامەنوسی.

دکتور (مورتەزا کوتوبی) له پێشەکی کتێبی( کۆمەڵناسی ئەدەبیات) که بەرهەمی ( روبرا سارپێت )ه باس له شێوازی نوسەرێك دەکا دەڵێ بەرهەمی ئەدەبی پەیوەندی به نوسەرو پێگه کۆمەلایەتییەکەی ,ئابڕوی پیشەکەی ، وێنەی ئەوله زەینی چینه کۆمەلایەتیەکان,به هۆزوخەڵکی یەوه هەیه که بەرهەمەکەی ئەو دەخوێنتەوه کاریگەری ئەو له سەر خوێنەرپەیوەسته به پەیوەندی نیوان گروپه جۆراو جۆرەکان, پەیوەسته بەلایەنی جۆراو جۆری فکری وفەلسەفی ودەرونی وسۆزداری. بڕشت وتوانای مێژوی جوگرافیه وەیه ,نوسەر رۆڵێ هەیه.پەیوەندی له گەڵ خەڵکی سەردەمی خۆی وداهاتو, چ شوێنی له دایك بونی یان دوره له شوێنی جوگرافیای و فەرهەنگی و سیاسی نەتەویی, رۆڵێ هەیه له خولقاندنی به رهەمێکدا..

دکتور (محەمەد رەزا باتنی ) له زانکۆی تاران: زمان بەپێی هەلو مەرجه له حالّی گۆڕان دا که تیدا زمان به کاردێت وبه پێ ئەرکی جۆراو جۆرکه دەکەوێته ئەستۆی لایەنی جۆراوجۆر، که بەرهەمی جیاوازی بەکارهێنەر دەوترێ( شێواز) له لێکدانەوەیەکی تر دا دەرئەکەوێ که شێوازی زمان پەیوەسته به سێ هۆکاری سەرکیەوه(. بابەت,ئامرازی دەربڕین, پەیوەندی کۆمەلایەتی نێوان بیسەرو بیژە)

دکتور (عەلی ئەشرەفی) ماموستای زمان دەڵێ: زمانی ستاندارد زمانێکه نزیکه به زاراوەی ناوچەیی و کۆمەلایەتی یه باوەکانی وەلاّتێکەوه,ئامرازو کەرەستەی پەیوەندی کردنی کۆمەلایەتی. زانستی و ئەدەبی. خەڵکانێکەکه رەنگه له هەڵ ومەرجێکی دیکەدا به زاراوەی ناوچەیی یان کۆمەلاّیەتی تایبەت به خۆیان قسه بکەن,ئەم زمانه زمانی خوێنەوارانه و دەتوانن بلێن کەله تەلەفزییۆن و رۆژنامەکان و رادیۆیەکان بەکاردێت له وانەکانی فێرکردنی زمان بۆ خەلکانی دەرەوه به کاردێت. زمانی ستاندارد  زمانێکه سەقامگرتوو خاوەن بنەماو  نۆرمالگەڵێکه که رەچاو کردنیان بۆ ئەوکەسانەی که بەم زمانه قسه دەکەن پێویسه. ئەم  بنەمایه له کتێبەکانی رێزماندا هاتوون له خوێندگاکاندا دەیلێنەوه زمانێکه بۆ پیوانه کردنی شێوازەکانی هەڵه یان دروستی له زماندا.

***سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:***

1- د. عبدلستار جواد, النقد الصحفی

2- ئومید مسعودی, بنەماکانی نوسن له راگەیاندن, وەرگیرانی جوامێر ماربی

# مەرگی رۆژنامەی کاغەز نزیك بۆتەوە

رۆژ دوا ی رۆژ راگەیاندنی ئەلکترۆنی زیاتر خۆی تازە دەکاتەوە، پێشکەوتنێکی زۆری پێوە دیارە ئەو خێرا پێشکەوتنە بە بڕوای شارەزایانی بواری راگەیاندن, پێشکەوتنەکە زۆر زیاتر بووە لەوەی پێشبینی کراوەلەلای هەندێکیشیان جێگای رامان و سەر سورمانە. بەهۆی ئەو بەرەو پێشچوونەی بواری راگەیاندنی ئەو زانیاریانەی کە لەرێگەی( ویب سایتەکان ) دەگات بەوەرگر، ئەو هۆکارەش بۆتە هۆی کەم بونەوەی خوێنەری رۆژنامە کاغەزییەکان تەنانەت تەلەفزیۆن و رادیۆکانیش. کۆمپانیا تایبەتیەکانی بواری رۆژنامەو راگەیاندن بەهۆی دابەزینی ئاستی خوێنەرانیان تووشی قەیرانی مادی بوون، زۆرێکیش لەم کۆمپانیانە هەوڵی گۆڕینی رێڕەوی کارەکەیان داوە بۆ بەرهەم هێنانی گشتی، گروپی( نایت ریدر)ی رۆژنامەوانی کە خاوەنی 30 رۆژانامەیە لەئەمریکا دوچاری کەم و کورتی دارایی بوو بە هۆی کەم بوونەوەی رێژەی فرۆشتنی رۆژنامەکان بۆیەبڕیاری دا



کە بەشێك لەبەشەکانی کۆمپانیاکەی  بفرۆشرێت. لەبەر خراپی باری ئابوری رۆژنامەکان و کەم بوونەوەی سەرچاوەی داهات. ئەم قەیرانە تەنها رۆژنامەکانی نەگرتۆتەوە بەڵکو گۆڤارە گەورە و بەناوبانگەکانی وەك  (نیورك تایمز , بویتس نیوزی )گرتۆتەوە . گۆڤاری( تایم ) دووچاری کەم بوونەوەی قەبارەی ریکلام و کەم فرۆشی بۆتەوە . بۆیە بڕیاریدا دەستبەرداری( 205) کارمەند ی بواری رۆژنامەوانی بێت، کارەکەی لە کۆمپانیای بڵاوکردنەوەی گۆڤار بگۆڕی بۆ کۆمپانیایەکی فرە بەرهەم .

لەڕاپۆرتێك دا کە پەیمانگای پرۆژەی ئیمتیازی رۆژنامەوانی سەر بە خوێندنگەی رۆژنامەوانی زانکۆی(کۆلۆمبیا ) داهاتووە کە ساڵێ ( 2005)  سەرەتای مەرگی رۆژنامەی کاغەز بوو ، لەو روانگەیەوە کە راپۆرتە رۆژنامەوانیەکانی باس لەو هەواڵە غەمگینانەی رۆژنامە گەورەکان دەکەن. رۆژنامەی (نیورك تایمز )بڕیاریدا دەست بەرداری (160) رۆژ نامەنووس و نووسەرەکانی بێت. بەهەمان شێوە رۆژمنامەی( لوس ئەنجلوس )بریاڕیدا دەستبەردای (85) رۆژنامەنووس و نووسەر بێت . سەرەکی ترین هۆکاری ئەم قەیرانەی رۆژنامەی کاغەز, خێرا بڵاوبونەوەی هەواڵە لەسایتە ئەلکترۆنیەکان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا پەرەسەندنی ئەنتەرنێت و بڵاوبوونەوەی ویب سایتی ئازاد و کراوە. ئەوەی کە  پێشتر خەڵکی

لە چاوەڕوانیان بون بۆ بیستن و خوێندنەوەیان، هەنوکە ئازادانە بێ سانسۆر و بەخێراترین شێوە لەدەرگای خوێنەر وبینەر ئەدات کەسیش ناتوانێ سانسۆریان بکات.ئەم دیاردەیە هەر تەنها لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکان دەنگی نەداوەتەوە بەڵکو لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی دیموکراسی و ئازادیش کاریگەریان دروست کردووە.

لەم ئاماژەیە دەردەکەو کە کاریگەری و پاشەکشە لەکارەکەیان لەنێو دەزگا راگەیاندنەکانەوە دیارە ، لەئەمریکا بۆ نمونە ئەو پێنج دەزگا راگەیاندنی ئەمریکا دەخەینە روو کە لە نێوان ساڵانی 2004-2005 گۆڕانیان بە سەردا هاتووە:

لێرەدا ئەو کاریگەییەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە نێوان ساڵانی 2004-2005 لەنێو دەزگاکانی هەواڵ و دەزگاکانی راگەیاندنی ویب سایتەکانی ئەنتەرنێت پلەی دووەمەوە بۆتە پلە یەك و (سی ئێن ئێن) لەپلە یەکی سەرچاوەی هەواڵ بۆتە پلە سێەم.

(ئێم ئین ئیچن ) بۆ پلەی سێ چ لەڕێگەی بایەخدانی ویب سایتەکانی بۆ خێراتر بڵاو کردنەوەی هەواڵ لەپلە سێیەمەوە چۆتە پلەی دووەم وەك سەرچاوەی هەواڵ بۆ خوێنەرو بینەر . (ئۆئیلش) کە سەرچاوەکەیەکی ئینتەرنێتە بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵ تێکرا بە شێوەیەکی زۆر سست گەشەیان کردووە کە دەکرێت ئەم



گەشەکردنەش بە بەرداورد لەگەڵ سەرچاوەکانی تری هەمان پاشەکشە لەقەڵەم بدرێت .

لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە خێرایە دەبێ رۆژنامەنووسە گەورەکانی دوای راگەیاندنی نووسراو لەبەرامبەر ئەم پێشکەوتنەی ئەنتەرنێت وەك سەرچاوەی هەواڵ بکەونە خۆیان بۆ بایەخ پێدان و بەخۆ داچوونەوەیان و لێبکۆڵینەوە بۆ دەزگاکانی وەك تەلەفزیۆنی و رۆژنامە وەك سەرچاوەیەکی گرنگی هەواڵ و رێژەی خوێنەرو بینەریان بکەن بەرپرسێکی هەواڵ لەتەلەفزیۆنی (سی. بی. ئیس) دەڵێ بینەر لەبەکارهێنانی ئەنتەرنێت هەر تەنها وەرگر نیە بەڵکو

| کەنال بە نمونە | 2005 | 2004 |
|---|---|---|
| سی ئێن ئێن | 23.1٪ | 22.0٪ |
| یاهوی هەواڵ | 21.5٪ | 24.0٪ |
| ئێم ئێس ئێن بی سی | 210٪ | 23.4٪ |
| ئەی ئومل هەواڵی | 14.6٪ | 16.2٪ |
| رۆژنامەی سەرچاوەکانی هەواڵ | 11.3٪ | 11.8٪ |

دەتوانێت لە هەمان کاتیش پرسیار بکات، بە ئارەزوی خۆی هەواڵ هەڵبژێری ئینجا ئەتوانێ وینەی ڤیدیۆی هەواڵەکانیش بینێ، کە هەرگیز ئەمە لە (سی. بی. ئیس) روونادات لەهەمان کاتدا ئەوەی دەیانەوێ ئەوتوانن لەلای خۆیان هەڵیبگرن (بابا سسبچییەری )

تەمەن ( 69 ) لە ژووری هەواڵ دەڵێ: ئێمە لەبایەخی ئەم کاریگەریانەی دوای ساڵی تر ناگەین، نایشارینەوە کە ئێمە ڕۆژانە کاتێکی زۆر لەبەرامبەر ویب سایتەکان بە سەر دەبەین

ڕۆژنامەنووسێك لەرۆژنامەی (یویس تودەی) دەڵێ: ڕۆژنامە لەکاتی ئێستادا( 1500 ) کاری لەدەست داوە ڕێژەی کار گەرانی لەدابەزینە، چونکە نزیکەی (یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار ) خوێنەریشی لەدەست داوە.

"چارلس ئاتیکس" نوسەر لەبەشی هەواڵ لەرۆژنامەی "ریبون" دەڵێ: ڕۆژنامە 12-24 کاتژمێر دەبێ چاوڕوان بێت تا هەواڵێك بڵاو دەکاتەوە بەڵام لە ویب سایتەکان پێویست بەم هەموو چاوەڕوانیە ناکات.

"مارك لوکا سەویسز" نوسەر لە بەشی هەواڵی( ئین ،بی ،سی )سەبارەت بە کات دەڵێ ئەوان دەزانن زۆر جێگەی تریان هەیە بە دەست کەوتنی زانیاری بۆیە چاوەڕوانی ڕۆژنامەکان ناکەن. یان لەسەر ئەوە ناوەستن تا گوێ لەهەواڵێکی تەلەفزیۆنی ئێواران بگرن.

ئەو چەند بۆچوونەی سەرەوە، تائێستا لەکوردستان نابێتە جێگای گفتوگۆ قسە لەسەرکردن لەبەر ئەوەی ڕێژەی بەکارهێنەرانی ئەنتەرنێت لەو ئاستەدانیە. جەماوەر بە شێوەیەکی فراوان لەگەڵ ئەنتەرنێت و شێوەکانی بەکارهێنانی گرفتی هەیە. لەهەمان کات،



ئەستەمە کە خوێنەری کورد بە ئاسانی دەست بەرداری رادیۆ و تەلەفزیۆن بێ لەبەر ئەوەی تاکی کوردی لەژیانی ڕۆژانەیدا کاتێکی زۆر بە فیرۆ ئەدات بەبێ ئەوەی بتوانێ ئەو کاتە بۆ وەرگرتنی زانیاری بقۆزێتەوە سات لەدوای سات هەواڵ و زانیاری تازەو هەواڵی گەرماو گەرم وەرگرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەش میدیای کوردی سەرەڕای ئەوەی کە نەی توانیوە وەك پێویست سود لەتەکنەلۆژیای نوێ بەتایبەتی ئەنتەرنێت وەربگرێ. بگرە بە چاوێکی سوکیش سەیری ئەو بابەتانە دەکات کە لەسایتەکانی ئەنتەرنێت بڵاودەبنەوە بۆیە زۆرێك لەو کارمەندانەی بواری ڕۆژنامەنووسی و ڕاگەیاندن ئەنتەرنێت بە زبڵدانی ناوزەند دەکەن. چونکە لایان وایە کە هەموو بابەتێك بڵاو دەکرێتەوە بە بێ ئەوەی دەستی سانسۆر بیانگاتێ لەهەمان کاتیش. ئەو کەسەی لەسایتەکانی ئەنتەرنێت دەنووسێ زۆر سەربەستانە تر ڕاکانی خۆی دەردەبڕێ بەڵام ئەگەر بابەتێك لەرۆژنامەیەکی تەقلیدی کاغەزی بڵاو بکاتەوە، بێ گومان دەبێ لەچەندین فلتەری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی دەرباز بێ ئینجا شانسی بڵاوکردنەوەی دەبێ ئەوەشی بەدڵنیاییەوە بە چەندین گۆرانکاری.

ڕەنگە وای لی بێت کە بابەتەکە مانا جەوهەرییەکەی لەدەست بدات. چونکە بەم هەموو فلتەرانە دەربازی بێت ئەستەمە وەك خۆی بگاتە

خوێنەر ،بەڵام بۆ چەند ساڵی ئاینده خوێنەری کوردیش ئاشنایەتیەکی زۆر لەگەڵ ئەنتەرنێت پەیدا بکات. بێ گومان زۆری بەکارهێنەرانی ویب سایتەکان، بازاڕی رۆژنامەی کاغەر کەمتر دەبێتەوە تادێ مەرگی نزیك دەبێتەوە پرسیارەکە لەوەدایە ئایا دەمرێ، یان هەروا بەرەزیلی دەمێنێتەوە . ؟

---

سودم لە:

وتارێکی نوسەرو رۆژنامەنوس (غازی حەسەن )وەرگرتوە . کە لە سایتی کلاورۆژنە بلاو بۆتەوە



# ژن و رۆژنامە

ئەگەر بە خێرای ئاورێك لە پەیوەندی مرۆڤایەتیبدەیبنەوە بەئاسانی لایەنە ژیارییەکانی تاکەکانی نیوکۆمەلگامان بۆ دەردەکەوێت .کەهەر مرۆڤەو تایبەت مەندییێکی خۆی هەیە .کەسمان لە کەس ناچین,دەشێ کاریگەری ئەوەی ترمان لەسەربێت بەڵام لە بناغەوە هەریەکەوە بوخۆی کەسایەتێکی خۆی لە نیوجڤاك دا هەیە ,هەندێکمان ئارەزومانەلە هەموو بوارەکانی ژیان دا چالاکیمان هەبێت . هەنەندێکی ترمان دور دەکەوینەوە..بەڵام لە گەڵ ئەوەش دا مرۆڤە بێوەیەکان ناچنە ژێربالّی لایەنەکانی ژیاری ,بەتایبەتی بەرژەوەندی نیشتمان ,ئەوانە لە ژیاندا ناتوانن مالێکی هێمن بۆ خۆیان ونەوەکانیان چێ بکەن,ئەوانەی پێچەوانەی ئەمانەشن, هەردەم لە نیو کۆمەڵ جێ پەنجەیان دیارە مێژووی مرۆڤایەتی شانازیان پێوەدەکات ,کەلەبوارجیاجیاکان لە خزمەتی کۆمەڵدان بەهۆی ئەوان , ژیان بەردەوام گۆڕانی بەسەر دادێت و بەرو پێشەوە دەروات.

لە ماوەی ئەم دووساڵەدا بەشێوەێکی بەر چاو بواری راگەیاندنی کوردی بە تایبەتی رۆژنامەوانی پێشکەوتنێکی زۆری بەخۆوە بینیوە,سەدان بڵاوکراوە وگۆڤارو رۆژنامە ودەردەچن .بگرە لادێیەك

بۆخوی بڵاوکراوەی تایبەتی هەیە جاچ جای شارەکان,بەپەرەسەندنی بواری رۆژنامەنووسی ولات سیمایەکی جوانی بەخۆوەبینیوە ئەمەش جێپەنجەی ئەو رۆشنبیرانەیە کە شەورۆژیان خستۆتە سەریەك بۆ نیشاندانی ڕوی شارستانی دیاردەناشایستەکانی کوردەواری .

لە داهاتوودڵنیام کە شاروشارۆچکەکان بەپەیکەری ئەم دڵسۆزانە دەڕازیتەوە شەونخونیان لەم بوارە داوە ماندوبونیان بەفیڕۆ ناچی لاپەرەکانی مێژووبە خەباتی ئەوان دەرازێتەوە .بە هۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای تازوشارەزای کادرەکانی بواری راگەیاندن ئێستا بواری رۆژنامە نووسی چە ندین رێچکەی تایبەتی گرتۆتەبەر بۆ باشتر خزمەت کردنی چین‌وتوێژەکانی نێو کۆمەڵ, بە بوونی راگەیاندنی تایبەتمەندە بە تایبەتی رۆژنامەو گۆڤارەکان, لە کوردستان هەموو چین‌و توێژەکان رۆژنامەو بلاوکراوەی تایبەتیان هەیە لەوانە (لاوان خوێندکاران, مامۆستایان,کرێکاران, کەم ئەندامان, ئەندازیاران, ژنان, ماف پەروەران,منالان...هتد) هەرچەندە ئەم بڵاوکراوانە لەلایەن حزب پشتگیری دەکرێن , بەڵام توانیویانە هەریەکەوبەپێ‌شارەزای خۆیان,جەماوەرلەدەوری خۆیان کۆبکەنەوە... نەریتێکی جوان, لەبواری رۆژنامەنووسی دەرکەوتووە, ئەوەی کە جێگای ستایشە ئەو رۆژنامە وسایتە پڕ بەهانەن, کە تایبەتن بەبواری ژنان, مینبەری کراوەن کە بە ئازادی‌و بێ سانسۆر بابەت‌و داواکانیان تیاندا دەخەنە



ڕوو, ئەمەش بە هەوڵ‌و کۆششی وئەو خانمە ئازیزانەوەیە کە خۆیان بونەتە سەر مەشق لە بواری رۆژنامەی ئاسایی و ئەلکترۆنی, بونی ئەم کەناڵانە ئەوە دەردەخات کە ئاستی تێگەیشتنی ژنی کوردلە بواری رۆشنبیری نیشان دەدات, ئەیەوێت بە خەڵکی دەوروبەریان رابگەێنن کە ژنی کورد لە قۆناغێکی تازە رۆشنبیری دایە , هەوڵی بێ وچان ئەدەن بۆ ئەوەی بتوانن خزمەتی مرۆڤایەتی بکەن لە پێناو نەهێشتنی جیاوازی رەگەزی, بیگومان ئەو ژنە رۆژنامەنوسانە,وەك کەڵە پیاوانی بواری رۆژنامەوانی لە ئایندە دەبنە ئاوێنەی مێژوویەکی پڕ لە سەروەری‌و رۆشنبیری‌بۆ نەوەکانی داهاتوو.

رۆشنبیران و گەورەرۆژنامەنوسانی کورد,لە سەردەمی خۆیان بناغەی رۆژنامەنووسیان داناو چەندین ئەرشیفی جوان جوان‌و پڕ بەهایان بۆ ئێمە بەجێ هێشت, ئەوئەرشیفە بۆئێمە بۆتە گەورەترین دەریا کە سەرچاوەکەی کەڵە پیاوانی ە مێژوو دۆزیویانە تەوە, بە دڵنیایشەوە لە ئایندە ئەو رۆژنامە نووسە دڵسۆزانەی ئێستا لە بواری رۆژنامەنووسی پەرە بە کارەکانیان ئەدەن, هەوڵ ئەدەن ڕووی جوان و ناشیرینی کوردەواری لەنێودنیای رۆژنامەنووسی بخەنەروو نیشانی بدەن , لە پێناو چاندنی تۆوی رۆشنبیری لە نیو نەوەکانی ئێستاو داهاتوومان پەروەردە کردنی لاوانمان بەبیری نەتەوەی نیشتمانی...یەکسانی ژن وپیاو.

# پرۆژەی

# بنیاد نانی کاری رۆژنامەنووسی

مەبەست لە زاراوەی پرۆسەی بنیادنانی رۆژنامەنووس زنجیرەی ئەو چالاکییانەیە کە بواری بلاّوکردنەوەی بەرهەم لە رۆژنامەکاندا بەرۆژنامەنووس یا چەند رۆژنامە نووسێك ئەدات شێوازی کاری رۆژنامەنووسی فرە جۆرە، پێش ئەوەی رۆژنامەیەك بدرێتە چاپخانە بەتەنها یەکخستنی کاری هاوبەشی ژمارەیەك رۆژنامەنووس و یەکخستنی هاوکارییان بەشیوەیەکی ئامانجدار کۆتایی پێ نایەت، بەڵکو پێویستە هەریەك لەو تاکانە کۆمەڵێك کاری جیاواز ئەنجام بدات.

رۆژانە چەندین روداوی گەورەو بچوك لە جیهاندا رووئەدات کە سنوریان بونیە وبەهۆی هەڵسوکەوتی کۆمەلآیەتی مرۆڤەکانەوە ئەم رووداوانە پەرەدەسێنێن و دیاردەو بارودۆخی نوێ دەخولقێنێت ئەوکات سوپایەکی تەواوی رۆژنامەنووسان سەرقاڵی چاودێریکردنی روداو ە دیارە کان دەبن، کەدوای تۆمارکردن و گواستنەوەیان لە شێوەی زانیاریدا لەلایەن ئاژانسەکانی دەنگ و باس وە کۆدەکرێنەوە.

لە هەمووڕۆژێکدا رۆژنامەکان هەزاران چاوپێکەوتن لەگەڵ سیاسەتمەداران و بەرپرسانی ئابوری نیشتمانی ، کرێکاران ،جوتیاران



، هونەرمەندان، زاناکان سازدەدرێن یان بەمانایەکی تر لەگەڵ هەموو خەلك بەمەبەستی بەدواداچوون و ئەزموون و کارزانی و راو بۆ چوون و پێشبینیەکان لە ئەرشیف و کتێبخانەکاندا بەمەبەستی تێگەیشتن و پەیوەندییە مێژوویی و هۆکاریەکان, ئەو پەیوەندیانەش کە پەیوەستن بەروداوە گرنگە دیاریکراوەکانەوە کاردەکەن، کەدواتر لەو وتارو گفتوگۆکانیاندا دەیخەنە روو هەروەها رۆژنامەکان لەنمایش شانۆیی ، سینەماییەکان ،ئاهەنگە مۆسیقیەکاندا ئامادە دەبن، و سەردانی پیشەنگا هونەریەکان دەکەن، ئەو کاتە بڕیارێکی رەخنە گرانە سەبارەت بەوکارە هونەرییە نمایشکراوانە لەلایەن گەلاّلە دەبێت و ووتارە رەخنە ئامێزەکاندا تۆماری دەکەن. بەمەش جۆرێك لە ئارەزوو لای خوێنەر دروست دەبێت.

ئەم چەند نمونە کەمە لایەنەکانی کاری رۆژمامەنووسی لە هەموو ئەو بوارانەدا کە زانیاری (دەمەکی) ئانی لە شوێنەواری کۆمەڵایەتی و دەوروبەردا لێوە دەگیرێت، نیشان ئەدات چونکە ئەمڕۆ دەزگای نوسین ، دەزگایەکی زۆر ئالۆزە و پێکهاتەیەکی هەمەڕەنگە و هەمەلایەنی هەیە و پێویستی بە پلان و بەڕێوەبردنە بۆ جێبەجێکردنی کارو ئەرکەکانی بەباشترین شێوە. بۆ نەخشەدانان و بەکارهێنانی نوسەرو هەواڵنێرو رۆژنامەنووسان لەپێناو دارشتنی رۆژنامەکەو ئامادە کردنیدا و هەندێکی تریش لە رۆژنامە نوسان

کاری کۆکردنەوەی زانیاری و نوسینی راپۆرت و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەنووسی (رێپۆرتاژ) دەکەن بۆ ئامادەکردنی چەند لاپەرەیەك یان هەموو لاپەرەکان و بەبژارکردنی ئەو زانیاریانە هەلدەستن کە ئاژانسەکانی دەنگوباس بلاوی دەکەنەوە، سەرەڕای پیاچونەوەی کتێب و بلاوکراوەکانی نووسەران، هەموو ئەم پرۆسانە بەڕوی جیاوازیان لەگەڵ زانیاری کۆکردنەوە دا هەیە. ئەم چالاکی یە هەمە جۆرو هەمەشێوانە کە شێوازێکی تایبەتی بەکاری رۆژنامەنووسی بەخشیوە ئاستی ئەو پرسیارانەمان بۆ لێکدەداتەوە.

ئایە تایبەتمەندیە جیاکەرەوەکانی کاری رۆژنامەنووسی لە کویێ رستە ؟ دایە کەواتە بابەدوای چۆنیەتی ئامادەکردنی رۆژنامە وانیدابگەڕێین، وەك هەواڵ و رێپۆرتاژ و بیانەوە(تعلیق) بۆ ئەوەش و لە پێناوی ئاسنکردنی ئەم لێکولێنەوەیەدا نمونەیەك دەخەینە روو، ئەویش نمونەیەکی گشتیە بۆ پرۆسەی بنیاد نانی رۆژنامەنووس لەبەرهەمێکی رۆژنامەوانیدا کە جۆرەکەی بەشێوەیەکی تەواو یان هۆکارێکی راگەیاندنی تایبەتی دیاری نەکراو.

هەروەها ئەم نمونەیە پرۆسەی پێویستی نوسینی بەرهەمی رۆژنامەنووسی ونوسین و ئامادەکردنی دیاری ناکات، بەبێ گوێدانە ئەو کەسەی کە ئەرکی ئەو چالاکی و کارانە دەگرێتە ئەستۆ یان چۆن کارەکان لە ناو دەزگای نوسینی تایبەتدا دابەش دەکرێن؟



لە کۆتاییدا پێویستە ئەوەە لەبەرچاوبگیرێت. ئەم لایەنە لە نمونەکەماندا فەرامۆش کراوە لە پێناوی خستنە رووی وێنەیەکی روون و ئاشکرادا، هەندێ لە قۆناغەکانی ئەم پرۆسەیەدا پێویستی بەڕاوێژی بە کۆمەڵە ،لە ناو دەزگای نوسیندا کە بۆ نمونە کۆکردنەوەی زانیاری گشتی ، دیاریکردنی بابەت و مەبەست و نەخشەی بەلگەوە (هەرێ) کردن تسمیم دەگرێتەوە. لە کاتێکدا رۆژمامەنووس خۆی لەبەردەم بارودۆخێکدا دەبینێتەوە کە ناتوانێت بەتەنها چارەسەری بکات، تەنانەت دوای بە فیڕۆدانی کاتێکی زۆریش لەکاتیدا کە راێژی بەکۆمەڵ دەرەقەتی چارەکردنی ئەوکێشانە بە خێرایی دێت. هەر لەم بوارەدا بیرۆکەیەکی تر دەردەکەوێت ئەویش لە هەموو بەرهەمێکدا رۆژنامەنووس پشت بە بیرۆکەیەکی رۆژنامەوانی دەبەستێ. سەرەڕای ئەوە ئەم بیرۆکەیە ناکرێت لە (هیچ) هەلقوڵێ چونکە لە چوار چێوەیی پرۆسەی پێگەشتنی هەمیشەیی رۆژنامەنووس لەگەڵ دەووروبەرەکەیدا پەرە دەسێنێ لەبەر ئەو هۆیە دەبێت لەو نمونانەدا چنینەوەی گشتی زانیارییەکان وەك پێویست لە بەرچاو بگیرێ و نابێ ئەو رەگەزانەش لە بیر بکرێت کە رواڵەتدا بەلگەنەویستن.

ا- چنینەوەی زانیاری گشتی

1- چاودێری کردنی یاساکانی حکومەت و بڕیاری دەزگا سیاسیەکان

2- لێکۆڵینەوەی باری ئایدۆلۆژی خوێنەر

ب- هەڵبژاردنی بابەت و دیاریکردنی مەبەستی تایبەتی.

1- هەڵبژاردنی بابەت.

2- دیاریکردنی ئەو بریارانەی کە پەیوەستن بە بابەتەکەوە.

3- دیاریکردنی مەبەستی تایبەتی رۆژنامەنوس.

ج- دانانی پلان

1- دانانی پلانی بەڵگە

2- دانانی پلانی چنینەوەی تایبەتی زانیاری

و- چینینەوەی تایبەتی زانیاری

1- پێگەیشتنی راستەو خۆ لەگەڵ واقع دا

پێگەیشتنی ناڕاستەو خۆ لەگەڵ واقع دا

هـ- هەرێ کردن تسمیم

1- هەڵبژاردنی جۆری رۆژنامەنووسی

2- ئامادەکردنی خەرێ کردن

و- پێکهاتەی رۆژنامە نووسی

1-داراشتنی زمانەوانی

2- بژاردنی بەرهەمی رۆژنامەوانی

بەدەستکاری لە کتیبی

(الصحافة والنسريية وامارسة) وەرگیراوە.



# ماركێتی فرۆشتنی رۆژنامە

بواری رۆژنامە نووسی تادیَت بەرەو فراوانبوون دەچێت، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کەبەهۆی بوونی بەشێکی تایبەت بەراگەیاندن لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتەکانی زانکۆی سلێمانی و کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحە الدین , بوونی هەمان بەش لە هەردوو پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی و هەولێر، خواست و ویستی زۆرێك لەو لاوانەی کە لەکەناڵەکانی راگەیاندن کاردەکەن وبەرێوە چوونی چەندین خولی جۆراوجۆری راگەیاندن لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان. وای کردووە کە رۆژنامەو گۆڤارێکی فرەمان هەبێت. هەرچەند بوونی ئەو هەموو رۆژنامەو گۆڤارانە بەشی هەرەزۆریان تەمەنیان کورتەو بۆماوەیەك بەردەوام دەبن و دواتر بەهۆی بوونی چەندین گرفتی مادی وتەکنیکی و ناشارەزایی لە بوارەکە هۆکاری پەك کەوتنی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەیە کەلە پرێکدانامێنن. هۆکارێکی تر کە پیم وایە سەرەکی ترین هۆکارە نەبوونی خوێنەری رۆژنامە و گۆڤارەکان بەهۆی کەمی و نەبوونی خوێنەر رۆژنامەو گۆڤارەکان ناچار دەبن کە تیراژێکی زۆر کەمیان

لێ چاپ بکرێ چونکە چاپ کردنیان لەروی مادیەوە زەرەرمەند دەبن و نافرۆشن لەبازار ناچار پاشماوەی نەفرۆشاوەکان بۆ خەزێنەی رۆژنامەکە دەگەرێتەوە ئەرشیف دەکرێن, زۆرێك لە رۆژنامەکان دوای ئەوەی ژمارەی تازەی دەرچوو و کۆنەکەی گەراندەوە ئەنجا ژمارەکۆنەکە بەدیاری بۆ هەندی شوێن ئەنێرێن. نەفرۆشانی رۆژنامەو گۆڤارەکان ستاڤ کار بی ئومید دەکات و ئەوگیانە لە خۆبردوەی جارانی نامینێتبۆیە تاقەتی لێ ی ئەچێ. ئیتر پرۆژەکە دەوەستنی هەندێ لە رۆژنامە و گۆڤارەکان هەن مەبەستیانە کە رۆژنامە یان گۆڤارەدەربکەن هەر بۆ ئەوەی بلین هەیە. بۆ خوێنەر کارەکە ناکەن و بەهیچ شێوەیەك ویستی خوێنەر لەبەر چاو ناگرێ، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە کە ئایە لەم کاتەدا ئەو هەموو گۆڤارو رۆژنامەنمان پێویستە کەتەنها لە سنوری پارێزگای سلیمانی بەپی ئامارێکی لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان (145 )رۆژنامەو هەفتە نامە هەیەوە (147)گۆڤار لە سنوری چالاکی دا هەیە. دیارە ئەم رێژەیە تەنها ئەوانن کەبەشێوەیەکی فەرمی مۆڵەتیان وەرگرتووە جگە لە چەندین تر کەمۆلەتی رسمیان نی یەو ئەو بڵاوکراوانەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن بەبێ مۆڵەت دەردەچن. بوونیان باشترە لەنەبوونیان بەڵام. ئەرکی سەرەکی هەموو ئەمانە پەیداکردنی خوێنەرە بۆ خۆیان ئەگەر خوێنەریان زۆر بوو



ئەوەبەدڵنیایەوە ئەورۆژنامە و گۆڤارە بەردەوام دەبێت کاری جوانتر بۆ خوێنەرانی دەکەن. هۆکارێکی گرنگ بۆ سەرکەوتنی هەر رۆژنامەیەك، دابەش کردنە, واتە بە ئاسانی گەیشتن بەدەستی خوێنەر، ئێستا لەناوشاری سلێمانی رۆژنامە تەنها لە بازارەکان دەفرۆشین ئەویش شوێنێکی دیاری کراوەو لەناو چەقی بازنەی بازاڕە ،ئەگەر کەسێك لەگەرەکێکی وەك سەرچنار ئارەزوی خوێندنەوەی رۆژنامەبکات. دەبێت بچی بۆ بازاڕو رێگایەکی دوور ببڕی بەڵام ئەگەر لە هەندی دوکانی ناوبازاری سەرچنار یان دوکانی لا کۆڵانەکانی تر رۆژنامە هەبێت ئەگەر بەپارەش نەبێت لە دوکانەکان دابنن. ئەتوانێ خوێنەر لەو دەڤەرە دروست بکات بۆ رۆژنامەکە .

نمونە خاوەنی دوکانێك کورێکی گەنجە ئەگەر رۆژنامەی لابێت لەکاتی بێزاری بەناچاری رۆژنامەکە ئەخوێنێتەوە بەتایبەتی ئەگەر بابەتەکانی سەرنج راکێش بن تەنها جارێك دوجار بیخوێنێتەوە ئەوا بەدڵنیایەوە ئەبێتە خوێنەر، دواتر یش هاوڕێکانی چاولەو دەکەن، یان بابەتێك زۆر سەرنجی راکێشاوە بەهاورێکەی دەڵێ ئەم بابەتە بخووێنەوە ئەویش بەیەکێکی تر بەیەکێکی تر ئەو خوێنەرێکی زۆر پەیدادەبێت. لەماڵەو ئارەزوی خوێندنەوەی رۆژنامە بکەین ئەگەرلەگەرەکان هەبێت بەئاسانی ئەتوانی دەستمان کەوێت. لە هەر فرۆشیارێك (15-10) خوێنەری بەردەوام هەبێت، بەدڵنیایەوە

ڕێژەی ڕۆژ دوای ڕۆژ زیاتر دەبێت کێڕڤی خوێنەر زیاتر هەڵدەکێشێ.ڕۆژنامە زیاتر ڕەواجی دەبێت وتیراژی زیاتر دەبێت, تاوای لێ دێت دەبێتە پرۆژەیەکی بازگانی. دەوڵەمەندەکان هاندەدات کە ڕۆژنامەنووسان و شارەزایانی بواری ڕاگەیاندن لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە بۆ کردنەوەی کەناڵی ڕاگەیاندن تا لەڕێگەی ڕ اگەیاندن ریکلام بۆ کالاکانیان بکەن. ئەگەر خوێنەر زۆر بوو زیاتر ئاشنایەتی لە نیوان خەڵك وکالاو بازار پەیدادەبێت. ئەمەش هۆکارێکی بەهێزە بۆ گەشەسەندی بواری ئابوری لەدوولات و بوژانەوەی هەموو ئەو کەرتەتایبە تیانەی کەلە بوارەجیاجیاکانی بازرگانی سامانەکانیان خستۆتە کار. لەهەمان کاتیش هاندانیشە بۆ بەرهەم هێنانی خۆماڵی دابەزاندنی نرخی کاڵاکانی لەدەرەوە بۆمان دێت.ئەگەر ببێتە نەریت ,ڕۆژنامەکان بەتایبەتی ئەوانەی کە ڕۆژانە دەردەچن لەڕێگەی دابەش کردنی خۆیانەوە بەیانیان زوو ڕۆژنامە لەماڵەکان لەگەڵ نانی گەرمی بەیانی بخوێنرێتەوە،سەرکەوتنی گەورە بەدەست دەهێنن ئەو ڕۆژنامانەی ئەم شێوازە دەکەنە بەرنامەکاری خۆیان ڕەنگە هەندێ لەسەر نوسەر و ستافی ڕۆژنامەکان بڵێین ئەمەکارێکی ئەستەمەوناکرێت, هەمووشتێك لەسەرەتاوە قورسە بەڵام بەردەوام بوون و کارکردن لەسەر ئەم شێوازە هەم خوێنەر ڕادەهێنێ هەمیش جیگای ڕۆژنامە زیاتر لە نیو خەڵك دەکاتەوە.ئەگەر لە هەموو ئەو



سوپەرمارکێتانەی کەلەشارداهەن ڕۆژنامەو گۆڤاریش وەك کاڵاکانی تر هەبێت کارێکی جوانەو ڕێگەی چەندین خوێنەری ڕۆژنامە کورت دەکاتەوە، لەجیاتی ئەوەی بچین بۆ بازار بۆ دەست کەوتنی ڕۆژنامە ,لە سوپەرمارکێتەکان هەبێت خزمەت کردنێکی زۆرە ، بەدڵنیایەوەش ئەوکەسانەی کە هامشویی ئەم شوێنانە دەکەن خەڵکانێکی ڕۆشنبیرن ڕۆژنامە بازاری دەبێت خزمەتێکی زۆریش بەبواری ڕۆشنبیری دەکەن. پێشنیار بۆ هەموو سوپەرمارکێتەکان دەکەم کە لەنیوبەشەکانی سوپەرمارکێت کتێبخانەی یەکی بچوك بکەنەوە بۆ دەست کەوتنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان داوا لە وەزارەتی ڕۆشنبیریش دەکەم کە هاوکاریان بکات و کار ئاسانیان بۆ بکات بۆ ئەم کارە پیرۆزەیان.

# سۆشیال میدیا

رۆژنامە نووسی سۆشیال یان هاوڵاتیان (citizenjournalism) جۆرێکی تازەی بواری راگەیاندنە, تەریب لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم گرنگی زۆری لە وولاتانی پێشکەوتوو پێدراوە، بەهۆی ئەکتیف بوونی و دەستکەوتنی هەواڵی گەرم و گوڕ لەلایەن دەزگاکانی راگەیاندنی دونیا بە تایبەتی ئاژانسە بەناوبانگەکان گرنگی ئێکجار زۆری پێدراوە.

کارکردن لەم جۆرە رۆژنامەنووسیە لە هەر کوێ هاوڵاتی هەبێت, ئەتوانی رۆڵی تیدابیبنێ گەلێ جار ئەو هاوڵاتییەی کە ئەوکارە دەکات خۆی نازانی کە ئەوەی کردویەتی چەند گرنگ و پربایەخە. ئەو هاوڵاتیانەی کەرەستەی وەك کامێرای ڤیدیۆی ماڵ و فۆتۆگرف یان مۆبایلی کامیرا بەکار دەهێنن بۆ وێنە گرتنی روداوێك کەلە ناکاو ڕوو ئەدات .ئەو کاتە هیچ رۆژنامەوانێك یان وێنە گرێکی پرۆفشناڵ لەو شوێنە نیە ,روداوەکە لە ناکاو رووئەدات. ئەو کەسانە هەر بۆ خۆشی روداوەکە وێنە دەگرن و دواتر بەرۆژنامەکان و گۆڤارەکان ئەیفرۆشنەوە، زۆرجار بەهۆی ئەو گرتەیە یە رۆژنامەکە فرۆشی



زیاتر هەڵدەکێشی و لە رۆژێك چەند جارێك لەچاپ ئەدرێتەوە بەهۆی زیندوی هەواڵەکەو کاریگەری وێنەکە لە لەنیو جەرگەی روداوەکان لەلایەن هاوڵاتیان گیراوە. هەندێ جاریش هاوڵاتیان وێنەی بە خۆاڕیی ئەبەخشنە رۆژنامە و گۆڤارەکان تەنانەت کەناڵەکانی TV و سایتەکانی ئەنترنێت بەتایبەتی ئەو روداوانەی پەیوەندیان بە ژیانی خەڵك هەیە و مەترسی شێواندنی ئاسایشی هاوڵاتیانی هەیە . ئەم کارانەی هاولاتیان زۆرجار کێشە بۆ دەزگاکانی راگەیاندن دروست دەکەن لەبەر ئەوەی ئەو وێنە و فلمانەی کە گیراون بە شێوەیەکی سادە گیراون یان تومارکراون. بەشێوەیەکی پرۆفشناڵ و ستاندارده واتە کارەکانیان جوان نیە بەڵام لەبەر ئەوەی خودی رووداوەکە گرنگە و زیندوو گرنگی زۆری لە بواری رۆژنامە نووسی هەیە بۆیە ناچار دەبن کە بەهەرشێوەیەك بێت وێنەکان یان گرتەی فلمە ڤیدیۆکان بڵاوبکەنەوە, زۆرێك لەو هاوڵاتیانەی کەوێنە و گرتە گرنگە کان دەگرن بە نرخێکی زۆر بە دەزگاکانی راگەیاندن دەفرۆشنەوە. بۆ نموونە چەند هاوڵاتێك لەکاتی هێرشە تیرۆرستەکانی سەر میترۆکانی لەندەن لە مانگی تەموزی (2005 ) کە رزگاریان بوو لەو هێرشە بەکامیرای مۆبایلەکانیان چەند وێنەیەکی تیرۆریستەکان و ساتەکانی رووداوەکەیان گرتبوکەلەوکاتە هیچ رۆژنامە نووسێك و وێنەگرێك لە شوێنی رووداوەکە ئامادە نە

بوون. هاوڵاتیان بەو ئەرکە هەڵسان و رۆڵی رۆژنامەنووسانیان بینی. بەنرخێکی زۆر وێنەو گرتەی روداوکانیان بەکەناڵەکانی راگەیاندن فرۆشتەوە و پۆلسی ئەو وڵاتەش لەرێگەی ئەم گرتانەو ئەو کامێرا نەی کە بۆ چاودێری کە دانراو بوون توانیان ئەنجامدانی کارە تیرۆرستیەکە بدۆزنەوە ئەمە نمونەیەك بوو بەڵام رۆژانە هەزاران گرتەی لەم شێوانە دەست کەناڵەکانی راگەیاندن دەکەون ئەو کەناڵە راگەیاندنانەی کە زۆر گرنگی بەم بوارە ئەدەن ,سایتەکانی ئەنترنیتن ,چونکە گواستنەوەی وێنەی لەم چەشنە زۆر ئاسان ترەو ئەتوانرێت هەواڵەکە بەشێوەی نوسراو بینراو بڵاوبکاتەوە. لەهەمان کات دەزگاکانی ئاسایش لە وولاتانی رۆژ ئاوا زۆرگرنگی بەم جۆرەی رۆژنامە نووسیە ئەدەن و پەیوەندییێکی پتەو بەهۆی کاری رۆژنامە نووسی هاوڵاتیان لە نیوانیان دروست دەبی. لە کوردستانیش چەندین دیمەنی لەوجۆرە رۆژانە تۆماردەکرێ بەڵام کەناڵە راگەیاندنەکانی خۆمان بە هەندی هەڵناگرن. نمونە لەکاتی سەیرانی هاوڵاتیان بۆ هاوینە هەوارەکان و رودانی رووداوی دڵتەزین زۆرێك لە هاوڵاتیان بە مۆبالیەکانیان وێنەی دەگرن ,خنکانی هاوڵاتیك لە ئاوی دوکان، یان روداوی ئوتۆموبێڵ و دەستدرێژی خەلکانی خەیال بۆ سەر هاوڵاتیان و شیواندنی دیمەنە جوانەکانی هاوینە هەوارەکان و روداوی بەیەکدادانی ئۆتۆمبیل و لە شوێنە دورەدەستەکان بەکامێرای



ڤیدیوی یان مۆبایلەکانی هاوڵاتیان دەگیرن بەڵام بەداخەوە هەر بۆ خۆیان هەلیدەگرن و زۆرجاش بەهەندی هەلناگرن و دەی سڕنەوە. ئەگەر کەناڵەکانی راگەیاندن ئەو گرتانە بڵاو بکەنەوە بۆ هاوڵاتیان ئەوا ئەوکەسانەی ئەو گرتانە دەگرن زیاتر هاندەدرێن بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەسەر ئەم کارە.

لە ئەوروپا وڵاتانی تری رۆژئاوا بەتایبەتی لە وڵاتەیەکگرتوەکانی ئەمریکا گرنگی فرەی پێئەدرێ. ئەو هاوڵاتیانەی وێنەی رووداوەکانی لە ناکاو دەگرن لە زۆر لە دەزگا راگەیاندنە سەرەکیەکانی ئەمریکابڵاودەکرێنەوە.

شارەزایانی راگەیاندن پێیان وایە بەکارهێنانی بەرهەمی سادەی هاوڵاتیان لە دەزگاکانی راگەیاندن سود وەرگرتنێکە لە توانست و سەلیقە نادیارەکانی هاوڵاتی کەلەسات و شوێنێکی لە ناکاو وێنەی روداوێکی لەناکاو بگرن بەبێ ئەوەی کەس داوای لێ لێ کردبێت.

هەلگرتنی کامیرا سودێکی زۆری هەیە چونکە لە کاتی رودانی هەر روداوێك تۆمار کردنی چرکەیەکە لە مێژوو کە جارێکی تر دوبارە نابێتەوە .

# زاڵبونی شێوازی ئێران
# بە سەررۆژنامە کوردییەکانی باشوور

ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ بینینی ئەرشیفی رۆژنامە وگۆڤارەکانی دوای راپەڕینی کوردستانی باشوور , پازدەساڵ بەر لە ئێستا,ساڵ دوای ساڵ سەیری بڵاوکراوە وگۆڤار و رۆژنامەکانی ئەم دەڤەرە بکەین زۆر بە ئاشکرا درك بەوە دەکەین رۆژ دوای رۆژ وساڵ دوای ساڵ گۆڤار ورۆژنامەکان گۆرانکاری بنەڕەتیان بەسەرداهاتووە لە شێوەو ناوەڕۆك و داڕشتنی بابەت وهەواڵ هتد, ئەم گۆڕانەش لەگەڵ بەرو پێش چوونی تەکنەلۆژیای نوێ وبڵاوبونەوەی خێرای ئینترنێت و کرانەوەی بیر وداهێنانی کادر ورۆژنامەنوسەکانی بواری راگەیاندنە کەمایی شادبوونە.لە ماوەی کارکردن هەریەکێك لە دامەزراوەکانی راگەیاندن , ستایلێکی تایبەت بە کاروچالاکیەکانی بۆ خۆی چی کردووە, بەم ستایلە بابەتە وچاپکراوەکانی دەناسرێنەوەبەتایبەتی شێوەی چاپ ونەخشەسازی کە رۆڵێکی زۆری هەیە بۆ گرتنە بەری رێگایەکی تایبەت بۆ کارکردن چونکە بواری رۆژنامەوانی پێش هەموو شتێك زانستە, زانستێکی تێکەلاوبە هونەروتەکنیك بۆ وەلام



دانەوەی نیازەکانی سەردەم. (کوردستان نوێ ) لەماوەی پازدەساڵی کارکردنیدا لە شێوە وناوەرۆکەوە ستایلێکی تایبەت بەخۆی هەیە خوێنەر ئەگەر لۆگۆیەکەشی نەبێت لە شێوەی هێڵکاری ونەخشەسازی دەناسرێتەوە کە زۆرێك لە رۆژنامەوگۆڤارەکانی کوردستان لەم چەشنەن, ئەوەی مەبەستمە بیڵێم باس کردنە لەسەر نەخشەسازی و وەرگرتنی ڕێڕە وستایلی تایبەت , هەموو ئەو بڵاوکراوانەی لە کوردستان دەرچوون ودەردچن هەر یەکە وبەشێوازێك دەناسرێنەوە ئەگەر بڵاوکراوەیەك لە شاروچکەیەك یان کوێرە دێیەك دەربچێت شێوە وفۆرمی تایبەتی خۆی وەرگرتووە, هەر چەندە لەسەرەتای کاری رۆژناموسی دوای راپەرین کاریگەری رۆژنامەکانی رژێمی بەعسیان لەسەربووە ئەوەش بۆ ئەو هۆکارە دەگەرێتەوە کە کارمەند وکادرە بنەڕەتیەکانی کە کاریان لە دەزگا رۆژنامەنوسییەکان دەکرد لە رۆژنامە وگۆڤارەکانی ئەو سەردەمە کاریان کردبو یان خوێنەری بەردەوامی ئەو رۆژنامە وگۆڤارانە بون ,بەڵام دوای دابڕانی کوردسستان لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی رژێم تا روخاندنی, ئەو پەیوەندیەی نێوان نوسەران ورۆشنبیرانی کوردستان پچڕا , رۆژنامەکانی سەردەمی ئازادیی شێوە وفۆرمێکی تایبەتیان وەرگرت وکادری رۆژنامەنووسی سەردەمی نوێ هاتنە مەیدانی کارکردن, بڵاوکراوەکانی کوردستان تەواو جیاوازیان هەبوو لەگەڵ

رۆژنامە وبڵاوکراوەکانی رژێم لە هەموولایەکەوە, شێواز وفۆرمی نەخشەسازی وکارکردن, رۆژنامە وبڵاوکراوەکان بونە خاوەنی فۆرم وشێوازی تایبەت ,بەڵام ماوەی دووسێ ساڵێکە بەتایبەتی ئەم ساڵ رۆژنامە وگۆڤارەکان توشی پەتایەکی تەقلید بوون, کە هەندێ لە رۆشنبیران وشارەزایانی بواری کۆمپیوتەر ونەخشەسازی لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتونەتە شارەکانی هەولێر وسلێمانی وکاری نەخشەسازی دەکەن, کەشێوەی خەتی فارسی ونەخشەسازی فارسی زاڵە لە کارکردنیان تەواوی شێوازی کارکردنی ئێران بە سەر رۆژنامە وگۆڤارەکان وکتێب وبڵاوکراوەکانی کوردستان دەسەپێنن .ئەگەر سەیری هەندێ لە رۆژنامە وگۆڤارەکان بکەین لە دوورەوە ,وا دەزانین رۆژنامەیەکی فارسی دەبینین , یەکسەر ئەوانەی کە رۆژنامە وگۆڤارەکانی ئێرانیان بینی بێت, ئەوانەیان بیر دەکەوێتەوە, هەموو ئەوبڵاوکراوە ورۆژنامانە شێوەکانیان, نەخشەسازی ئێرانیان بەسەردازاڵە ,ئەوستایل وفۆڕمەی کە ماوەی چواردە ساڵە کاریی لەسەری دەکەن و پێی راهاتون بەلاوە دەنێن, جاریکی تر دەگەڕێنەوە سەر شێوازە تەقلیدە باوەکانی ئێران ,باس لەوە ناکەین کە جوانکاری وپێشکەوتن لە شێوە ونەخشەسازییاندا نەکرێ. بەڵام بۆچی بەکارهێنانی فۆنتی فارسی , لەکاتێك دا چەندین فۆنتی جوانی کوردی هەیە کە مۆرکی تەواوی کوردیان پێوە دیارە.



دەزگاکانی ئێمە وا راهتوون کە هەر شتێك لە دەرەوەبوو بەتازەی دەزانن وهەرچەندە کۆنیش بێت رابردووی خۆیان لە بیردەکەن. کە بونەتە خاوەنی فۆرمێکی تایبەت بە کارکردنی رۆژنامەنووسی خۆمان سەرەڕای ئەوەش ئەو پارەی کە بۆ ئەوان سەرف دەکرێ بە چارەکی ئەوان بۆ نەخشەسازی وشارەزایانی ئێمە سەرف ناکرێ, ئەم نەخۆشیەکە من بەنەخۆشی دەزانم وبەئەنفالێکی تری بواری رۆژنامەنووسی دەزانم کە ئەو هاورێیانەی لەو دیو هاتوون دەیانەوێت شێوە وکلتوری فارسی لە نێو رۆژنامە وبڵاوکراوەکانمان بڵاوبکەنەوە... لەگەڵ رێزم بۆ ئەوانەی کە لە ودیو هاتوون هەمیشە شێواز وکارکردنی ئێیرە لە بەرچاو دەگرن, شێوازی کارکردنی فارسی زاڵ ناکەن بەسەر شێوازی کارکردنی ئەم دەڤەرەکە رێچکەیەکی تایبەتیان وەرگرتووە.

# رۆژنامە خوێندنەوە

هەموو رۆژی رۆژنامە هاوریێ بەردەوامە، لەهەر کوێ چاوم بکەوێتە سەر رۆژنامەیەك ,ئارەزوو دەکەم لێ نزیك ببمەوە چاوێکی خێرایی پێدا بخشێنم  ئەگەر رۆژنامەکە بابەتێکی سەرنج راکێشی تێدا بێ، ئەوا هەوڵ ئەدەم وا لە بەرامبەرەکەم بگەیێنم کە ئەو رۆژنامەیە پێویستمەو وەدەمەوێ بیخوێنمەوە. جاری وا هەیە پێێ دەڵێم کە رۆژنامەکە ئەبەم ئەیخوێنمەوە دوای دەیهێنەوە. بەوە باوەر مەکە ئەگەر رۆژنامەیەك و برا جارێکی تر بگەرێتەوە، چارەنووسی یان هەلگرتن لەگونیەو ئەرشیف یان سفرەی نان خواردن و یان لەناو سەلاجەکاندا دادەنرێت بۆ ئەوەی ناوەوەی پیس نەبێ.

خوێنەری واش هەیە, هەرحەز دەکا رۆژنامە بە دەستەوە بگرێ بۆ ئەوەی وا لەبەرامبەرەکەی بگەیەنێت کە خوێنەری رۆژنامەیە. بەڵام لەراستیدا وانییە. رەنگە زۆر خۆی بە خوێنەر بزانێت  تەنها سەردێری مانشێتەکان دەخوێنێتەو زۆر بە پەڵە. خوێنەری واش هەیە هەر لەسەرەتاوە تاکو کۆتایی ئەیخوێنێتەوە. بەڵام ئەمانە خوێنەر نین بەڵکو ئەوانەی وا دەخوێننەوە یان پاسەوانی ماڵە مەسئول و یان شوێنە کانی تر لە بێکاری دەیخوێینەوە. بیستوومە لەبەندینخانەکان رۆژنامە باش دەخوێندرێتەوە چونکە بێکارو کاسب



و لەچوار دیواری بەندینخانەدا رۆژنامە دەکەنە هاورێیان بۆ ئەوەی ئاگاداری دەرەوە بن.

هەندێ لەپیاوە بە تەمەنەکانیش, ئەگەر رۆژنامەی بەلاشیان دەست کەوێ دەخوێننەوە هەر چەندە خوێندنەوە بۆ ئەوان لەچاو کەسی ئاسایی تۆزێ قورسە, هەندێکیشیان گلەیی ئەوە دەکەن کە  فۆنتی رۆژنامەکان زۆر بچووکە بە ئاسانی ناخوێنرێتەوە. رەنگە زۆرێك لەرۆژنامەنووسانی سلێمانی دیمەنی ئەو پیاوە بە تەمەنەیان بیننێت لەبەرامبەر چاپخانەی  (شەعب )کە رۆژانە رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە سەرەڕای ئەوەی چاویلکەیەکی شاشە ئەستوری لەچاودایە, دەسکی زەرەبینکی پێیەو لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەکان رادەگرێ و بابەتەکانی رۆژنامەکان دەخوێنێتەوە زۆر جار سەرنجم رادەکێشێ و حەز دەکەم لەبەرامبەری بوەستم سەیری بکەم.

رۆژێك خۆم بۆ نەگیراو لێ نزیك بوومەوە هەستی کرد دەمەوێ شتێك بڵێم بۆیە زەرەبینەکەی هێنایە خوارەوە لێم پرسی، ئەو شێوە خوێندنەوە چاوەکانت ئەزیت نادات؟ بە خەندەیەکەوە وەك بڵێ گاڵتەیی لە گەڵ دەکەم ووتی : ئەی چۆن دە وەرە بزانە دوو دێرت بۆ دوخوێنرێتەوە, گلەیی ئەوەی کرد کە فۆنتی هەندێ لەرۆژنامەکان زۆر وردە ئەو هەرنایان خوێنێتەوە.

وەزیرەکان هەموو رۆژی کۆڵێ رۆژنامەیان بۆ دێت بەڵام باوەڕ مەکە دوو بابەت بخوێننەوە، مەگەر ئەو بابەتانە کە تایبەتن بە وەزارەتەکەی ، ئەویش تاقەتی نییە هەمووی بخوێنێتەوە، سکرتێرەکەی یان ئەو کەسەی کاری راگەیاندن دەکات بە قەڵەمێکی سور هێڵ بە ژێر ئەو بابەتانە دەکێشن کە پەیوەندی بە خودی وەزیرەکەوە هەیە. بەپێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی تری دونیا ئێمە خوێنەرمان زۆرکەمە بەڵام نووسەرمان زۆرە. ئەوانەی لەدەرەوە دەگەرێنەوە دەڵێن زۆرترین خوێندنەوەی رۆژنامەلە ئەڵمانیایە. لەهەر شوێنێك کەسێك ئەبینی رۆژنامەییەکی بە دەستەوەیەوە لەناوپاس، لە چایخانە، لەپشووی سەرکار لەهەموو جێگایەك . بەڵام بلای ئێمە پێچەوانەیە رەنگە خوێنەری ئێمەش ناحەقیان نەبێت . چونکە بابەتی رۆژنامەکانمان خوێنەر بێزار دەکات. بابەتی سەرنج راکێش تەنزئامز کەمە و هەموو نووسین و هەواڵ ریپورتاژ و تەنانەت هەڵەکانی چاپیش لەیەکتر دەچن. ئێوارەیەك لە ماڵەوە بابەتێکم دەخوێندەوە. دایکم لێم نزیك بووەوە لەسەر کورسیەکە ی تەنیشتم دانیشت، منیش دەنگم بەرزکردەوە بۆ ئەوەی گوێی لێ بێت. دوای ئەوەی بابەتەکەم خوێندەوە ویستم رای دایکم بزانم. پرسیم بابەتێکی چۆن بوو؟ بە رامانێکەوە.... تو خوا رۆڵە. خۆت بۆ بەم شتە سەیریانە خەریك دەکەی گوێ لەهەقایەتە کۆنەکانی من بگری باشتر نیە ؟



# رەش نامەنووس
# یان رۆژنامەنووس

شەپۆڵەکانی دەرچوونی رۆژنامەو گۆڤارەکان رۆژ بەرۆژ لە زیاد بوون دان و بەرەو کەنار هەنگاو ئەهاوێژێ، هەریەکە و بەشێوەو تایبەتمەندی خۆیان و بەپێ شارەزای ئەو کارمەندانە بەرنامەی کاری خۆیان ئاراستە دەکەن، رۆژانە لێرەولەوی چەندین ناونیشانی تازەی گۆڤارو رۆژنامەو بلاوکراوەدەبین لەسەر شەقام و چایخانەو بارەگاکان و ژووری بەرپرسان، جێگا گشتیی یەکان ئەمە کارێکی یاسایی و ئاساییە، چونکە هەریەکێك لەم بڵاوکراوانە دیدوبۆچوونی چەندکەسێکن لە نیو ئەم روپەرە. ئەم ئەوانی تر بە ئازادی دەینوسن و دەیخوێنەوە.

ئەمە کارێکی ئاسایی چونکە فراوان بوون و کرانەوەی کوردەواریە، لە هەموو روێکەوەوە، بەتایبەتی قسەکردن لەسەرکێشە هەنوکەیەکانی نیو خێزان و کۆمەڵ ولایەناکانی تری ژیانی هاوجەرخ .

بۆخستنە ڕووی هەموو ئەو خواستانەی کە لە ناخی تاکەکانی کۆمەڵ پەنگیان خواردۆتەوە , دەربڕین لەرێگەی بڵاوکراوەو رۆژنامەکان

باشترین و ئاسانترین ڕێگاییە، هەرچەند ئەو ڕۆژنامەو بڵاوکراوانە لابەلا بڵاودەبنەوە ئەوەندە ڕێ‌ ناکەن وتەمەن و هەنگاوەکانیا کورت دەهێنێ. خستنە رووی ئەوکێشەو گرفتانەو ، مەودایەکی کورتی دەوروبەریان دەگرێتەوە، بەڵام لەوەباشترە کەنەوترێ و لەناخی تاکەکانی نیو وکۆمەڵ بەنگ بخواتەوە.

دەرچوونی لێشاوی بڵاوکراوە ڕۆژنامەکان سیمایەکی جوان ئەدات بە شەقامەکان بەتایبەتی ئەو شوێنە سەرەکیانەی کەرۆژنامەکانی لێ‌ دەفرۆشی. لەهەمان کات دا هۆیەکێشە بۆ کوبونەوە و قەرەباڵغی دروست کردن. ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانی سەر شەقام چاومان دەچێتە سەر چەندین بابەتی سەرنج ڕاکێش و بەسودو و بێتام و بێکەڵك کەشایەنی ئەوەنین لاپەرەی ڕۆژنامەکان پێ‌ داپۆشن، هەڵبەتە ئەو بابەتانەی دووبارە چەند بارە بوونەتەوە.

ئەوەی مەبەستم باسکردنە لەو هەموو ئەو بابەتەناشیاوانەی کەتەنها لاپەرە کان پێ‌ پڕدەکەنەوە. هەموو ئەو بابەتانە لەرووی هونەری ڕۆژنامەنووسی زۆر لاوازن و شیوازی دووبارە بونەوەی زۆر تیدا رەنگی داوەتەوە زۆریان لەیەکتری دەچن هەندێ‌ بابەت لەچەند ڕۆژنامە دووبارە ئەبنەوە، ئەوەش بۆ نەخوێنەوەی ستاڤ ڕۆژنامەو بڵاوکراونەوە دەگەرێتەوە. ڕەنگە هەبێ‌ لەرێگەی ئەو بڵاوکراوە بێتامانە بازرگانێکی باش بێت و داهاتێکی باشی دەست کەوێ‌ و



بەلایەوەگرنگ نی یە تا چەند ئەتوانی پەیامەکانی خۆی بگەێنی. ئەوەی بەلایەوە گرنگە و تەرکیزی لەسەردەکا، ئەوەیە کە چۆن بتوانی لاپەرەکان پڕبکاتەوە، وەك ئەو خوێندکارە تەمەڵەی کەلە کاتی تاقی کردنەوە هەموو دەفتەرەکەی بەشتی هیچ رەش بکاتەوەوە بۆ ئەوەی والە دەوروبەری خۆی بگەینی کە زانستی وشتی تازەی پێ‌ یە. بێ‌ ئەوەی ئەومەبەستەی هەیەتی بتوانی بیپێکی گرنگیش نییە بەلایەوە چی نووسیوە. بۆیە هەرەزۆری ئەو ڕۆژنامەو بلاوکراوانە شەپۆڵەکانیان بەروکەنارێکی نادیار دەروات دڵنیام هیچ ئامانجێك ناپێکن جگە لەبەهەدەر دانی پارەیەکی زۆر ئەمەش دەچێتە خانەی گەندەلییەوە و ئەو هەموو بلاوکراوە بەناو ڕۆژنامە و هەر مایە پوچ دەبن ناتوانن پەیامەراستە ڤینەکەی خۆیان بگەیێنن کە گەیاندنی زانیاری و هەوڵی تازەییە بۆ وەرگر. بۆیە هەرکەسێکتان بینی جانتایەکی بەشانەوە بوو وامەزانن ڕۆژنامەنووسە, ڕەنگە رەش نامە نووس بێ‌.

# زمانی حزب
# لەکەناڵەکانی راگەیاندندا

راگەیاندن ورۆژنامەوانی کوردی لەسەرەتا تاهەنوکە بەچەندین قۆناغی دژواردا تێپەریوە,چەندین کێشەی جیای هاتووتە رێگا,بەڵام توانای رۆژنامەنووسان وشەیدایانی ئەم بوارە توانراوە قۆناغە سەختەکان تێپەرینین ودرێژە بە رێڕەوی‌ووشەی جوان وپڕ لەمانا بدێت لەم گۆشەنیگاوە کێشە وگرفتەکانی رۆژیان خستۆتە روو ولەپێناو نەهێشتنی دیاردە ناشیرین وگرێیەکانی نێو جڤاکی کوردەواری، لە دوای راپەرین جەماوەری باشووری کوردستان ودروست بوونی پێگەیەکەی ئازاد لە کوردستان, هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان وخودی حکومەتی هەرێم گرنگی زۆری بە بواری راگەیاندن داوە بە تایبەتی بواری رۆژنامەنووسی, بە سەدان گۆڤار ورۆژنامە دەرچوون, هەریەکیان بەشێوازێکی جیاواز تر لەوەی تر بە تایبەتی لە رووی ناوەڕۆکەوە پێشکەوتنی ئێجگار گەورە بەخۆوەدەبینێت, بەڵام کێشەیەك کە هەر لە سەرەتای لە دایك بوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی تا ئێستاش بەردەوامە ورۆژانە ئەم



هەڵەیە لە نێو لاپەرەکانی رۆژنامەکان وبگرە لە رادیۆ وتەلەفزێۆنەکانیش چەند بارە دەبنەوە, نەبوونی زمانێکی ستانداردی کوردی کە بەیەك شێوازی نووسین لە نێو رۆژنامە و گۆڤارەکان بەدی بکرێ هەر رۆژنامەیەك وبە شێوەیەك ووتەو ماناکان , لە رووبەری رۆژنامەکان بلاودەکەنەوە, بگرە ئەوشێوازە بۆتە شێوازی حزبی, بۆ نمونە ئەگەر لە هەر کوێیەك گوێ لە راگەیاندنی پارتی, یان یەکێتی, شیوعی...هتد بگری لە شێوە وئاخافتن و وبەکارهێنانی چەندین ووشە دەزانی راگەیاندنی کامە لایەنی سیاسیە, هەندێ ووشە هەیە لە راگەیاندنی پارتی بەکار دەهێنرێت هەرگیز لە راگەیاندنی یەکێتی بەکار ناهێنن وبەپێچەوانەشەوە ,بۆیە زمانی کوردی هەتا دێت یەکترازندن دەڕوات وچەندین ووشە پارتە سیاسیەکان هێناویانەتە نێو زمانی کوردیەوە بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی زانستی وکۆری زانیاری کوردی وشارەزایان بریاریان لێدابێت,چ لە رووی دەربڕین ,چ لە رووی فۆنەتیك, هەرچەندە لە چەند رویەکەوە زمان بەرفراوانیەکی زۆری وشەی تازەی بەخۆوە بینیەوە, بەڵام ئەم بەکارهێنانە بەشێوەیەکی زانستی نیە وبەهەرەمەکی هەر لایەنە وچەند وشەی هێناوەتە نێو زمانی کوردیەوە, واتە زمانی حزب بەشێوەیەکی بەرچاو هەستی پێ دەکرێت ,ئەو هەموو فرە زمانە ونەبونی زمانێکی ستاندار چەندین

هۆكار كە وەڵامەكەی لای دەسەڵاتدارانی كوردی وشارەزایانی بواری زمانن, ئەوەی من دەمەوەی لەم نوسینە تیشكی بخەمە سەر  ماوەی دوانزە ساڵە چەندین رستەی زانستی  بواری رۆژنامەنووسی و راگەیاندن لە هەولێر و سلێمانی كراونەتەوە لەبەشی رۆژنامەنووسی سلێمانی زیاتر(500) كادری لەم بوارەدا لە ماوەی (12)ساڵدا پێگەیاندووە لەبەشی راگەیاندنی كۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سلێمانی،بەشی راگەیاندنی پەیمانگای هەولێر زیاتر لە (400)كادر پێگەیندوە ,ئەم رێژە زۆرە ئێستا لەناوەندەكانی راگەیاندندا كار دەكەن, دەبوایە كاریگەریزۆرباشیان بەسەر كاری رۆژنامەنووسیەوە هەبوایە بەتایبەت لەرووی زمان وشێوازی دارشتنی هەواڵ, بەڵام ئەو كاریگەریان نەبوو كە بتوانن گۆرانكاری لە رۆژنامە وكەناڵەكانی تری راگەیاندندا بكەن,ئەو هۆیەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوەكەلەم رشتانە گرنگی بە زمانی كوردی نەدراوە بەتایبەت لە رووی دەربرین ورێزمانیشەوە ,ئێستاش لە هەردوو بەشی رۆژنامەونووسی پەیمانگای تەكنیكی سلێمانی  وبەشی راگەیاندنی زانكۆی سلێمانی وانەی زمانی كوردی ناخوێنرێت  كە خوێندكار زۆر پێویستی پێیەتی , لەهەمان كاتدا زمانی عەرەبیش دەخوێنرێت، پێم وایە ئەوانەی بەم بەشانە دەخوێنن هێچ   سودێكی لێ وەرناگرن من خۆم یەكێك بوم لە دەرچوانی هەر دوو بەشەكە و هیچ سودێكم لەو



زمانی عەرەبی نەبینیوە ,بەڵام پێموایە ئەگەر لەساڵی ئایندەدا یان لە كۆرسی دووەمدا لەم بەشانەدا زمانی كوردی بكەنە وانەیەكی گرنگ و زۆرترین كاتی بۆ تەرخان بكرێ خوێندكاران سودێكی زۆری لێ دەبینن وەلە دوایدەرچونیشیان سودیی لی دەبین وكاریگەریشیان دەبێت لەسەردروستكردن وبوونی زمانێكی ستانداردی یەگكرتووكوردی ,ڤیتر گەرە لاوژە وهەریەكە وبە ئارەزوی خۆی وشەبۆ خۆی دابتاشێت .

# US TODAY

## ڕۆژنامەی نەتەویی

ئەمریکائەو ولأتەیەکە لە سەرەتای چەرخی نوێکاری تائەمڕۆ لە روی گرنگی زانستی رۆژنامەنوسی پانتاییەکی زۆری لە بواری راگەیاندن گرتووە، بایەخێکی زور بەم بوارە ئەدات، بۆ گەیاندنی بیرو بۆچونەکانی ، لەرێگای ڕۆژنامە و شاشە بچوکەکانی تەلە فزییۆن و رادیۆ، سایتەکانی ئەنترنێت ، چەندین رێگای تر، توانیویەتی بێتە نێومالّی هەریەکێك لە ئێمە ،کاربکاتە سەر هۆش وبیرکردنەوەی تاکەکانی وکۆمەلّ لەرۆژئاوا تا رۆژ هەلاّت , کاریگەرترین فاکتەربۆ کۆنترۆلّ کردنی گۆی زەوی .بوونی راگەیاندنێکی بەهێز وبنکە فراوانە , هەرچەند دەزگاکانی راگەیاندن لەژێر کۆنترۆلّی دام ودەزگاکانی حکومەت دا نین، کەنالّەکان کەرتی تایبەت بە ڕێوەیان دەبات، بەلاّم بەهەست کردن بەبەرپرسیارێتی تاکەکانی کۆمەلّگای ئەمریکی وبونی ئینتیمایەکی زۆر بۆ خاك ونیشتیمانەکەیان، حکومەت توانیویەتی کەنالّە کانی راگەیاندن لەچەند لایەنێکەوە سودیان لێ ببینن لەپێناو پێشکەوتن وکرانەوەی بەروی جیهاندا، بەهەزاران کەنالّی راگەیاندن لەم



وولأتەدا هەیە هەریەکەیان بەشێوەیەك پەیامی خۆیان دەگەیانن وسالأنە هەزاران لێکۆلّینەوە لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەلّگای ئەمریکی دەکرێت، لەرێگەی ئەم توێژینەوانەوە،بەرنامەیەکی درێژخایەن بۆ ژیانی نەوەکانی ئایندەی ئەم وولاتە دابنێت.

یەکێك لەو رۆژنامانەی کە پڕفرۆشترین وکاریگەرترین رۆژنامەیە لەئەمریکا، (Us today)ە کە لە ویلایەتی(فیرجینیا) دەر دەچێ، رۆژانە دوو ملیۆن وسێسەد هەزار دانەی لێدەردەچێت، کە لەهەموو ویلایەتەکانی ئەمرێکادا لەیەك کاتدا بلاّودەبێتەوە، یەکەمین رۆژنامەی ئەمریکیە کە گوزارشت لە زۆرترین هەلّوێستی هاولاّتیانی ئاسایی دەکات لەم وولاتە.

(Us today) بەرۆژنامەیەکی نەتەوەیی ناسراوە بەو واتایەی کە تەنها سەرنج ناخاتە سەرکاروباری ناوچەیەکی دیاری کراوی ئەمریکا بەلّکو بۆ هەموو ئەمریکا یەك هەلّوێست وبۆچوون دەخاتە روو.

هەموو رۆژێ بەر لەخۆر هەلاّتن ئەم رۆژنامەیە لە 43 وویلایەتی ئەمریکا، کۆلّۆمبیا وبەریتانیا وبەلجیکا وهۆنگ گۆنگ بلاّودەبێتەوە.ئەم شێوە دابەش کردنە رێك وپێکە لەیەك کاتدا بە سەرپەرشتی دامەزراوەی(جانێت) دەگەرێتەوە کە خۆی رۆژنامەکە دەردەکات ویەکێکە لە گەورەترین دامەزراوی بازرگانی ئەمریکا، بەرێوەبەرانی ئەم رۆژنامەیە چەندین گرێبەستیان لەگەلّ ئوتێل

وکۆمپانیا فرۆکەوانیەکانی ویلایەتەکانی ئەمریکا کردووە, کەلەم ناوەندانە رۆژنامەکە رۆژانە بفرۆشرێت.

لەنێو گەشتیاراندا رەواجێکی باشی هەیە , ناوبانگی باشترین رۆژنامەی گەشتیارانی بەدەست هێناوە, بەشێوەیەکی بەرفراوان لە هەر (50) ویلایەتەکانی ئەمریکا دەفرۆشرێت.

رۆژانە لاپەرەی یەکەمی(Us today) چەندین وێنەی رەنگاورەنگ ومانشێتی سەرنج راکێش لەخۆ دەگرێ, زۆر سەرنجی هاولاتیان رادەکێشێ , بەهۆی ئەوەی کە نوسەران وهەوالْ سازانی رۆژنامەکە زۆر کار ئاسانی دەکەن بۆ خوێنەران بۆ ئەوەی بە ئاسانی لە هەوالْ وبابەتەکانیان بگەن.

رۆژنامەکە تا ئێستا چەندین خەلاتی رۆژنامەنووسی بەدەست هێناوە, کۆمپانیای (جانێت)یش کە رۆژنامەکە دەردەکات تا ئێستا زیاتر لە (45) خەلاتی (بولینزر) کە گەورەترین ونایابترین خەلاتی رۆژنامەنووسی ئەمریکیەوەریگرتووە.

لەسالی( 2004) دا( 10247 ) خەلاتی پێشەیی رۆژنامەنووسی بەدەست هێناوە لە راپرسێکدا کە توێژەر (ۆول ستریت) لە سالی ( 1986 ) ئەنجامیدا دامەزراوەی (جانێت ) باشترین کۆمپانیای چاپە لە وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رووی کارگێریەوە دەرچوو.



لە گۆڤاری (بلاك ئەنتەرپرس) ئاماژە بەوەدەکات کە دامەزراوی (جانێت) یەکێکە لە باشترین (25) دامەزراوەی ئەمریکا ,کە رەش پێستەکان دەتوانن بە ئازادی کاری تێدابکەن بەبێ ئەوەی هەست بە چەوسانەوە وجیاوازی بکەن, ئەو دامەزراوە بەوە بەناوبانگە کە یارمەتی کەمینەکان دەدات و هانی ژنان دەدات بۆ کارکردن , ژنانیش لە 45٪ یان لەپۆستی بالای کارگێریدان و 25٪ کارمەندانیشی کەمینەنەتەوەکان, پێك دەهێنن, جێ ئاماژەکردنە کە دامەزراوەی (جانێت) لە سالی( 1979دا 78 )رۆژنامەی رۆژانە و(14 ) ئێزگەی رادیۆیی و(7 )کەنالی تەلەفزیۆنی و( 21) رۆژنامەی هەفتانە ودەیان پرۆژەی تریش لە دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتوەکان وکەنداو بەریتانیا لەخۆ دەگرێت.

ماوەتەوە بلێن دامەزراوەی جانێت لە ( 1906 ) دامەزراوە وبەدەست مایەی ئەوسا (10 )هەزار دۆلار , ئێستاش بەپێی سەر ژمێریەکی گۆڤاری فۆرت تیشن لەسالی (2004 )دەسکەوتی نزیکەی( 704 )ملیار بووە, جانێت لە هەموو نوسینگەکانی لەجیهان (52)هەزار کارمەند کاری تێدادەکەن (99) رۆژنامەی رۆژانە لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەردەکات,

(17 ) رۆژنامەی رۆژانەش لە بەریتانیا وزیاتر (800 )رۆژنامە وگۆڤار لەسەرجەم ولاتانی جیهان دەردەكات (21)كەناڵی تەلەفزیۆنیش بەرێوەدەبات.رۆژنامەی (Us today) بەناوبانگترین رۆژنامەی ئەم دامەزراوەیە.

***سەرچاوە :- بەشی عەرەبی رادێۆی (BBC).***



# هێڵە سەرەكییەكانی هەواڵی رۆژنامەنووسی

## ***چۆن پێناسەی هەواڵ دەكەین؟***

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی (چۆن پێناسەی هەواڵ بكەین؟) هەواڵ نوێیە یان لە روداوەكاندا نوێ دەبێتەوە، گەر بگەڕێینەوە بۆ فەرهەنگ ، هەواڵ وا شیكراوەتەوە كە(ڕاپۆرتێكە لە ڕووداوێك كەلە دواساتەكاندا ڕوویداوە، یان زانیارییەكە كە پێشتر نەزانراوە) بەڵام زۆربەی ئەوانەی ڕۆژانە لە جیهاندا ڕوودەدەن ڕێگەی خۆیان لە كەناڵەكانی میدیا یان ئەو هەواڵانەی لە شەپۆلە كاریگەرەكاندا بڵاودەكرێنەوە نابینێتەوە.

كەواتە چی وا دەكات كە ڕوداوێك یان سەرگوزشتەیەك شایستەی ئەوە بێت ،ببێت بە هەواڵ یان شایەنی بەهەواڵ بوونە بەڕادەیەك پێویست بكات بڵاوبكرێتەوە یان پەخش بكرێت؟

وەڵامی ڕاستەقینە ئەوەیە: ئەمە پشت بەکۆمەڵێك هۆكار دەبەستێت، بەشێوەیەکی گشتی هەواڵ ئەو زانیارییانەیە کەکاریگەرە بە گرنگییەکی فراوان لای هەوادارانی.

لەبەرئەوە ئەوەی کە هەواڵێك گرنگ دەبێت لە(بۆینس ئایرس) پێدەچێت هەر هیچ گرنگ نەبێت لە(باکۆ)، ڕۆژنامەوانانن بڕیاری ئەو هەواڵانە دەدەن کە پێویستە بەدواداچوونیان (رومالّ) بۆبکرێت بە گوێرەی ئەم(پێوەرە هەواڵییانە)ی خوارەوە:

## کاتی گونجاو ڕووداوی بەردەوام:

ئایا بەم دواییانە هیچ ڕوویداوە؟ یان ئایا ئێستا پێمان زانیوە؟ ئەگەر ئەو حاڵەتە وابوو ئەوا هەواڵەکە دەبێت شایەنی بەدواداچوون (رومالّ) بێت، مانای(بەم دواییانە) بێگومان بەگوێرەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دەبێت.

سەبارەت بەگۆڤارێکی هەفتانە هەر شتێك ڕوویدابێت تا کاتی دواژمارەی لە هەفتەی ڕابوردویدا ئەوا لەڕووی کاتەوە گونجاوە، بەڵام سەبارەت بە تۆڕێك یان ئاژانسێکی هەواڵ کە پەخشنامەی هەواڵی(نشرە الاخبار) وبەرنامە کاتژمێرییەکان (واتە سەعات بەدوای سەعاتدا) بلاّودەکاتەوە ئەوا گونجاوترین هەواڵ لەڕووی کاتەوە دەبێت نوێترین هەواڵ وپێشهات بێت، یان هەر شتێك لە دوایین ساتدا



ڕوەدات ودەکرێت یەکێك لەو پەیامنێرانەی لەو گۆڕەپانەدایە بەدواداچوونی (رومالّ)ی بۆ بکات.

## کاریگەری ڕووداو:

ئایا ئەم هەواڵە کاریگەری لە ژمارەیەکی زۆری خەڵك یان ژمارەیەکی کەمی خەڵك دەکات؟ پیسبوونی تۆڕێکی ئاو کە پێویستییەکانی (20) هەزار کەس لە شارۆچکەیەکی دیاری کراودا دابین دەکات بەهەواڵێك ئەژمار دەکرێت کە پێگەی هەیە چونکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی دەبێت لە سەر خەڵکی ئەو ناوچەیە.

هەروەها بەهەمان شێوەش ڕاپۆرتێکی پەیوەندیدار بە گیان لەدەستدانی (10) منالّ لە ئەنجامی خواردنەوەی ئاوێکی پیسبوو لە ئۆردوگایەکی فلاّن شار بەهەواڵێکی گرنگ ئەژمار دەکرێت چونکە خەڵك بەسۆزەوە لەگەڵ ئەو ڕوداو ومەسەلەیەدا مامەڵە دەکات.

بەڵام ئەگەر بەهەڵە یەکێك لە کرێکارەکان هێڵێکی کارەبایی بپچڕێنێت نابێتە هەواڵێکی گرنگ ئەگەر پچڕانەکە نەبێتە هۆی بڕانی تەزوی کارەبا لە سەرانسەری شارەکە وتەنها بڕانی کارەبای بۆ چەند سەعاتێك لێکەوتبێتەوە.

## جوگرافیاو نزیکیی ڕوداو:

هیچ لە نزیك شارەوە ڕویداوە؟ یان كەس لێرە پێوە بووە؟ كەوتنە خـوارەوەی فڕۆكەیـەك لـە(چـاد) ناونیـشانی ڕۆژنامـەكانی (نجامینـا) داگیردەكات .

بـەڵام پێویـست نییـە ناونیـشانی ڕۆژنامـە سـەرەكییەكانی(شـیلی) داگـــیر بكـــات ئەگـــەر بێتـــو لـــە نێـــوان سەرنـــشینەكانیدا هاووڵاتیی(شیلی)یان تێدا نەبێت.

## ئەوەی هەواڵ لەوتووێژدا دەیوروژێنێت:

ئایا خەڵك ناكۆكن بەهۆی ئەو هەواڵەوە؟

- سروشـتی مرۆڤـــ وایـە گرنگـی بـەو هەواڵانـە بـدات كـە پەیوەندیدارن بە ململانێی وباری پشێوی، یان ئەو هەواڵانەی وتووێژی گشتی دەوروژێنن.

خەڵك حەزی لە لادانە بـەلای یەكێكدا دژی ئـەوی تـر، یـان لـەوە نزیك بێتەوە كەلەو ململانێیەدا سەردەكەوێت.

- ململانێ هەموو كاتێك بەباری بۆچوونەكان یان ڕای كەسێك دژی ئەوی تردا ناشكێتەوە، داستانەكان لەسەر پزیشكانێك هەوڵی نەهێشتنی نەخۆشی دەدەن یان لەسەر هاووڵاتیانێك لە دژی یاسایەكی ناعادلانە ڕادەپەڕن، بەهەمان شێوە ململانێ لەخۆدەگرێت.



## ناوبانگ:

كەسێكی ناسراو هەیە هەواڵەكە بگێڕێتەوە؟ چالاكی و ڕوداوە ئاساییەكان دەكرێت لە پێشینەدا بن ئەگەر كەسێكی بەرچاو بگرێتەوە وەك سەرۆك وەزیران یان ئەستێرەیەكی ناوداری سینەمایی، لەسەر ئەوە ڕوداوی كەوتنە خوارەوەی فڕۆكەكە لە(چاد) پێشینەی هەواڵەكانی جیهان دەگرێت ئەگەر بێت و بۆ نموونە سەر نشینێكی فڕۆكەكە ناودارێكی گۆرانی بێژی موسیقیی(ڕۆك) بێت.

## بەردەوام وتنەوە:

ئایا خەڵك ئەو هەواڵە بەردەوام دەڵێتەوە؟ كۆبونەوەیەكی حكومەت سەبارەت بەسەلامەتیی ئۆتۆمبێلە بارهەلگرەكان گرنگییەكی ئەوتۆی نابێت ئەگەر بێتو كۆبوونەوەكە پاش ڕوداوێكی ناهەمواری ئۆتۆمۆبیلێك نەبێت.

هەروەك پێدەچێت ڕووداوێك لە یارییەكی تۆپی پێدا لاپەڕەكانی هەواڵی ڕۆژنامەكان تا چەند ڕۆژێك داگیر بكات چونكە پێدەچێت بابەتێكی سەرەكی بێت بۆ گفتوگۆكان لە وڵاتدا.

## نامۆیی:

ئایا ئەوەی ڕویداوە نا ئاساییە؟ یان وەك دەوترێت شتێکی باوە؟

ئەگەر سەگێك گاز لەپیاوێك بگرێت ئەمە هەواڵ نییە، بەڵام ئەگەر پیاوێك گاز لە سەگێك بگرێت ئەوا ئەمە هەواڵێکی گرنگە، ئەوەی نامۆ وسەمەرە ولە ڕادە بەدەر بێت وچاوەڕوان نەکراو بێت شانازیی سروشتی وسەرنج لای مرۆڤ ڕادەکێشێت.

ئەوەی بەهەواڵێکی گرنگ دادەنرێت پشت بەسروشتی خەڵك وجەماوەر دەبەستێت نەك تەنها بە شوێنی نیشتە جێبونیانەوە، ئەو کۆمەڵە کەسانەی لە خەڵك جیاوازن شێوازی ژیان وگرنگی پێدانی جیاوازیشیان هەیە کەوای لێدەکات گرنگی بەجۆرەها هەواڵی جیاواز بدات،

بۆ نموونە:

بەرنامەیەکی ڕادیۆیی کەمەبەست لێی گوێگرانی منداڵ و لاوانە پێدەچێت ناوەڕۆکی هەواڵەکە لەسەر ئەستێرەیەکی ناوداری مۆسیقا یان گۆرانی وتن یان وەرزش بێت، ئەمەش لەڕۆژنامەیەکی تایبەت بەکاروباری بازرگانیدا بلاّو ناکرێتەوە کە مەبەست لێی خوێنەرانی تەمەن گەورە و زۆر دەوڵەمەند بێت، ئەو گۆڤارە هەفتانەیەی بەدواداچوونی (رومالّ) هەواڵی پزیشکیی دەکات پێدەچێت باسی



تاقیکردنەوەی دەرمانێك بکات وئەو پزیشکانەی گۆڤارەکە دەخوێننەوە ناچار بکات گرنگی بەو هەواڵە بدەن.

بەلاّم ئەگەر بێتو وانە بوو کە ئەو دەرمانە نەخۆشییەکی ناسراو و گرنگ چارەسەر دەکات ئەوا ڕۆژنامە ناوخۆییەکان ئەو مەسەلەیە پشت گویّ دەخەن، پێدەچێت یەك حاڵەتی جیاواز هەبێت ئەویش ئەوەیە کە ئەو ڕۆژنامەیە لەو شارەدا دەربچێت کە توێژینەوەی پزیشکیی تیادا دەکرێت لەسەر دەرمان.

دامەزراوە هەواڵییەکان کاری خۆیان بەخزمەتکردنێکی گشتی دادەنێن لەبەرئەوە هەواڵ پێکدێت لە چەند زانیارییەك کە خەڵك پێویستیی بە زانینی هەیە بۆ بەڕێکردنی ژیانی ڕۆژانە، وەهەروەها بۆ ئەوەی هاوولاّتی بەبەرهەم بن لە سیستمی دیموکراسیدا، هەرچەندە زۆربەی دامەزراوە هەواڵییەکان دامەزراوەی بازرگانین کەپابەند دەبن بەوەی قازانج بەدەستبهێنن تاپارێزگاری لە مانەوەیان بکەن، لەبەرئەوە هەواڵەکانیان پێدەچێت بۆ ڕاکێشانی جەماوەر وخوێنەران بێت وەك چەند داستانێك کەخەڵك حەز دەکات شتێك لە بارەیانەوە بزانێت تەنها لەبەرئەوەی وروژێنەرە بۆ گرنگی پێدان، ئەم دوو سیفەتە نابێت لەیەکتر جودابن، لەوانەیە هەندێك لەگرنگترین هەواڵ ڕۆژێك لەڕۆژان ببێتە وروژێنەر وتامەزرۆ، بەلاّم شتێکی تاڕادەیەك باوە لە دامەزراوەکانی هەواڵدا هەواڵ بۆ دوو بەشی

سەرەکی دابەش کراوە: هەواڵی سەرەکی یان هەواڵی جدی لەگەڵ هەواڵی کەمبایەخ یان ڕاپۆرتی هەواڵ لەسەر بابەتی کەمبایەخ.

## چۆنیەتی هەواڵ:

هەواڵی سەرەکی وجدی لەبنەڕەتدا ئەوەیە کە ڕوودەدات لەهەواڵ لەو ڕۆژەدا، ئەو هەواڵانەیە کە لە لاپەڕەکانی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا دەبینرێن یان لەسەرووی پێگە ئەلکترۆنییەکان، یان ئەوانەی لە سەرەتای پەخشنامەی هەواڵدا(نشرە الاخبار) پێشکەش دەکرێن، بۆ نموونە هەواڵی جەنگ وسیاسەت وکارەکان وتاوانەکان ئەو بابەتانەن کە لەهەواڵە جدیەکاندا زۆر دوبارە دەبنەوە، بوونی هەواڵێك سەبارەت بەمانگرتنێك کە شۆفێرانی ئۆتۆمبیلە گشتیەکان (پاسەکانی گواستنەوە) ڕایانگەیاندووەو بەهۆیەوە هەزاران هاووڵاتی ناتوانن بگەنە شوێنی کارکردنیان بە هەواڵێکی سەرەکیی جدی دادەنرێت وهەواڵێکە دەبێ دەستبەجێ بڵاو بکرێتەوە، هەروەها هەواڵێکی وروژێنەرە بۆ وتووێژو کاریگەرییەکی فراوانی لەو شوێنەدا دەبێت وکۆمەڵگە پێویستیی بە زانیاری هەیە لەسەری چونکە کاریگەریی هەیە لەسەر ژیانی ڕۆژانەی خەڵك، وە بەپێچەوانەشەوە چیرۆکی وەرزشەوانێکی بەناوبانگی جیهانی کە لەپەناگەیەکدا پەروەردە بووە وپێگەیشتووە لە بەشی هەواڵی کەمبایەخ یان



ناسەرەکیدایە، ئەوە چیرۆکێکی خۆشە وجێگەی گرنگی خەڵکە وپەیوەندیی بەکەسایەتیەکی ناوداری وەرزشییەوە هەیە وداستانێکی نائاساییە وخەڵك حەز دەکات قسەی لەسەر بکات لەگەڵ هاوڕێکانی، بەڵام هۆکارێك لە ئارادا نییە کە دەبێت لە ڕۆژێکی دیاریکراودا بڵاو بکرێتەوە، بە پێی پێناسەکەی بە ڕاپۆرتێکی تایبەت دادەنرێت، زۆرێك لە ڕۆژنامە وپێگە ئەلیکترۆنییەکانی ئینتەرنێت بەشی تەرخانکراویان هەیە بۆ ڕاپۆرتی تایبەت سەبارەت بە شێوازی ژیان و ماڵ و خێزان وهونەر وتەسلییە، بگرە ڕۆژنامە گەورەکانیش پێدەچێت پاشکۆی هەفتانەیان هەبێت کە بابەتی دیاریکراوی وەك خواردەمەنی وتەندروستی وزانست ولەو بابەتانە لەخۆبگرێت.

هەروەها چۆنێتیی بابەت تەنها هۆکار نییە کە هەواڵی سەرەکی لە هەواڵی ناسەرەکی جیابکاتەوە، لە زۆربەی حاڵەتەکاندا داڕشتنی هەواڵی سەرەکی جیاوازە لە داڕشتنی هەواڵی کەمبایەخ، هەواڵی سەرەکی بە شێوەیەکی گشتی بە جۆرێك دادەڕێژرێت کە خوێنەری بتوانێت گرنگترین زانیاریی دەستبکەوێت لە کەمترین کاتدا، بەڵام نوسینی بابەتی تایبەت بە شێوەیەکی باو وتارەکانیان بەگێڕانەوەی چیرۆکێك یان ڕوداوێك یان نموونەیەك دەست پێدەکات ئەویش بەمەبەستی ڕاکێشانی گرنگی پێدانی جەماوەرەکەی، لەبەرئەوە

چیرۆکەکە پێدەچێت کاتێکی زۆری بوێت تا دەتگەیێنێتە خاڵی سەرەکی.

هەندێك چیرۆك هەن کە ئەم دوو ئاراستەیە یەکانگیر دەکەن، چیرۆك وابەستە نییە بە کاتێکی دیاریکراوەوە بەڵام تەوەرەکانی دەربارەی بابەتی گرنگن و زۆرجار ناوی (ڕاپۆرتە هەواڵی تایبەت)ی لێدەنرێت، گەرهاتوو باس لەهەوڵی کۆمەڵگە بکات بۆ نموونە دژی نەخۆشیی ئایدز ئەوا بە ڕاپۆرتە هەواڵی تایبەت دادەنرێت بەڵام گەر بێتو باس لە ئەگەری چارەسەرێکی نوێ بکات بۆ ئەو نەخۆشییە ئەوا بەهەواڵێکی سەرەکیی جدی دادەنرێت.

ڕاپۆرتە تایبەتییەکانیش بە شێوازێکی کاریگەر دادەنرێن بۆ ئاشکراکردنی ئاراستەکان وکێشە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان لە ڕێگەی گێڕانەوەی چیرۆکەکان لەسەر خەڵك وئەو ئەزموونانەی ئەو خەڵکانە دەیانبینن.

### ★بابەتی و پاکی:

مانای بابەتی لە ڕۆژنامەگەریدا نزیکەی سەدەیەك دەبێت دەرکەوتووە ئەویش وەك کاردانەوەیەك بۆ شێوازی وروژاندن و ئەو بابەتانەی ملکەچی ڕایەکی دیاریکراون ئەمەش ئەوەیە کە ئەو کاتە لە ئارادا بوو لە زۆربەی ڕۆژنامەکاندا، گوزارشتی بابەتی بەکارهێنراو هەر لەو کاتەوەی بەکارهات لەوەسفی شێواز یان تێڕوانینیی



ڕۆژنامەنووس بۆ بابەت ئەو سەردەمانە ڕۆژنامەنووسان هەوڵیان دەدا بەشێوەیەکی بابەتییانە هەواڵەکان پێشکەش بکەن بێ ئەوەی ئەمە هیچ ڕەنگدانەوەیەکی بۆ لادان بەلای کەسێتییەکی دیاریکراو یان لایەنێکی دیاریکراودا هەبێت.

لەگەڵ تێپەڕبونی ڕۆژگار بابەتی ڕەواجی پەیدا کرد تەنانەت لە هەڵسوکەوت وشێوازی خودی ڕۆژنامەنووسان خۆشیاندا، لێرەدا ئاماژە بەوە دەدەین کە(لیۆنارد داونی) سەرنووسەری جێبەجێکاری ڕۆژنامەی(واشتن پۆست)ی ئەمریکی لەگەڵ مەسەلەی بابەتی بەجدییەکی زۆرەوە مامەڵە دەکات بەڕادەیەك ئەوە ڕەتدەکاتەوە ناوی لە لیستی پاڵێوراوان تۆماربکرێت، هەرچەندە زۆربەی ڕۆژنامەنووسان لەم کاتەی ئێستاماندا تەسلیمی ئەوە دەبن کە بابەتیی تەواو ئەستەمە، لە ساڵی 1996 سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی ئەمریکا وشەی بابەتی دەڕوخێنێت لە میساقی ئەخلاقیاتی پیشەیدا کەداینابوو، ڕۆژنامەنووسان پێش هەموو شتێکی تر مرۆڤن، پەرۆشن کە پیشەکانیان لە دەست نەچێت، هەر وەك ڕای تایبەتی خۆیان هەیە و بانگەشەکردن بەوەی ئەوان بەتەواوی بابەتین وا دەکات باوەڕیان بە(نرخ و بایەخداری) نەبێت، ڕۆژنامەنووسان تاڕادەیەکی زۆر ڕێککەوتن کە دەبێت هۆشیار بن بەڕا تایبەتییەکانیانەوە تا بتوانن چاودێریی ڕەنگدانەوەکانی ئەو هۆشیارییە بەبەردەوامی

بکەن، دەبێت خوێنەر هەست بەڕای ڕۆژنامەنووس نەکات کاتێك وتارێکی دەخوێنێتەوە، هەروەها پێویستە شێوازێکی بابەتی وزانستییانە بەکاربهێنێت لەلێکۆڵینەوەی زانیارییەکاندا، ڕۆژنامەنووسان دەتووانن لەسەر بابەتەکان بنووسن بە جۆرێك ڕاوبۆچوونەکانی خۆیان تیایدا ڕەنگ نەداتەوە هەروەك دەبێت بابەتەکەش بێلایەن وپاك بێت.

ڕۆژنامەنووسان هەوڵی زۆر دەدەن لەپێناو گەڕان بەدوای پاکی وبێگەردی لە بابەتەکانیاندا بەوەی شتێك لەسەر تەنها لایەنێك نەنووسن یان لەسەر یەك بۆچوون وبەس، ئەوان دەگەڕێن بەشوێن ڕای بەرهەڵستکارانە وبەبێ لادان بەلای لایەنێکدا، ئەمە بێجگە لەلێکۆڵینەوە لەڕاستی وباوەڕپێکردنی ڕاستییەکان، ڕۆژنامەنووسان هەوڵ دەدەن بۆچوونەجۆراو جۆرەکان بزانن لەو حاڵەتانەی کە تیایدا ڕاستییەکان جێگەی ململانێن، هەرچەندە پاکی و بێگەردی(دەست پاکی) بەمانای هاوسەنگی نایەت، هاوسەنگی واتا دوو ڕا هەبێت لەسەر یەك بابەت کە ئەمە بەدەگمەن ڕوودەدات، هەر لایەنێك دەبێت سەنگێکی یەکسانی بدرێتێ، ئەو ڕۆژنامەنووسانەی هەوڵی بەدیهاتنی ئەم جۆرە هاوسەنگییە دروست کراوە لە بابەتەکانیاندا دەدەن بەرەو ئەو کۆتاییە دەچن کەبەدواداچوونی (روماڵ) بابەتەکانیان بەشێوازێك بکەن زۆر دووربێت لە ووردبینی،



بۆ نموونە، زۆربەی پسپۆڕانی سەربەخۆی ئابوری ڕێککەون لەسەر ئاکامەکانی پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی سەرفکردنی دیاریکراو، لە کاتێکدا ڕایەکی جیاواز هەبێت لە هەندێك لە پسپۆڕانی تر کە تەئکیدن لە هەڵەی ئەزموونەکانی پێشووتریان، واتە هەر بابەتێك لەم دووانە کاتێکی یەکسان یان ڕووبەرێکی یەکسان بدات بەڕای هەریەك لەو دوو گرووپە ئەوا بابەتێکی بەردەوام دەبێت.

بەرەنگاریی نموونەیی لەبەردەم ڕۆژنامەنووساندا بەدواداچوونی هەموو بۆچوونە گرنگەکانە بەشێوەیەك عادیلانە وپاك وبێگەرد بێت سەبارەت بە هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بەبابەتەکەوە هەیە تا وێنەیەکی تەواو پێشکەش بەجەماوەر بکەن.

بەگوێرەی ئەوەی(دان گیلمۆر)ی ڕۆژنامەنووس دەیڵێت کە خاوەنی پێگەی ئینتەرنێتیە(دادوەری ودەستپاکی گوێگرتنە لە ڕاوبۆچوونی جۆراوجۆر وبەرقەرارکردنی لەڕۆژنامەگەریدا، ئەوە بەمانای درۆ وشێواندن نایەت لەپێناو بەدیهێنانی ئەو یەکسانییە تەمبەڵەی کە وا لە هەندێك ڕۆژنامەنووسان دەکات هەوڵی بەدەستهێنانی قسە و وتەی نەیارانە بدات کاتێك ڕاستییەکان بەشێوەیەکی سەرکوتکەرانە پشتیوانی لەڕاوبۆچونێکی دیاریکراو دەکەن.

## وردی زانیاری داڕشتنی هەواڵ

لەم وتارەدا چەند بەشێك هەیە تیایدا دیبۆرا بۆتەر مامۆستای بابەتی ڕۆژنامەگەری ڕوداوێکی پێویستکردن (افترچیا-گریمان) پێشکەش دەکات، دواتر ئەو شێوازە شیدەکاتەوە کە پەیامنێر بەهۆیەوە دەتوانێت چی زانیاری هەیە کۆیبکاتەوە تا بگاتە ناوەڕۆکی هەواڵەکە لەو ڕاپۆرتە هەواڵییەی دەیەوێت دایڕێژێت، هەروەها چەند بەشێکی تریش بلاّو دەکاتەوە لەسەر بابەتەکە لەسەر پێگەی ئەلکترۆنیی ئینتەرنێت (یو ئێس ئینفۆ us.info) لەم چەند ڕۆژەی داهاتوودا بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی بۆ ئازادیی ڕۆژنامەگەریی کە بڕیارە لە ڕۆژی 3ی ئایاردا ئاهەنگی بۆ ساز بکرێت.

ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

### *-گواستنەوەی هەواڵ-*

هەموو ئەوانەی دەوترێنەوە لە سەرگوزشتەکاندا لە پەخشنامەکانی هەواڵ(نشره الاخبار) وڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا پێکدێن لە ڕاستییەکان، تێبینییەکان، وتەی گواستراوە لە خاوەنەکانیانەوە، درێژە، زۆر جاریش وا باوە ئەو بابەتانەی لای ئەوانە هەن



کەهەواڵەکان یان ڕاپۆرتە هەواڵییەکان ئامادە دەکەن لەسەروو ئەوەوەیە کە بتوانن بەکاری بهێنن، لەگەڵ ئەوەی ئەوان هەوڵێك دەدەن لە پێناو کۆکردنەوەی زانیارییەکان بەلاّم بەلای خۆڕسکی (الغریزە) دا دەشکێنەوە بۆ بەکارهێنانی ئەوپەڕی ئەوەی لە توانایاندا هەیە بەکاریبهێنن لە داڕشتنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکانیان، بەلاّم ئەوەی لە پەراوێزی هەواڵ وڕاپۆرتەکەدا هەیە بەهەموو ڕاستییەکانیەوە بەدەگمەن دەبێتە هۆکارێك بۆ داڕشتنی ڕاپۆرتێکی هەواڵیی باش کە جێی گرنگی پێدانی جەماوەر ڕابکێشێت، تێگەیشتنی ڕاپۆرتە هەواڵی چڕوپڕ وئاخێنراو بە زانیاریی زۆر سەختتر دەبێت وئامادەکاری هەواڵ وڕاپۆرتە هەواڵییەکان کە هەوڵی شیکردنەوەو پێشکەشکردنی هەموو زانیارییەکان دەدەن تەنها شڵەژاندنی جەماوەر دروێنە دەکەن لەم حاڵەتەدا، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆژنامەکان تەنها ڕووبەرێکی دیاریکراویان هەیە، پەخشنامە هەواڵییەکانیش لە ڕادیۆ یان تەلەفزیۆن دیاریکراو وپابەندە بەکاتێکەوە کە بۆی تەرخان دەکرێت لەچوارچێوەی کاتەکانی پەخشکردنیدا، خوێنەران یان گوێگران یان بینەرانیش تەنها کاتێکی دیاریکراو وتوانایەکی دیاریکراویان هەیە کە بۆ بەئاگابوون وتەرکیزکردن تەرخانی بکەن بۆ بەدواداچونی هەواڵەکان.

ڕۆژنامەگەریی باش هەردەبێت باشیی هەڵبژاردن لەخۆبگرێت نەك چڕوپڕکردن، پەیامنێران دەبێت تواناو شارەزایی خۆیان بەکاربهێنن لە حوکمدان لەسەر هەواڵ ئەویش بۆ دیاریکردنی گرنگترین ئەوەی پێویستە لەدەقی ڕاپۆرتە هەواڵییەکاندا هەبێت، هەروەها بۆ ئەو ڕێکوپێکییە یەك لەدوایەکەی زانیاریەکانی پێ ڕادەگەیەنێت لە هەمان ڕاپۆرتدا.

سەبارەت بەزۆرێك لە پەیامنێران سەختترین شت کە لەداڕشتنی ڕاپۆرتە هەواڵییەکەدا ئەو بڕیاردانە تایبەتەیە بەوەی کەچی بەدوور دەزانێت ومەبەستەکە چییە، لە نێوان ئەو شێوازانەی بەکاردەهێنرێن لە وەرگرتنی ئەو بڕیارانە شێوازی هەڵبژاردنی خاڵێکی تەوەرەیی یان ناوەندی یان بنچینەییە تا ڕاپۆرتەکە لە چوارچێوەیدا بسوڕێتەوە، ئەمەش ئەوەیە کە پێی دەوترێت خاڵی مەبەست (نقگە الترکیز).



## ★*خاڵی مەبەست:*

خاڵی مەبەست لە ڕاپۆرتی هەواڵیدا لە ڕاستیدا لەو پرسیارە پێکدێت کە دەڵێت (ئەو بابەتە چییە کە ئەم ڕاپۆرتە بەدەوریدا دەسوڕێتەوە لە ڕستیدا؟)، وە بۆ بڕیاردان سەبارەت بەخاڵی مەبەست (شیب سکانلان) مامۆستای بابەتی نوسین لە پەیمانگای (بۆینتەر) بۆ کاری ڕۆژنامەگەری پێشنیازی (5) پرسیاری دیکە دەکات کەبکرێت، ئەوانیش بریتیین لە:

هەواڵەکە چییە؟

سەرگوزشتەکە چییە؟

وێنەکە چییە؟

چۆن دەتوانم لەشەش وشەدا بیگێڕمەوە؟

پاشان چی؟

باوای دابنێین تۆبەدواداچونی ئاگر کەوتنەوەیەك دەکەیت لەناوچەیەکی وشکانی ولەوشوێنەیت وقسە لەگەڵ خەڵکەکە دەکەیت وچاودێریی ئەوە دەکەیت کە چ زیانێکی لێدەکەوێتەوە بەدرێژایی ڕۆژەکە، ئێستا دەتەوێت خاڵی مەبەست دیاری بکەیت لە ڕاپۆرتە هەواڵیەکەتدا پێش ئەوەی دەست بکەیت بەنوسینەوەی، لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ئەو شێوازە یان ئەو ڕێگەیەت پێشکەش دەکەین کە

دەكرێت پرسیارەكانی(سكانلان)ی بۆ بەكار بهێنیت تا خاڵی مەبەست دیاری بكەیت:

### -هەواڵەكە چییە؟

هەواڵەكە ئەوەیە ئاگركەوتنەوەكە دوو ماڵی خاپور و وێران كردووە لەو چیایەی دەكەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارەكەوە، بەڵام كەس پێوە نەبووە وناوچە بازرگانییەكە لەشارەكەدا لەو ئاگركەوتنەوەیە ڕزگاری بووە.

### سەرگوزشتەكە چییە؟

ئەوەیە دووخێزان بێلانە بوون بەڵام ئەندامانی دوو خێزانەكە سوپاسی خوا دەكەن كە ڕزگاریان بووە وبەزیندویی ماون.

### وێنەكە چییە؟

ئەندامانی دووخێزانەكە یەكتری لەئامێز دەگرن لە نزیك دووكەڵی بەرزبۆوە لەماڵەكانیانەوە.

### چۆن دەتوانم لەشەش وشەدا بیگێڕمەوە؟

ئاگركەوتنەوەیەك دوو ماڵی وێران كرد وزیانی گیانی بەدوواوە نەبوو.



### -پاشان چی؟

ئەو وێرانییەی بەرشمەكەكان كەوتووە بەهۆی ئاگركەوتنەوەیەكی مەترسیدارەوە، كەم بوون.

ئەو پەیامنێرەی لەسەر ئەم سەرگوزشتەیە دەنوسێت ئیستا ئەوە دەزانێت پێشەكیی ڕاپۆرتەكەی لەسەر ئەو دوو خێزانە دەبێت كە ماڵەكانیان لە كیسچووە، هەروەها ئەوەش دەزانێت كە وتەیەكی گواستراوە لە یەكێك لەو دوو خێزانە بەدەنگ و وێنەوە بەكار دەهێنێت، هەروەك ئەوەش دەزانێت ڕاپۆرتەكەی زانیاری گشتی سەبارەت بە زیانلێكەوتن لە شمەكەكان لە خۆدەگرێت.

هەروەها پەیامنێرەكە ئەوەش دەزانێت دەتوانێت هەندێك لەو زانیارییانە وەلانێت كە دەستی كەوتوون دەربارەی ژمارەی تیمەكانی ئاگر كوژێنەوە كە چوون بەهانای ناوچە بازرگانییەكەوە، بەڵام دەتوانێت بەشێك لە لێدوانەكانی سەرۆكی تیمە ئاگر كوژێنەوەكە بەكار بهێنێت.

ئەنجامە كورتكراوەكان لەم مەشقە مەبەست نییە بوترێت چونكە بۆ هەموو سەرگوزشتەیەك یەك خاڵی مەبەست پەسەندە، پەیامنێرانی سەر بەدامەزراوە هەواڵییە جۆراوجۆرەكان پێدەچێت هەریەكەیان بە شێوازێكی تەواو جیاواز بنوسن پاش دەستكەوتنی هەمان ڕاستی و ڕوداو، چونكە هەریەكەیان بڕیاری خاڵێكی مەبەستی

جیاواز لەویتر دەدات، بۆ نموونە هەر لەو ڕوداوەی پێشوودا پێدەچێت پەیامنێرێکی تر پێنج پرسیارەکەی باسکران بۆ دیاریکردنی خاڵی مەبەست بەم جۆرە بە کار بهێنێت:

### -هەواڵەکە چی؟

-کۆمپانیا بازرگانییەکان لە شارەکەماندا لەو وێرانەییە ڕزگاریان بووکە بەهۆی ئاگرکەوتنەوەیەکەوە کەوتۆتەوە کە دوو ماڵی لە چیاکانی ڕۆژهەڵاتی شارەکە وێران کردووە.

### سەرگوزشتەکە چییە؟

خاوەن دوکانە بازرگانییەکان سوپاسی خودا دەکەن کە ئەم جارە لەو ئاگرکەوتنەوەیە ڕزگاریان بووە.

### وێنەکە چییە؟

خاوەن دوکانێك تەوقە وسوپاسی یەکێك لە پیاوانی ئاگرکوژێنەوە دەکات.

### -چۆن دەتوانم لە شەش وشەدا بیگێڕمەوە؟

ئاگرکەوتنەوەکە ناتوانێت چالاکییە بازرگانییەکان ڕابوەستێنێت.



### پاشان چی؟

زیانی ئابووری کە بەهۆی ئاگرکەوتنەوەکەوە کەکەوتۆتەوە کەمن.

گێڕانەوەی سەرگوزشتەکە (ڕووداوەکە) ئەم جارە دەتوانرێت بەگوزارشت لە خۆشحاڵیی خاوەن دوکانە بازرگانییەکان دەست پیبکات ولێدوانی یەکێك لە بازرگانەکان کە دووکانەکانیان ڕزگاری بووە بەکاربهێنرێت بۆ پێشەکیی ڕاپۆرتەکە، هەردوو ڕاپۆرتە هەواڵییەکە یەك ناوەڕۆکی سەرەکی لە خۆدەگرن ئەویش ئەوەیە (دوو ماڵ وێران بووە و دوکانەکان بەسەلامەتی دەرچوون) بەلاّم مەبەستی دوو ڕاپۆرتەکە جیایە.

زانینی خاڵی مەبەست وتەئکیدکردنەوە لەسەری پێش دەسپێکردن بەنووسینەوەی هەواڵەکە یارمەتی پەیامنێر دەدات بڕیار لەسەر ئەوە بدات کە ڕاپۆرتەکەی چی لەڕاستی ولێدوان لەخۆدەگرێت وئەوەش کەلێی دوور دەخرێتەوە، هەروەك (ویلیام زینسار) لە کتێبێکیدا بە ناونیشانی (دۆزینەوەی نووسین) دەڵێت (بیرکردنەوەی ڕوون دەگۆڕدرێت بۆ نووسینی ڕوون، هیچیان بەبێ ئەویتر نابێت)، پەیامنێری لێهاتوو وشارەزا چاوەڕێی کۆتایی ناکات تا هەموو توێژینەوە وچاوپێکەوتن وتێبینییەکان ئەنجام بدات ئنجا خاڵی مەبەست بۆ ڕاپۆرتەکەی دیاری بکات، بەڵکو پێدەچێت دەست بکات بەئامادەکردنی ڕاپۆرتەکەی بە دیاریکردنی خاڵێکی مەبەست

لەعەقڵی خۆیدا، ئەمەش ئەوەیە کەیارمەتیی دەدات لە بڕیارە تایبەتییەکان کە بەرەو کوێوە بڕوات ولەگەڵ کێدا گفتوگۆ بکات، هەروەها دەکرێت خاڵی مەبەست بگۆڕێت کاتێك زانیایی زیاتری دەست دەکەوێت، کە ئەمەش زۆر جار ڕوودەدات.

گرنگترین شت سەبارەت بە پەیامنێر ئەوەیە بڕیاری ئەو خاڵی مەبەستە بدات کە ڕاپۆرتەکەی لەسەر دادەڕێژرێت پێش ئەوەی دەست بەنوسینی بکات.



# هەواڵی ئینتەرنێت و کورتکردنەوەی مەوداکانی گەیاندن

" ئینتەرنێت " لەوشەی ئینگلیزی " net " ەوە وەرگیراوە کەبەمانای " تۆڕ " دێت , ئەم ووشەیە ئێستا مانایەکی تایبەتی دەبەخشێت پاش ئەو پەیوەندیەی کە لەگەڵ تەکنەلۆژیای زانیاری گرێ دراوە وماناکەی بووەبە " تۆڕی زانیاری " یان " تۆڕی ناردنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆی " .

ئینتەرنێت رایەڵێکی گەورەیە زیاتر لە دەهەزار تۆڕ پێکدەهێنێت کەدەتوانرێت  هەزارەها کەناڵی فەزاییەوە پەیوەندیان پێوە بکرێت. ئینتەرنێت ڕایەڵەیەکی بەربلاوی چەندین کۆمپیوتەری پێکەوە بەستراوە , لەوڕێیەوە بەخێرای لەبوارەکانی , زانست و نۆژداری و ڕووناکبیری و کۆمەلایەتی و ئابووری و میدیادا زانیاری ئاڵو گۆڕی پێدەکرێت , ڕایەڵەی ئینتەرنێت هۆکاری بەستنەوەی هەمووکونجێکی جیهانە و بەجۆرێك دنیای بچوك کردۆتەوە و کردویەتی بەگوندێکی بچووك , بەهۆی ئینتەرنێتەوە شارەزای شارستانیەتی و داب و نەریت

و زانستی دنیا دەبین. بەپێی زاراوەی زانیاریەکان گوزارشتە لە کۆمەڵێك کەرەستەو بابەتی زانیاری ئامێزی گرێدراو , جا ئەگەر تۆڕەکان ناوچەی بێت ( localarea network ) یاخود فراوان ( wide area network), ئینتەرنێت ئەوتۆڕەیە گشت جیهانی دادەپۆشێت, زاراوەی ئینتەرنێت کورتکراوەی هەردوو ووشەی ئینتەر کۆنێکتد ( inter connected ) و نێت و ۆرکس ( net works ) ئینتەرنێت لەسەرانسەری جیهاندا بەگەورەترین تۆڕی زانیاریەکان دادەنرێت ,ساڵی ( 1982 ) بۆیەکەمین جار ئەم زاراوەیە واتە ئینتەرنێت بەکارهات , ئەمەش بەهۆی ئامێرێکی بچووکەوە ئەنجام دەدرێت , کەبە مۆدیۆم ( modem) دەناسرێت , ئەم ئامێرە بەکاردێت بۆ گۆڕینی زانیاری یەکان بۆ کۆکردنەوەی ئیشارەتێکی کارەبای کەبەهۆی هێڵی تەلەفونەوە دەنێردرێت , هەروەها ئەمڕۆ ئامێری پێشکەوتووی دیجیتاڵ و سەتەلایت بەکاردێت بۆ وەرگرتنی داتا و زانیارییەکان.

ڕێگە بەبەشدار بوانی دەدات بەچەندین شێواز پەیوەندی بەیەکەوە بکەن و سود لەیەکتری وەربگرن وەکو گۆڕینەوەی پۆستی ئەلکترۆنی و گواستنەوەی فایل و گەیاندنی هەواڵەکان و کەڵك وەرگرتن لەهەزاران بنکەی زانیاری و ئەنجامدانی دایەلۆگ و ڕاپرسی لەگەڵ یەکتری و گەشت کردن بەناو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامەکانی تۆڕی



ئینتەرنێت زیاتر زیاتر دەبێت ژمارەی لاپەڕەکانی و دۆکۆمێنتەکانی لەگەڵ ژمارەی بەشداربوانی زیاتر دەبێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سوودو کارئاسانیەی کەئەم تۆڕە پێشکەشی دەکات .

ڕۆژنامەی ئەلکترۆنی کاریگەر بەرچاوی هەیە لەسەر چالاککردنی رۆژنامە ، لە ناو کۆمەڵگا کە لەم ریگایە وە دەتوانین بە ئاسانی ئاگاداری روداووەکانی جیهان بین ونرخی بەشداری چاپەمەنیەکانی بەهەموو جۆرەکانی بۆ سوك کردوون . دەرکەوتنی شوێنی ئەلکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت جۆرێك شۆڕش بوو لەتەکنەلۆژییای ڕۆژنامەوانی ئەم ڕووداوە , ئەگەر ڕاست بێت لە دەربڕیندا لایەنی چاکەو خراپەی هەیە بەلاّم پێش چونە ناو چاکەو خراپەکەی پێویستە پرسیار بکەین کامە ڕاستە ؟کەکام ئەلکترۆنی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وە هەموو ئەوانەی ئەخوێنرێنەوە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت لەدنیادا گواستنەوەی دەنگ و باس و ڕووداو بێگومان ناونانی (شوێن )ناوێکی گشتی یە (شوێن )هەموو شوێنێك ئەگرێتەوە لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێت لەشوێنی زانیاری و کەسایەتی لەسەر و هونەرمەندانە و شوێنی بازرگانی لەکۆمپانیا و دوکانەکان و دامەزراوەکان و بازاڕەکان شوێنی تر لەپەیوەندی بەفەرمانگەو دامەزراوە میریەکان و کەرتی تایبەتی و هیتر کەلەبارەی پارتەکان و باڵە ڕامیاریەکان و هەتا شوێنی گومان لێکرا و بۆ مەبەستی

مخابەراتی وجاسوسی هەتا شوێنی ئاینی و شوێنی ڕابواردن پەروەردەی و فێرکاری و شوێنی پەیوەنددار بەمنداڵ و گەنج و ژن
.....

دارشتنی هەواڵ بەپێی بنەماکانی کاری ڕۆژنامەنووسی لەئینتەرنێتدا کەدەبێت هەواڵەکان کورت و پوخت و مانادار بێت پێچ و پەنایان نەبێت و ئەگەر کرا وێنەیان لەگەڵدا بێت واچاکە تەواوی درێژەی هەواڵەکان پەخش نەکرێت و لەناو لینکێکی تردا دابنرێت .

ئینتەرنێت هەندێك شێوازی ڕۆژنامەوانی وبیستراو وبینراو لەخۆدەگرێت، ، زۆرجار (ماڵپەڕ) ئەلکترۆنییەکان وتاری هەواڵئامێز بڵاو دەکەنەوە کە خوێنەر بە ئاسانی بیخوێنێتەوە, هەروەك ئەو وتارانەدا کە ڕۆژنامەکان بڵاودەبیتەوە، وەهەندێ بەشێوەیەکی تریش بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت واهەڵدەبژێرن کە بەشێکی تۆمارکراوی ڤیدیۆیی ببینن وبەمەش ئینتەرنێت وەك پەخشی تەلەفزیۆنیی لێدێت، هەر بابەتێك لە ئینتەرنێتدا بڵاوببێتەوە دەتوانرێت هەموو ئەو گۆشانەی تیادا بەکاربهێنرێت کەلە ئینتەرنێتدا دابینکراوە، ئەمە ئەو هۆکارە نوێیەیە کە وا لەخوێنەر یان ئەو کەسەی پێگەکەی کردۆتەوە دەکات ببێت بەبەشداربوێك وشێوازی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی دابینکراون،



(نورا پول) بەڕێوەبەری پەیمانگای توێژینەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی نوێی زانکۆی( مینیسوتا) دەڵێت(ئەگەر هەندێك سەرچاوە لە ژێر کۆنترۆڵی بەکارهێنەری ئینتەرنێتدا بوایە، ئەوا دەبووە هۆی ئەوەی کە بابەتەکە شێوەیەکی نوێ وەرگرێت لە شێوەکانی پێشکەشکردنی بابەتەکان).

(جۆناسان دیۆب) باس لەو کاریگەرییانە دەکات کە ئینتەرنێت وهەندێك لە شێوازە تەکنەلۆژیا نوێکان لەسەر هۆکارەکانی ڕاگەیاندن دروستی دەکەن ودەبنە مایەی گۆڕانکاری تیایاندا ودەڵێت(ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کارەکەیان لەسەر ئینتەرنێت دەکەن دەبێت بیر لە زۆر ئاست بکەنەوە لەیەك کاتدا وەك: وشەکان، هزر، بونیادی بابەتەکە، دیزاین، هۆکارەکانی ئاوێتەبوون، دەنگ، ڤیدیۆ، وێنە. تەلفزیۆن هەواڵەکان پەخشدەکات بۆئەوەی جەماوەر بیبینێت، ڕۆژنامەنوسی نووسراویش لە هەواڵەکان وپێشکەشکردنی درێژەدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئینتەرنێت بواری پێشکەشکردن وهەواڵ ورونکردنەوە وئاوێتەبوونەکان دەدات وپێشکەشی دەکات، بۆئەوەی ئەمەش بەرجەستە بێت ڕۆژنامەنووسانی سەر ئینتەرنێت زانیارییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن، ئەویش بە بەکارهێنانی شێوازی هەمەچەشنە لەبابەتەکانیاندا. هەوڵ و کۆششی مرۆڤ لەساڵەکانی کۆتای سەدەی بیستەمدا بۆ دەست پێڕاگەیشتنی

ئاسان و خێراو کەم خەرج بەزانیاری و توانایی لێکدانەوەو تاوتوێ کردن و کردنی ئەو زانیاریانە بەزانست ، گەیشتنە ئاکام و ئینسانی هوشیار بەکەڵك وەرگرتنی لە(هاردیسك و ئۆفسێت )و بەیارمەتی کۆمپیوتەر دەتوانێت لەماوەیەکی زۆر کەمدا دەستی بەکۆمەڵێکی زۆر هەواڵ و زانیاری بگات . داهێنانی تەکنەلۆژی نوێ لەبواری پەیوەندیە ئینسانیەکاندا گۆڕانکاری زۆر گەورەی پێك هێناوە , بەجۆرێك کەدەتوانیت ڕاشکاوانە بڵێین کەئاڵوگۆڕ وگەشەی تەکنەلۆژی لەپەیوەندیەکاندا زیاتر لەبوارەکانی دیکەی زانیاری مرۆڤایەتی پێشکەوتن و گەشەی بەخۆیەوە بینیوە .

ئەگەر دۆزینەوەی چاپ لەلایەن ( گۆتێنبرگ ) ەوە دابنرێت بەسەرەتای دەرکەوتنی ڕۆژنامە بەو مانایەی ئەمڕۆ بەسەریدادراوە . ئەوا دۆزینەوەی ئینتەرنێت و بڵاو بوونەوەی بەشێوەیەکی خێراو فراوان لەزۆربەی وڵاتانی جیهاندا چەندین گۆڕانکاری بنەڕەتی لەڕۆژنامەو پیشەی ڕۆژنامەگەریدا بەرپاکرد و بوو بەمایەی دەرکەوتنی جۆرێکی نوێ لەڕۆژنامە کەبەڕۆژنامەی ئەنتەرنێتی(Electronic News Paper) یان ڕۆژنامەی ناکاغەزی (Paperless News Paper) ناسراوەو بەوێنەی موناسیێکی ڕۆژنامەی چاپکراو لەشێوە تەقلیدیەکەی ئێستادا کەوتە خۆسەپاندن لەقۆناغی بەکارهێنانیدا یان مامەڵە کردن لەگەڵیدا



لەلایەن جەماوەرەوە , پاشان وەك جێگرەوەیەك بۆ ئەو جۆرەی ڕۆژنامە لەکاتی گەیشتنی بەقۆناغی پشت پێبەستنی لەلایەن خوێنەرانەوە .

بڵاوکراوە ئەلکترۆنیەکان هاوکات لەگەڵ گەشەی ڕوو لەپێشی ژمارەی بەکارهێنانی ئینتەرنێت و چوونە سەرەوەی ڕێژەی بەردەنگەکان . بۆ وەرگرتنی پاك و شەفاف بوون بڵاوکردنەوەی بابەت و وێنەکان لەشێوازی نوێ کەڵك وەردەگرن .

بەزامنکردنی پێگەی تر ئەو پەیامنێرەی پیشەکەی لە ئینتەرنێتدا بەکاردەهێنێت دەتوانێت خوێنەری بابەتەکە ڕەوانەی پێگەی تری ئەلکترۆنی بکات کە زانیارییان تێیدایە، پێدەچێت هەندێك لەو پێگانە پەیوەندییان بەو دامەزراوەیەوە نەبێت کە پەیامنێرەکە کاری تیادا دەکات بەڵام زانیاریی بنیچینەیی ومێژوویی زیاتریان تێدایە، دەکرێت ئەو بابەتانەی لەئینتەرنێتدا بڵاودەبنەوە ناونیشانی پێگەی ئەلکترۆنیی تری تێدا بڵاوبکرێتەوە تاوەکو خوێنەر بتوانێت بگەڕێت ،بۆنموونە، ئەگەر بابەتەکە باس لەکەمبوونەوەی نمرەی خوێنکاران لە تاقیکردنەوەکانی سەرە تایی دواناوەندییەکاندا بکات لەسەرجەم وڵاتدا، پێدەچێت لەو پێگە ئەلکترۆنییانەی پەیوەندییان بەبڵاوکردنەوەی (بەیان)ەوە هەیە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی هەموو

خوێندنگاكان بلآوكرابێنەوە وئەوكاتە خوێنەر دەتوانێت لەو خوێندنگاكایە بگەڕێت كە مەبەستێتی.

شێوازێكی تریش هەیە كەبەڕێژەیەكی زیاتر بەكاردەهێنرێت لەوەی پێشووتر باسكرا، ئەویش(كلیك كردنە لەسەر ئەو شوێنەی ئەكتیف دەكرێت) یان ئەو ڕونكردنەوانەی لە دیزاینی لاپەڕە ئەلكترۆنییەكاندا ئاماژەیان پێكراوە.

ئەو ئامرازانەی ڕێگە بەخوێنەری ئینتەرنێتی دەدەن گەڕانێك لەچواچێوەی مەودایەكدا بكات كەبگاتە (360) پلە پێشكەشكردنی زانیارییەكان لە ئینتەرنێتدا بەهێزتر دەكەن، كەئەمەش یەكێك لەبەرنامە وێنەییە جولآوەكانی كۆمپیوتەر دەتوانێت بیكات كە پێیدەوترێت (فلاش دیسك) ولەرێگەیەوە خوێنەر دەتوانێت دزاینی پێكهاتەكان بەكاربهێنێت وەك ڤیدیۆ وهۆكارەكانی ڕونكردنەوەو وێنەی جولآو، بۆ نموونە تۆڕی (BBC)ی لەندەن پێگەیەكی تایبەت كردووە لەسەر مادە بێهۆشكەرو دەرمانە قەدەغكراوەكان وكحولییەكان، ئەم پێگەیە كارئاسانی بۆ بەكارهێنەری ئینتەرنێت دەكات دەرمانێك یان هەر مادەیەكی بێهۆشكەر دیاری بكات وبزانێت تاچەند كاریگەریی لەسەر ئەندامەكانی لەشی مرۆڤـ هەیە، هەروەها دەتوانێت زانیاریی زیاتری لەبواری تەندروستیدا دەست بكەوێت،



هەروەها بۆ نموونە پێگەی مەتەڵ و یارییەكان كە لەشێوەی پرسیارو وەڵامدان دەتوانرێت سودیان لێوەربگیرێت.

سەرچاوە بۆ دامەزراندنی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی ڕۆژنامەنوسەكان ڕاهاتوون لەسەر نوسینی بەبەكارهێنانی چەند نموونەیەك بۆ ڕێكخستنی دەقە كە , كە بەستراوەتەوە بەپەیوەندی نێوان سەرەتاو كۆتایی , بەڵام لەڕۆژنامەی ئەلكترۆنی ئەم بنەماییە نەماوە چونكە لاپەڕەی پێشوازی هەیە لەڕۆژنامەدا پێك دێت گۆشەكانی ڕۆژنامە بۆ ئەوەی خوێنەر ڕێگەی تربگرێت بۆ گەیشتن بەمادده چاكەكان ئەتوانرێت خاڵەپێویستەكان دیاری بكرێت لەچەسپاندنی ڕۆژنامەی ئەلكترۆنی:

(سكوت ئەتكینسۆن) بەڕوبەرێكی هەواڵی تەلەفزیۆنییە، دەڵێت(باشترین ئامۆژگاری كە هەمە ئەوەیە، وا بۆ ئینتەرنێت بنووسە هەروەك چۆن نامەیەكی ئەلكترۆنی بۆ هاوڕێیەكت دەنووسی، ئەمەش مانای ئەوە نییە ناتوانیت هەڵە بكەیت یان وابێت مانای سەرگوزشتەكەت ونبكەیت یان لەچوارچێوەی دەرچوو بیت، بەڵكو مەبەستی لەوەیە لە نووسینەكەتدا شێوازێكی خۆشەویست ئامێزانە بەكار بهێنە تا دەتوانییت).

لەگەڵ ئەوەی پێگە هەواڵییەكان لە ئینتەرنێت وەك نەریتێك هەڵبژاردنی جۆراوجۆری بۆ بەكارهێنەرانی دابینكردووە، بەڵام

پێویستە لەسەر نووسەران پێشەکیی دورودرێژ یان ئاڵۆز وەلانێن کە خوێنەر ناتوانێت خێرا لەمەبەست بگات، پێشەکییەکە دەبێت هاندەربێت بۆ بەردەوامبوون لەخوێندنەوەدا، ئەگەر نا خوێنەر ڕودەکاتە خوێندنەوەی بابەتێکی تر، بابەتەکان لە ئینتەرنێتدا بەگشتی لەو بابەتانە کورتترن کە لەڕۆژنامەکاندا دەنووسرێن، باشوایە بابەتێکی ئینتەرنێتی لەسنووری (800) وشەدا بێت ولەیەك پەڕەدا بنووسرێت، توێژینەوەکان سەلماندوویانە کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت وا دەخوازن وئارەزوودەکەن پەڕەکە تاکۆتاییەکەی بخوێننەوە، بەڵام پاساویشیان پێ نییە بۆ ناچاربونییان لەچوون بۆ پەڕەکانی تر تا بابەتەکە تەواو بخوێنەوە، بەڵام بۆ ئەوەی وەرگرتن و تێگەیشتنی بابەتەکە ئاسان بێت(دیۆب) بۆ ئەوانەی لە ئینتەرنێتدا دەنووسن پێشنیازدەکات دەقی بابەتەکە دابەشبکرێت بۆ چەند بڕگەیەکی جۆراوجۆر ومانشێتی فەرعی بەکاربێت وبابەتەکە دابەش بکرێت بۆ چەند خاڵێکی دیاریکراو بۆ پێشکەشکردنی بیروڕاکان بەڕێگەیەك زۆر جیاوازتر لەوەی لەڕۆژنامەگەریی چاپکراودا ڕوو دەدات.

ڕۆژنامەنوسی لە ئینتەرنێتدا ڕێگە بۆ خوێنەران ئاسان دەکات بۆ قسەکردنی ڕاستەوخۆ وخێرا لەگەڵ نووسەر یان سەرنووسەرەکاندا ئەویش لە ڕێگەی ئیمێڵەوەیە یان لە ڕێگەی گفتووگۆی ڕاستەخۆ



(چات- chat-)وە لە ئینتەرنێتدا، بێجگە لەوەش زۆر پێگە هەن شوێنی دیاریکراو تەرخان دەکەن بۆ پێشکەشکردنی ڕاوبۆچوون و کاردانەوەکانی خوێنەران تا کەسانی تریش ئاگایان لەوەبێت کە نووسەرەکە دەینوسێت و وەڵامی بدەنەوە.

ڕادیۆی گشتیی لە (مینسیوتا) لە وویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕووبەرێکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ پەیوەندی یان نامەی ئەلکترۆنی (ئیمێڵ) بەمەبەستی وەرگرتنی ڕای خەڵك و کاردانەوەی جەماوەر لەسەر ئەوەی لەڕێگەی چەخماخە (اپیر) یان ئەوەی لە ئینتەرنێتدا بلاّودەبێتەوە، هەروەها داوا لە گوێگران دەکات پەیوەندییان پێوەبکەن یان ئیمێڵیان بۆ بنێرن بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی زیاتر پێیان، هەروەها بلاّوکراوەکان لە پێگەی تایبەتی ئەو ڕادیۆیەدا گۆشەیەکی تایبەت لە خۆدەگرێت بە ناونیشانی(یارمەتیمان بدە بۆ بەدوواداچونی بابەتەکە) ئەویش بەمەبەستی ئەوەی خەڵك بتوانێت ڕا وسەرنجی خۆی بدات .

(ڕادیۆکە) ڕاپرسییەك ئەنجام دەدات لەنێوان جەماوەرەکەیدا پێش بەرهەم هێنانی ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، وەك باسکردنی حاڵەتی باری ئابووری لە ویلایەتەکەدا، (بیل بۆزینبێرگ) بریکاری سەرۆکی هەواڵ لەو (ڕادیۆیە) دا دەڵێت هاوکاری وهەماهەنگی جەماوەر دەبێتە هۆی(وردتر بەدواداچوون و زیاتر

قوڵبوونەوەی هەواڵی کەتیایدا زۆرێك لە پەند ونموونە و ڕای واقعیانە لە خۆ دەگرێت). بۆ نموونە لەداڕشتنی هەواڵەوە تا دانانی وتارێك. لەمەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەڕۆژنامەی ئەنتەرنێتی ئامڕازێکی میدیاییەو لەڕێگەی تۆڕەکانی ئینتەرنێتەوە دەگاتە جەماوەر , جیاوازیشە لەهەندێك زاراوەی نزیك لێیەوە وەك هەواڵی ئەلکترۆنی (ELECTRONIC NEWS) کەبەر لەوبەکارهێنراوە بۆ ئاماژەدان بەشێوازێکی مومارەسەی ڕۆژنامەوانی کەئامێرە ئەلکترۆنیەکان وەك ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لەناو کۆمەڵە سیستەمێکی دیاریکراوی وەك تیلیتێکست دا ئەنجامی دەدەن.

**سەرچاوەکان:**

-ناتق خەلوسی , ئینتەرنێت تۆڕی زانیاری جیهان , وەرگێڕانی ئەکرەم قەرەداغی , چاپ و پەخشی سەردەم . سلێمانی . 2003

-سامان فەوزی , میدیای ئینتەرنێت و گرفتەیاساییەکان , وەرگێڕانی هونەر رەسوڵ , چاپ و پەخشی سەردەم , 2004

-ئومێد مەسعودی , بنەماکانی نووسین لەڕاگەیاندندا , وەرگێڕ جوامێر مارابی , چاپی یەکەم چاپخانەی سیما سلێمانی 2005

-د. نجوی عبدالسلام فهمی . المجله العلمیەلجوپ الاعلام تحربه العماقه الالکترونیه اعێریه والدیته , العدد الرابع , دیسمبر 1998.

-دیبۆرا بۆتەر:بەڕێوەبەری جێبەجێکاری,نیوزلاب- ڕێبەری ڕۆژنامەگەریی سەربەخۆ-سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لقی سلێمانی وەرگیرانی لە عەرەبییەوە: حەمید ئەحمەد

-www.newslab.org



# میدیای ئینتەرنێتی

ڕۆژنامەنووسی لە ئینتەرنێتی شێوازی وتایبەتمەندی میدیای چاپکراو وبیستراو وبینراو لەخۆدەگرێت، لەگەڵ چەند تایبەتمەندێکی تر کە ئینتەرنێت خۆی پێشکەشی دەکات ، زۆرجار پێگە ئەلکترۆنییەکان وتاری هەواڵ ئامێز بڵاودەکەنەوە کە دەکرێت بخوێنرێنەوە هەروەك ئەوەی لەو وتارانەدا هەن کە ڕۆژنامەکان بڵاودەکەنەوە، وەهەندێ کاتی تریش بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت واهەڵدەبژێرن کە بەشێکی تۆمارکراوی ڤیدیۆیی ببینن وبەمەش ئینتەرنێت وەك پەخشی تەلەفزیۆنیی لێدێت، هەر بابەتێك لە ئینتەرنێتدا بڵاوببێتەوە دەتوانرێت هەموو ئەو گۆشانەی تیادا بەکاربهێنرێت کەلە ئینتەرنێتدا دابینکراوە، ئەمە ئەو هۆکارە نوێیەیە کە وا لەخوێنەر یان ئەو کەسەی پێگەکەی کردۆتەوە دەکات ببێت بەبەشدارێك وشێوازی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو زانیاریانەی دابینکراون، (نورا پول) بەڕێوەبەری پەیمانگای توێژینەوەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی نوێی سەر بەزانکۆی( مینیسوتا)یە دەڵێت(ئەگەر هەندێك سەرچاوە لە ژێر کۆنترۆڵی بەکارهێنەری ئینتەرنێتدا بوایە، ئەوا دەبووە هۆی ئەوەی

که بابەتەکە شێوەیەکی نوێ وەرگرێت لە شێوەکانی پێشکەشکردنی بابەتەکان).

(جۆناسان دیۆب)یش دەڵێت: بڵاوکەرەوە لە پێگەیەکی ئەلکترۆنی بەناوی (سایبر جۆرنا لیست، دۆت نێت) باس لەو کاریگەرییانە دەکات کە ئینتەرنێت وهەندێك لە شێوازە تەکنەلۆژیا نوێکان لەسەر هۆکارەکانی راگەیاندن دروستی دەکەن ودەبنە مایەی گۆڕانکاری تیایاندا ودەڵێت(ئەو رۆژنامەنووسانەی پیشەکانیان لەسەر ئینتەرنێت دەکەن دەبێت بیر لە زۆر ئاست بکەنەوە لەیەك کاتدا وەك: وشەکان، فکرەکان، بونیادی بابەتەکە، دیزاین، هۆکارەکانی ئاوێتەبوون، دەنگ، ڤیدیۆ، وێنە، بڕیاردان لەسەر هەواڵ.

تەلفزیۆن هەواڵەکان پەخشدەکات بۆئەوەی جەماوەر بیبینێت، میدیایی نووسراویش لە هەواڵەکان وپێشکەشکردنی درێژەدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام ئینتەرنێت بواری پێشکەشکردن وهەواڵ وڕونکردنەوە وئاوێتەبوونەکان دەدات وپێشکەشی دەکات، بۆئەوەی ئەمەش بەرجەستە بێت رۆژنامەنووسانی سەر ئینتەرنێت زانیارییەکان بەشێوەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکەن، ئەویش بە بەکارهێنانی شێوازی هەمەچەشنە لەبابەتەکانیاندا.



### - ***چەشنەکانی بابەت وێنە لە ئینتەرنێتدا***

ئاسانترین شێوازەکانی خستنەروی بابەتەکان لە ئینتەرنێتدا بەوە باس دەکرێت کە(چاپکراوێکە لەگەڵ هەندێکی زیاتر)و بریتی یە لە تێکستێکی نووسراو لە بابەت ،کە تیایدا سەرچاوەی دیکە لەخۆدەگرێت وەك وێنەی فۆتۆگرافی وپارچە دەنگییەکان یان وێنە گیراوەکان بە ڤیدیۆ، یان ئاماژەکردن بە پێگەی تری ئەلکترۆنی تا زانیاری زیاتر بەدەستکەوێت، بەزامنکردنی پێگەی تر ئەو پەیامنێرەی پیشەکەی لە ئینتەرنێتدا بەکاردەهێنێت ناونیشانی پێگەی ئەلکترۆنیی تری تێدا بڵاوبکرێتەوە تاوەکو خوێنەر بتوانێت بگەڕێت ،بۆنموونە، ئەگەر بابەتەکە باس لەکەمبوونەوەی نمرەی خوێندکاران لە ئەزمونەکانی خویندنگا دواناوەندییەکاندا بکات لەسەرجەم وڵاتدا، پێدەچێت لەو پێگە ئەلکترۆنییانەی پەیوەندییان بەبڵاوکردنەوەی (بەیان)ەوە هەیە ئەنجامی ئەزمونەکانی هەموو خویندنگاکان بڵاوکرابێنەوە وئەوکاتە خوێنەر دەتوانێت لەو خویندنگاکاندا بگەڕێت کە مەبەستێتی.

شێوازێکی تریش هەیە کەبەرێژەیەکی زیاتر بەکاردەهێنرێت لەوەی پێشووتر باسکرا، ئەویش(کلیك کردنە لەسەر ئەو شوێنەی ئەکتیف دەکرێت) یان ئەو ڕونکردنەوانەی لە دیزاینی لاپەڕە ئەلکترۆنییەکاندا ئاماژەیان پێکراوە.

ئەویش بەمەبەستی ئەوەی خەڵك بتوانێت ڕا وسەرنجی خۆی بدات .

ڕادیۆکە ڕاپرسییەك ئەنجام دەدات لەنێوان جەماوەرەکەیدا پێش بەرهەم هێنانی ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر بابەتێکی دیاریکراو، وەك باسکردنی حاڵەتی باری ئابووری لە ویلایەتەکەدا، (بیل بۆزینبێرگ) سەرۆکی بەشی هەواڵ لەو ڕادیۆیەدا دەڵێت: هاوکاری وهەماهەنگی جەماوەر دەبێتە هۆی(وردتر بەدواداچوون و زیاتر قوڵبوونەوەی هەواڵی کەتیایدا زۆرێك لە پەند ونموونە و بۆچونی راستگۆیانە لە خۆ دەگرێ).



# میدیا و رۆژنامەنووسی ئەکادیمی

لەماوەی بیست ساڵی رابردووی دەسەڵاتی خۆماڵێ لە باشوری کوردستان، یادێکی شایستە بۆیادەوەری دەرچونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی نەکراوەتەوە کەشایەنی ئەو رێگایە بێت کەماوستای کوردایەتی (مقداد مەدحت بەدرخان) بە هەوڵ وماندوبونێکی بێوچان ،رێگای دەرچونی رۆژنامەی کووردی لە دووری هەزارن میل لە کوردستان رۆشنکردەوە.کە ئیستا ئەم رێگایە ئەوەندە فراوان بووە ،کە هەریەکێك لە ئێمە ئەتوانین کەسایەتی ورۆشنبیری تیادا ببینینەوە بە بڵاو کردنەوەی ژانرەکانی رۆژنامەنووسی گێرانەوەی تۆماری سەروەری مێژو وسەرە رای بونی سەدان رۆژنامەو گۆڤار ،دەیان کەناڵی تری راگەیاندن لە مەنگەلەی ئاسمانی و ماڵپەڕەکانی ئینترنیت . بەلام هێشتا بە قەدەر وتارانەی کە لە رۆژنامەی کوردستانی بەدرخانیان کاریگەرییان لە سەر رەوتی ئازادی خوازی گەلی کورد نییە،چونکە ئەو رۆژنامەنووسانەی کە لەو سەردەمانە بابەتیان دەنووسی و بڵاوییان دەکردوە ،جێگای متمانەی خوێنەرەکانیان بوون.بەڵام لە سەردەمەی پیشکەتنی تەکنەلۆژییای

کە ئێستا هەیە ،ناتوانین بڕوا بە خوێنەر بکەین کە ئەو زانیاریانەی کە بڵاوی دەکەنەوە ڕاستن،چونکە ئەوەندە بابەتی بیبنەماودوور لەڕاستیان بڵاوکردوتەوە ، خوێنەری کوردی والێکردووە کە ئەگەر زانیارییەك وەربگرێت دەبێت لە چەندین کەناڵی تری ڕاگەیاندن گوێ ڕاگری بکات بۆ ئەوەی باوڕی پێبێنێ.ئەوەش بو چەندین هۆکار دەگەڕێتەوە کە میدیای کوردی بەو ئاقارەدا بردووە،یەکێك لە هۆکارانە،کە بەردوام گوێمان لیدەبێت لەکاتی بڵاوکردنەوەی هەواڵێك، دەلێت سەرچاوەیەك کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکات.ئەوجۆرە سەرچاوانە مەگەر تەنها لە میدیای کوردی بایەخی مابێت .سەرچاوەی زانیاری ڕاست و دروست پیوستی بە شاردنەوە ناکات .

هۆکاری تر ئەو ڕۆژنامەنووسانەن لەکەناڵەکان کاردەکەن لەروی زانیاری میدیایی هەژارن و هەوڵییش نادەن کە خۆیان بەباشی لە ڕۆوی ڕۆشنبیری میدیای تەیار بکەن.هۆکارێکی کە جێگای هەڵوێستە لە سەرکردنە وەرگرتنی ئەوڵیشاوە زۆرەیە کە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان وەریدەگرن دوور لە خواستی خۆیان،بیگۆمان ئەوەش کاریگەری خەرابی دەبێت لە سەر ئایندەی میدیای کوردی .لە ڕوی ئەکادیمی و پرۆفیشنالی کاری میدیایی لە کوردستان. لەماوەی (حەوت ) ساڵ ڕابردوو زیاتر لە (دوو هەزار )کەس لەم بەشانە



دەرچوون ،بەڵام ئێستا لە هەمووکەناڵەکانی ڕاگەیاندن( دووسەد) ڕۆژنامەنووسی ئەکادیمی باش بەدی ناکەین. ئەوەش سەرنەکەوتنی پرۆسەی خویندن لە بواری میدیا دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

# ڕۆژنامەنووس و گەیاندنی هەواڵی خێرا

پێشکەوتن و تەکنەلۆژیای نوێ وایکردووە هەموو کەسێك کە کۆمپیوتەری لە بەردەستدا بێت دەتوانێت زانیاری بڵاوبکاتەوە بە شێوەیەکی فراوان کە مەوداکەی دەگاتە توانای دامەزراوە وئاژانسە هەواڵییەکان، هەرچەندە بوونی پێگەی ئەلکترۆنی لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی باش نەخشێنراوە، ئەمە بێجگە لە ڕادەی باوەڕپێکردنی ئەوەی تیایدا دەنووسرێت یان ئەو خێراییەی بەهۆیەوە زانیارییەکان تیایدا نوێ دەبنەوە نابێت بەو سەرچاوەیەی کە پشتی پێ ببسرێت لە دەستکەوتنی هەواڵدا، ڕاستییەکە ئەوەیە لەم جیهانە ئاڵۆزەی تیایدا دەژین کە وای لێهاتووە زانیارییەکان وەك کاڵایەکی دەگمەن نەماون کە پێشتر وابوون، ئێستا ڕۆڵی ڕۆژنامەنووس گرنگیی زیاتری هەیە لە چاو ئەوسادا.

به پێچەوانەی ئەوەی کە دروستکەرانی پڕوپاگەندەکان دەیکەن، ڕۆژنامەنووس هەڵدەستێت بە جیاکردنەوەی ئەو زانیاییانەی لایەتی ودواتر بڕیاری ئەوە دەدات کە پێی وایە چی نرخی هەیە ودەکرێت باوەڕی پێ بکرێت، پێش ئەوەی بیگەێنێتە جەماوەر، ئەو چیرۆکانەی



لە هەواڵەکاندا دەوترێنەوە ئەگەر چی هەواڵی جدی بن یان کەمبایەخ دەبێت چیرۆکی ورد وڕاست بن، ڕۆژنامەنووسان تەنها کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێویستیان پێیانە تا بتوانن قسەی لەسەر بابەتێك پێبکەن بەس بۆیان نییە بەڵکو لەسەریانە لە ڕاستیی زانیارییەکان بکۆڵنەوە پێش ئەوەی بەکاریان بهێنن، ڕۆژنامەنووسان پشت بەوە دەبەستن کە خۆیان بە گوێرەی توانا دەیبینن پاشان ڕاوێژ لەگەڵ چەند سەرچاوەیەك دەکەن تا تەئکید لەوە بکەنەوە ئەو زانیارییانەی دەستیان کەوتووە ڕاستن، بێجگە لە هەندێك حاڵەتی دەگمەن ئەوان ئەو سەرچاوانە ڕادەگەێنن کە زانیارییەکانیان لێ دەستکەوتووە تاوەکو جەماوەر بتوانێت پێوەری ڕاستگۆییەکەی بکات.

هەرچەندە تەنها ڕۆژنامەگەری بڵاوکردنەوەی زانیاریی ڕاست وباوەڕپێکراو نییە، دەکرێت هەروەها پڕوپاگەندەش بگەڕێتەوە بۆ سەر بنەما ڕاستییەکان، بەڵام ئەو ڕاستییانەی بە شێوەیەکی دیاریکراو پێشکەش دەکرێن بە جۆرێك کار لە ڕای جەماوەر بکەن، هەروەکو ئەوەی پێشتر ئاماژەمان پێکرد، پسپۆڕانی بواری پەیوەندییە گشتیەکانیش ڕاستییەکان بەکاردەهێنن، بەڵام لەوانەیە قسە لەسەر یەك لایەن لە بابەتەکەدا بکەن، بەڵام ڕۆژنامەنووسان هەوڵی زۆر دەدەن لە پێناو پێشکەشکردنی چیرۆکەکان بەتەواوی

وبەبێگەردی، هەروەها تێدەکۆشن لە پێناوئەوەی چیرۆکەکان ورد وڕاست بن لە ڕاوبۆچوونی خۆیان یان ڕاوبۆچوونی کەسێکی دیکە.

هەروەها جیاوازی هەیە لە نێوان ڕۆژنامەگەری وهۆکارەکانی تری بلاَوکردنەوەی زانیاری، ئەویش ئەوەیە ڕۆژنامەنووسان هەوڵی تەواوی ئەوە دەدەن سەربخۆ وجیابن لەو کەسانەی بەدواداچوونی (رومالْ) هەواڵەکانیان دەکەن، کەچی ئەوانەی لەبواری پەیوەندییە گشتییەکاندا  بۆ دامەزراوەیەك یان ڕێکخراوێك ئیش دەکەن هیچ شتێك نانووسن کە خراپ بشکێتەوە بەسەر ئەو شوێنەی کاری بۆ دەکەن, بەلاَم ڕۆژنامەنووس هەوڵ دەدات مەسەلەکان بەتەواوی پێشکەش بکات ئەگەر چی بێتو ئیجابیش نەبێت.

ڕۆژنامەنووسان گوێزەرەوە نین بۆ ڕاوبۆچوونی خۆیان یان ئەو زانیارییانەی پێشکەشی دەکەن، ئەوان راپۆرتی بنچینەیی ئامادە دەکەن وڕاستی و و  وشتی باو تێکەڵ ناکەن وبڕیاری ڕاست دەدەن لەوەی کە تایبەتە بە ئامادەکارییەکان، هەروەك (بیل کیلەر)ی سەرنوسەری جێبەجێکاری ڕۆژنامەی(نیۆیۆرك تایمز) دەڵێت لێپرسراوێتی سەرەکی لە ڕۆژنامە گەریدا بریتی یە لە (بڕیاردان لەسەر ئەو زانیارییانەی هەیە).

ڕۆژنامەنووسان جیا لەکەسانی تر لەوانەی مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکاندا دەکەن، وەلائی سەرەکییان بۆ جەماوەر هەیە، هەروەك



لە میساقی شەرەفی ڕۆژنامەی (مۆنتریاڵ گازێت)ی کەنەدی-دا هاتووە (مەزنترین ئەوەیە هەر ڕۆژنامەیەك هەیەتی ئەمانەتێتی(ئەسپاردە)و ڕێزگرتنە لەو ئەمانەتە کە پڕ لەئازارە، بەلاَم لەکیسچوونی زۆر بەئاسانی ڕوودەدات، بۆ پاراستنی ئەو ئەسپاردەیە ڕۆژنامەنووسان ئەوپەڕی هەوڵیان دەخەنەگەڕ بۆ دوورکەوتنەوە لە بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکان ئەگەر چی ئەوە ڕاستی بێت یان چاوەڕوانکراو

# بنەما ئیتیکیەکانی رۆژنامەوانی لە ئەمریکا

یەکەم گۆڕانکاری لە دەستوری ئەمریکیدا کە بەر گری لە ئازادی رۆژنامەوانی دەکات لەڕێگەی هەر یاسایەکەوە , لەڕێگەی رۆژنامەوە ئەو مافە دەستورییە بۆ گەل فەراهەم دەکات, ئەمەش بەر پرسیارییەتێکی گەورە دەخاتە ئەستۆی رۆژنامەوانان، لەبەر ئەوەی کاری رۆژنامەوانی داوا لەو کەسانە دەکات کە کاری رۆژنامەوانی دەکەن تەنها خاوەنی زانیاری نەبن بە تەنها, بەڵکو داوای ئەوەش دەکات کە بگەنە ئاستی ئەمانەت و راستگۆیی کە بگونجێت لەگەڵ بنەماکانی کاری رۆژنامەوانیدا .

لەپێناوی ئەم ئامانجەدا کۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامەوانانی ئەمریکی ئەم بەیاننامەیە پێشکەش دەکەن وەك نمونەیەك یان پێوانەیەك کە وەك هاندەرێك وایە بۆ گەیشتن بە بەرزترین ئاستی کاری ئەخلاقی و پیشەیی.

**مادەی یەکەم: بەرپرسیارێتی:**

ئامانجی سەرەکی لە کۆکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان و بلاّوکردنەوەیان خزمەتگوزارییەکی گشتییە، ئەوەش لەڕێگەی پێدانی زانیاری بە خەڵك بە شێوەیەك تواناى بڕیاردانیان لا دروست



بکات دەر بارەی روداوەکانی رۆژ, بەلاّم ئەو رۆژنامەوانانەی ئەم دەسەلاّتەی کە بۆیان فەراهەم کراوە و بە خراپی بەکاری دەهێنن بە پێی کارەکەیان یان بە مەبەستێکی لە خۆباییانە ئاراستەی دەکەن، یان بۆ مەبەستێکی شاراوە کە خیانەت لەو متمانەیە بکات کە ڕای گشتی پێی داوە . رۆژنامەگەری ئەمریکی ئەو ئازادییەی بەدەستی هێناوە تەنها بۆ ئەوە نییە کە زانیاری بلاّو بکاتەوە, یان تەنها ببێتە سەکۆیەك بۆ گفتوگۆ کردن , بەڵکو بۆ ئەوەیە کە پشکنینێکی ووردو سەربەخۆ پێشکەش بکات کە سەرجەم چینەکانی کۆمەڵ حسابی بۆ بکات , لەگەڵ بەرزترین ئاستی دەسەلاّتدا.

**مادەی دووەم: ئازادی رۆژنامەوانی :**

ئازادی رۆژنامەوانی لە پێناوی گەل دایە. پێویستە لە بەرامبەر هەر جۆرە دەستدرێژی و ئیهانەیەکی ئەم لاو لا پارێزگاری لێبکرێت, ئەگەر گشتی بێت یان تاك, بۆیە پێویستە رۆژنامەوانان هەمیشە چاویان کراوە بێت و دڵنیا بن لەوەی کە هەموو ئەوانەی کە بەلای جەماوەرەوە گرنگە بەشێوەیەکی ئاشکرا بێت. هەروەها پێویستە لەوە ئاگادار بن کە هیچ کەس و لایەنێك بۆ مەبەستی خودی ئیستغلالی رۆژنامە نەکات .

**مادەی سێیەم:** سەربەخۆیی رۆژنامەوان, پێویستە رۆژنامەوانان دەستبەرداری هەڵسو کەوتە نەشیاوەکان ببن, یان دەرکەوتنیان بەشێوەیەکی نەشیاو, هەروەها دور بکەونەوە لە هەر جۆرە بەر یەککەوتنێکی بەرژەوەندییەکان. هەروەها دەبێت هیچ شتێك وەر نەگرن و بەدوای هیچ کارو چالاکییەك نەکەون کە زیان بە کەرامەت و متمانەکەیان دەگەیەنێت.

**مادەی چوارەم:** وردی و ڕاستی و بەدەست هێنانی متمانەیخوێنەر بنەمای رۆژنامەوانی باشە, بۆیە پێویستە هەمووهەوڵێك بخرێتەگەڕ بۆ ئەوەی ناوەرۆکی هەواڵەکان بە شێوەیەك بێت کە وردبێت وخاڵی بێت لەهەر جۆرە لایەنگیرییەك و دەبێت ناوەڕۆکێکی بابەتی هەبێت وچیرۆکەکە سەرجەم لایەنەکان بگرێتەخۆ و بەشێوەیەکی داد پەروەرانە بلاّو بکرێتەوە .لە ووتار و شیکردنەوەو لێدوانەکان دەبێت بەهەمان شێوە ڕەچاویئەم لایەنە بکرێت, ئەو هەلاّنەی لە پێشکەشکردنی هەواڵەکاندا یان ئەو هەلاّنەی لە کاتی حەزف کردندا ڕوو دەدەن پێویستە لە شوێنێکی دیارو بە خێراترین کات بلاّو بکرێتەوە .



**مادەی پێنجەم:** لایەنگیری نەکردنی رۆژنامەوان مانای ئەوە نییە کە رۆژنامە لایەنگر نییە, یان بێدەنگە لە ئاست پرسیارەکاندا یان بیرو ڕاکانی خۆی دەرنابڕێ لە وتارەکاندا. بەڵکو پیادەکردنی کاری رۆژنامەوانی بەشێوەیەکی دروست پێویستی بەوە هەیە کە جیاکارییەك هەبێ بۆ خوێنەر لە نێوان ئەوەی رۆژنامە پێشکەشی دەکات لە نێوان ڕاپۆرتە هەواڵ و ڕادەربڕیندا. ئەو وتارانەی کە بیرو ڕا و شیکردنەوە لە خۆ دەگرن پێویستە لە لاپەڕەی (ڕا) دا خوێنەر بە ڕونی بەرچاوی بکەوێت.
مادەی شەشەم: نوسینی چیرۆکە هەواڵ, پێویستە لەسەر رۆژنامەوانان کە ڕێز لە مافی ئەو خەڵکانە بگرن کە پەیوەندیان بە ڕوداوەکانەوە هەیە , هەروەها ڕەچاوی پێوانە هاوبەشەکان بکەن لەڕویشەرەف و ئەمانەتەوە, هەروەها بەر پرسیار بن لە بەرامبەر جەماوەردا لە ڕووی وردی و ڕاستی ڕاپۆرتە هەواڵەکانیانەوە, هەروەها ئەوانەی کە تاوانبار دەکرێن بە ئاشکرا پێویستە مافی وەلاّم دانەوەیان پێبدرێت لەنزیکترین کاتدا بۆ بەرگریکردن لەخۆیان. دەبێ رۆژنامەوان ئەو بەڵێنەی دەیدات سەبارەت بە پاراستنی سەرچاوەی هەواڵەکان جێبەجێی بکات, دەبێ بەوەفا بێت بەرامبەریو نرخەکەی هەرچەندەبێت, لەبەر ئەو هۆیە نابێ رۆژنامەوانان ئەو بەڵێنانە بدەن بەبێ ئاگاییەوە ئەگەر

بەشێوەیەك زۆر پێویست نەبێت, کەپارێزگاری لە متمانەی سەرچاوە رۆژنامەوانییەکە بکەیت, بۆیە دەبێسەرچاوەی ئەو هەواڵانە دەر بخرێت.

ئامانج لەم بنەمایانە پتەوکردن وبەهێزکردنیمتمانەو ڕێزگرتنی پەیوەندی لە نێوان رۆژنامەوانە ئەمریکییەکان و گەلی ئەمریکایە , ئەو پەیوەندییە بە بناغەیەك دادەنرێت بۆ هێشتنەوەی ئەو ئازادییەیکە دامەزرێنەرانی ئەمریکا و رۆژنامەوانان کار لەسەر پاراستن و هێشتنەوەی دەکەن .

ئەم بەیاننامەیە لەلایەن کۆمەڵەی سەرنوسەرانی رۆژنامەوانانی ئەمریکییەوە گەلاڵە کراوەو بڕیاری لەسەر دراوە لە کۆبونەوەی 1975/10/23 کۆمەڵەکەدا وەك تەواوکارییەك لە بەیاننامەی ئەخلاقیاتی رۆژنامەوانی بە ناوی "یاساکانی رۆژنامەوانی " کەلەساڵی 1922 دا دەرچووە .

سەرچاوە:
www.t1t.com



# چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی

لەکاری ڕۆژنامەنووسی ژانەرەێك هەیە پێی ئەڵێن چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی کە شێوەیەکە لە نووسینی (وەسفی) کە زۆرترین جۆرەکانی (لێکۆڵینەوە ، ڕاپۆرت ، توانج ) لە خۆدەگرێت .

ئەو چیرۆکە ڕۆژنامەنووسیەی نووسەر بە شێوەیەکی زۆر بابەتیانە دەینووسێت کە هەست و سۆزی هاوڵاتیان دەبزوێنێ کە کاریگەریان لەسەر دروست دەکات .

بابەتەکە بەشێوەی ڕووداوێك کە بەڕاستی ڕوویداوە دەیگێڕێتەوە کە خوێنەر دێر بە دێر ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی بگاتە کۆتایی .

کورتە مێژوویەکی چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی :-

چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (نیو ملیۆن ) ساڵ بەر لە زاینی .

لێزان (هۆمیرۆس) بە پێشەنگی چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی دادەنرێت کە یەکەم چیرۆك نووس بووە کە (ئیلیازە) ی نووسیوە وەسفێکی ڕاستەقینەی جەنگەکانی (تەروادە) ی کردووە ،هۆمیرۆس یەکەم پەیامنێری جەنگ بووە ،لە مێژووی ڕۆژنامەنووسی دا هەروەك چۆن یەکەم کەس بووە دەربارەی ئەدەبی گەشتە ئەوروپیەکانی نووسیوە

( 48) سالْ پێش زاینی لە دوای ئەوەی (هۆمیرۆس )هونەری چیرۆك نووسینی ڕۆژنامەنووسی داهێنا ، هونەری چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی سالْ لە دوای سالْ پەرەی سەند .

بۆ نموونە لە بەریتانیا ووتارەکانی( چارلز دیکنز )ڕواڵەتێکی زۆر جیاوازی هەبوو چونکە بە شێوەیەکی تەنز یان (گاڵتە جاڕیی )یەوە باسیکردووە و بە (واتا شێوازێکی گاڵتە جارانە) وەرگرتووە ، بەمەش ( دیکنز )بە دامەزرێنەری واقعیەتی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنرێت .

سەرەتا دیکنز چەند بابەتێکی ڕەخنەی کورتی خستە ڕوو لە دوای دەستی کرد بە نووسینی ئەو ووتارانەی کە ڕەخنە ئامێز بوون لە سیستەمی سەرمایەداری بە نازناوی (bozz) لە سالی 1791 لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی گەورەی فەرەنسا ، چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی بە شێوەیەکی فرە پەرەی سەند و بووە شێوازێکی تازەی بواری ڕاگەیاندن دیارترین نووسەری چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی ئەو سەردەمە لە فەرەنسا (جۆڵ دوجا) بوو ، کە بە نووسینی بابەتەکانی بە شێوەی چیرۆك سەرنجی هەموو چین و توێژەکانی ڕاکێشا بوو ، خەڵك بە تامەزرۆیەکی زۆرەوە بابەتەکانی ئەم نووسەرەیان دەخوێندەوە لە ماوەیەکی کەم دا توانی گەورەترین ناوبانگ لە بواری چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی دا دەربکات .



تاوای لێهات بوو کە خەڵکە بەشێوەیەکی تایبەت یان نائاسایی بە دوای دەگەڕان بۆ ئەوەی لە واقعیەتی ژیان ئاگاداری بکەنەوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی چیرۆك بیخاتە سەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکان لە هەمان کاتدا تیپە هونەری یەکانی ئەو سەردەمە زۆر سودیان لە بابەتەکانی (جۆڵ) وەردەگرت دەیان کرد بە دەقێکی هونەری و کاریان لەسەر دەکرد .

ئەرکە سەرەکیەکانی چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی :-

- بەدوادا چوونی ڕاستی یەکان و خستنە ڕوویان بە شێوەیەکی خۆشی و سووك و ئاسان .
- پێشکەشکردنی هەندێك ئامۆژگاری و فێرکاری گرنگ کە لە ڕووی شێوازە ووشکەکەی خوێندنگاکان و ناوەندەکانی تری خوێندندوربێت .
- بەشداریکردن لە دروستکردنی شێوازێکی لەسەرخۆ و هێمنانە لە بیرکردنەوەدا .
- لەبەر ئەوەی ماددە سەرەکی یەکەی چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی بریتی یە لە هەموو جیهان ، هەول دەدات بۆ خستنە ڕووی کەسیەتی مرۆڤەکان ، ئەو شوێنەی کە ڕواڵەتێکی تایبەتی هەیە .
-

**جۆرەكانی چیرۆكی ڕۆژنامەنووسی :-**

- چیرۆكی یاد و بیرەوەریەكانی سالآنە ( جەژنەكانی سەری سالْ ، نەتەوەی ، نەورۆز ، ڕۆژی نیشتمانی وولآتان ، دامەزراندنی پارتە سیاسی یەكان و ڕێكخراوە دیموكراتیەكان و پیشەیەكان ، جەژنەكانی بۆنەوڕووداوەكان ، یادگاریە تایبەتیەكان (كەسایەتیەكان) ئەمە سەخترین جۆری چیرۆكی ڕۆژنامەنووسی یە كە لەسەر كەسایەتیەكی تایبەت دەنووسرێت .
- دەربارەی ژیان و بەسەرهاتەكان ،زانیاری دەربارەی ئەو كەسانەی كە لە دەورو بەری ئەو كەسەن یاخود لە خودی كەسەكەوە نزیكن ، چیرۆكە ڕۆژنامەنووسییەكە جەخت لەسەر ئەو زانیاریانە دەكاتەوە كە ئەو كەسایەتیە جیا دەكاتەوە لە مرۆڤەكانی تر .
- لێشاوەی ڕۆژنامەنووسی ئامانجی ئەم چیرۆكانە بەدەستهێنانی ئامانجی گشتی كۆمەڵە (خوێندەواری ،پاك و خاوێنی ،پەروەردەی ...... هتد)
- ئامار ئەو چیرۆكانەیە كە مانای ئاماری گشتی و گرنگی یەكەی و چۆنیەتی بەكارهێنانی شی كردنەوە ، پەیوەندی



ئامار و بەرهەمهێنانی ئاژەڵی ، ئاماری كشتوكاڵ ، ئاماری تایبەت بە خاوەن بڕوانامە بالآكان و هتد......

- كۆمەڵ و كۆمەلآیەتی ئەو چیرۆكانەن كە ئامانجیان پتەوكردنی گیانی كۆمەلآیەتی یە بۆ نموونە ( بەرگری لە نیشتمان ، هاوكاری قەلآچۆكردنی مێشوولە هتد.....
- چیرۆكی ڕاگەیاندن هەواڵی ڕوونكردنەوەی بابەتێكی دیاری كراو بۆ جەماوەر ، هەوڵ دەدات ڕاستی یەكان بگەیەتێت .
- چیرۆكی ئەزموونی تایبەتی یەكان ( كەسایەتیەكان) ئەو چیرۆكانەیە كە دەسكەوت و ئەفراندنی تاكەكان لەخۆ دەگرێت (باسێك دەربارەی دەرهێنەرێك كە دەرهێنانی شانۆگەریەك دا ئەفراندنی كردەوە ، چیرۆك نووسێكی باش ، كرێكارێكی بەرهەمهێنەر) .
- چیرۆكی گەشتەكان .
- چیرۆكی هەواڵەكان ، ئەم چیرۆكە شان بە شانی ڕووداوەكان دەنووسرێ وەك ڕاپەڕینی بەهاری ئازاری 1991 و كۆرەوە ملیۆنەكەی كورد .
- ڕەخنەی سووك ئەركی ئەم چیرۆكە ڕەخنەگرتنە لە دیاردە (نێگەتیڤەكان ) وەك بیرۆكراتی .

- شیکردنەوە وەك چیرۆکی هونەریەکان ، ئەو ڕوونکردنەوەیی کە لەپاڵ فلیمە سینەمایەکاندا یاخود پەڕتووکە تازە چاپکراوەکان بۆ یارمەتی دانی خەڵك بۆ وەرگرتنی زانیاری .

**تایبەتمەندیەکانی چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی :-**

- هەوڵ ئەدات کاربکاتە سەر خوێنەر لە ڕێی خستنە ڕووی ڕاستیەکان .
- جولاندنی هەست و سۆزی خوێنەر .
- تایبەتمەندی لەڕووی ناوەڕۆکەوە .
- پشت بە ڕاستیەکان دەبەستێت .
- لەوانەیە چیرۆکەکە کاتی بێت ، یاخود هاوچەرخ لەگەڵ ڕووداوەکە یاخود پێچەوانە بێت .
- تایبەتمەند لە ڕووی نوسینەوە :-

لەوانەیە چیرۆکەکە بە شێوەی هەرەمی بنووسرێت کە زانیاریەکانی بەجۆرێکی مەنتیقیانە دابەشکرابن لە هەر دوو شێوەکەش دا نووسەر هەوڵ دەدات بگاتە لوتکە لە کۆتایدابێت یان نزیك کۆتای بێت .

- تایبەتمەندی لە شێوازدا :-



چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی لە ئەدەبەوە نزیکە و نووسەر ڕستە ئەدەبیەکان بەکاردێنێت (بابەتەکانی ڕوانبێژی لە وەسف و خوازەوە ، وە شێوەی گێرانەوەش بەکار دێنێت . ڕستەکانیش لە چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی دا پێویستە سادە و واتا داربێت و پێویستە بە شێوەیەك ڕیزی بکەین جۆرە گونجانێکی تێدا فەراهەم بێت .

**تایبەتمەندیەکانی نووسەری چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی :-**

- زۆر باش شارەزای ژیانی خەڵك بێت .
- ئەدیب بێت .
- لە ڕووی زمانەوە لێزان و شارەزا بێت .
- هەڵگری بیرو بۆچوونێکی سیاسی ئاشکرا بێت .
- زانیاری فراوانی هەبێت لە ڕووی بیرەوەری و مێژووی ، بیری فراوان بێت .

---

# دیمانەی ڕۆژنامەنووسی لە ڕۆژنامە و ئێزگەکان

پەیامنێری ڕۆژنامەنووس (کریستین گیلگار) دەڵێت کارامەیی لە ئەنجامدانی دیمانەی ڕۆژنامەیی وئیزگەکاندا بنچینەی هەموو ڕاپۆرت وبابەتە ڕۆژنامەوانیە باشەکانە ودیمانەی ڕۆژنامەیی بەوە پێناسە دەکات کەبریتی یە لە زانیاریەك و ڕاوبۆچونێك یان پسپۆڕییەك کەلەسەرچاوەیەکەوە کورت دەکرێتەوە لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەنووسدا، دیمانەی ڕۆژنامەیی یان ڕادیۆیی جیادەکاتەوەو وا دەکات هەندێك لە ئاخاوتنی ئاسیی جیاوازتر بێت ئەوەیە پەیامنێری ڕۆژنامەنووس خۆی ڕوکاری پرسیار وئەگەرەکان دیاری دەکات کە لەکاتی گفتوگۆکەدا دەوروژێنرێن.

دیمانەی ڕۆژنامەیی هەموو کاتێك ئاسان نابێت، پێدەچێت خەڵك سوور بێت لەسەر گفتوگۆکردن لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بەتایبەت گەرهاتوو بابەتەکە شایەنی باسکردن بێت، لەکاتی مامەڵەکردنیشدا لەگەڵ لێپرسراوان دەبێت ڕۆژنامەنووس بەئەگەرێك دەست پێبکات کە جەماوەر مافی خۆیەتی ئەوە بزانێت کەلێپرسراوان دەیکەن، ئەو



پەیامنێرە ڕۆژنامەنووسانەی شارەزاییان هەیە بۆیان دەرکەوتووە دەتوانن زۆربەی ئەو لێپرسراوانەی نەیانویستووە دیمانەی ڕۆژنامەیی ئەنجام بدەن رازی بکەن دیمانەیان لەگەڵ ئەنجام بدرێت کاتێك ڕۆژنامەنووسان بۆچونێکی وایان لادروست بوبێت کە ئەو لێپرسراوانە بیانو دەهێننەوە یان ڕێگر دەبن لەوەی دیداری رۆژنامەنووسیان لەگەڵ بکرێ، بە بیانوی :

- **کاتیان نییە:** پەیامنێری ڕۆژنامەنووس دەتوانێت پێشنیازی گونجاوترین کات وباشترین شوێن بۆ ئەو کەسە بکات کە دەیەوێت دیمانە و قسەی لەگەڵدا بکات، هەروەها باشتر وایە کاتێکی زۆر کەم پێشنیاز بکات.

-**لەوە دەترسن کە لەوانەیە بابەتەکە وایان لێبکات بەشێوەیەکی ناخۆشەویستانە دەربکەون:** لەبەر ئەوە دەبێت پەیامنێر ڕێز بۆ خەڵك دابنێت و بەوردی پێیان بڵێت بەوپێیەی خواستی پەیامنێر لە قسەکردن لەگەڵیاندا هاوکاردەبێت لە دڵنیابوون لەسەرچاوەکە یان ئەو کەسەی دیمانەی لەگەڵدا دەکات.

-**نازانن چی بڵێن:** دەبێت پەیامنێر ڕون و ڕاشکاوانە بێت دەربارەی ئەو هۆکارانەی پاڵی پێوەناوە بۆ دەستکەوتنی ڕاوبۆچوونی کەسێکی دیاریکراو.

**بەیەكگەیشتنیان ئەركێكی گرانە:** پەیامنێران زۆر جار پێویستە لەسەریان لەڕێگەی سكرتێر یان فەرمانبەری پەیوەندییەكانەوە پەیوەندی بەو كەسەوە بكەن كەدەیانەوێت دیمانەی لەگەڵدا بكەن، ئەگەر پەیامنێران گومانیان لادروست بوو كەداواكەیان بەكەسی مەبەست نەگەیشتووە ئەوا هەندێكیان نامەی ڕاستەوخۆی بۆ دەنێرن، وەیان لەكاتی نانخواردنی نیوەڕۆدا یان لەسەعاتەكانی دوای كاری فەرمی تەلەفۆنی بۆ دەكەن بەو مەبەستەی پێی بگەن.

پاش ئەوەی ڕیككەوتن لەسەر دیمانەكە، توێژینەوە لەسەر كەسێتی كەسەكە وئەو بابەتەی دەبێتە تەوەری باسەكان زامن بوو، دەبێت پەیامنێرەكە زیاتر خۆئامادەكاری بكات، زۆرێك لە ڕۆژنامەنووسان لیستێك لەو پرسیارانەی كەدەیانەوێت ئاراستەی بكەن یان چەند سەرەقەڵەمێك لەسەر تەوەرەكان ئامادە دەكەن ولەگەڵ خۆیاندا دەیبەن، بەلاّم لەكاتی چاوپێكەوتندا نایخوێننەوە بەڵكو لەكاتی نزیك بوونەوەی كۆتایی دیمانە كە سەیرێكی دەكەن بۆ ئەوەی دڵنیابن كەهیچ بابەتێك یان خاڵێكیان لەبیر نەچووە باسی لێوە نەكرابێت، وەهەروەها دەبێت لیستەكە ئەوزانیاری یان بەڵگەنامە یان وێنانەی تێدا بێت كەدەیانەوێت لەسەرچاوەكە دەستیان بكەوێت.



پرسیار بڕبڕەی پشتی هەموو دیمانەیەكە وئەو سوكانەشە كە پاپۆڕەكە بەئاراستە ڕاستەكەدا دەبات، پرسیاری باش پاداشتی پەیامنێر بەچەند وەلاّمێكی چاوەڕوانەكراو وزانیاریی بەنرخ و شتی كتوپڕ دەداتەوە، بەلاّم پرسیاری لاواز وا لەپەیامنێر دەكات ڕوبەڕوی پرسیار بێتەوە كە ئایا پەیامنێرەكە بانگێشتی چیدەكات لەو قسانەیدا لەگەڵ ئەو كەسە؟

بەلاّم پرسیاری دیاریكراو بەڕادەیەكی زۆر پەیامنێر بەلای ڕویەكی سەخت وبەردەلاّن وهەڵەدا ڕادەكێشێت. هەروەها پرسیاری یەكەم لەهەر دیمانەیەێكدا گرنگە لەبەر ئەوەی شێواز وسروشتی ئەو پرسیارانەی تر دیاری دەكات كە بەدوایدا دێن، زۆرێك لە ڕۆژنامەنووسان حەزدەكەن بەپرسیارێك دەستپێبكەن بۆ لابردن ونەهێشتنی ساردی وبەستەڵەكیی نێوان خۆی وئەو كەسەی دیمانەیكەی لەگەڵدا ساز دەكات بۆئەوەی زیاتر دڵنیا وهێور بێت، بەشێوەیەكی باویش ئەو پرسیارە لەسەر شتێك دەبێت خۆشحاڵبن بەوەلاّمدانەوەی، پێدەچێت ئەو شتەش لەراستیدا هیچ پەیوەندیەكی بەهۆكاری دیمانەكەوەِ نەبێت بەلاّم زۆركات هاوكارێك دەبێت لەهەستپێكردنی كەسێتیەكە یان سەرچاوەكە بەڕاستگۆیی ڕۆژنامەنووسەكە، هەروەك دەكرێت ببێتە هۆی دەستپێكی هەست بەباوەڕپێكردن وكراوەیی لەنێوان هەردوولادا.

لەزۆربەی کاتیشدا باشترین پرسیار ئەو پرسیارانەن کەکۆتاییەکانیان کراوەن وناتوانرێت تەنها بەبەڵێ یان بەنەخێر وەڵام بدرێنەوە،هەروەها ئەو پرسیارانە نابێت پەندوحیکمەتێکی دیاریکراو لەخۆبگرێت و دەبێت وابەستە نەبێت بە بنچینەی ڕاوبۆچونی ڕۆژنامەنووسەکە، ئەوە ئەو جیاوازییەیە لە نێوان ئەم دوو پرسیارەدا (ڕاتان چییە لەمەدا.....؟) و(پێشبینیی چیت دەکرد...؟).

ئەگەر گرنگ بوو ڕۆژنامەنووسەکە پرسیاری باش بکات ئەوا گرنگیش دەبێت کە هێمن بێت وبواری قسەکردن بدات بەو کەسەی دیمانەکەی لەگەڵدا دەکات، باشترین ئەوانەی دیمانەی ڕۆژنامەییەکان ساز دەکەن ئەوانەن توانای گوێگرتنیان هەیە وزۆر کاتیش لە بێدەنگیاندا گرنگترین زانیارییان دەستدەکەوێت وئەوەی گوێی بۆ دەگرن پێدەچێت هەندێك پرسیاری دیکەیان لابوروژێنێت کەپێشتر بەخەیاڵیاندا نەهاتووە.

(ڕۆبێرت سیگاڵ) لە دەستەی ڕادیۆ گشتییەکان لە واشنتن کار دەکات سەرگوزشتەی دیمانەیەکی دەگێڕێتەوە کە لەگەڵ دیبلۆماتێکی تورکی سازی دابوو دوای ئەوەی هاووڵاتییەکی تورکی تەقە لە پاپا یوحەنای بولسی دووەم دەکات لە ڕۆما، پرسیاری یەکەم دەڵێت(هیچ زانیارییەکت لەسەر ئەو پیاوە( محەمەد عەلی ئەغشا) هەیە..؟



لەئیتاڵیا لەکوێ دائەنیشیت؟ چیی دەکرت لەوێ؟ جۆری فیزەکەی چییە کەلە ئیتاڵیا پێی دراوە؟ وەڵامی لەسەر هەموو ئەو پرسیارانە بەیەك ووشە بوو ئەویش(نەخێر)بوو، پاش چەند هەوڵێك سیگال بێدەنگ بوو خەریك بوو بێ ئومێد بێت ئەگەر دیبلۆماتە تورکییەکە ئەو بێدەنگییەی نەپچڕاندایە بەوەی کە وتی(.....بێجگە لەوەی بەناوبانگترین پیاو کوژە کەلە تورکیا ئیدانەی کراوە، هەروەها پاش تیرۆرکردنی سەرنووسەری یەکێك لەڕۆژنامە گەورەکانمان لە زیندان هەڵهاتووە)، سیگال دەڵێت خەریك بوو بابەتێکی گرنگم لە کیس بچێت بەهۆی ئاراستەکردنی پرسیاری زۆر ورد ودەقیقەوە، ئنجا بۆی دەرکەوت باشتر وابوو دیمانە بەپرسیارێك دەستپێبکردایە کە بڵێت(باسی ئەو پیاوەم بۆ بکە).

ڕۆژنامەنووسان دەتوانن دیمانەکانیان بەشێوەیەکی ڕووبەڕو یان لەڕێگەی تەلەفۆنەوە یان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بە ئیمێڵ یان بەنامەی دەنگیی دەستبەجێ(خێرا)وە ئەنجام بدەن، هەریەك لەو شێوازانەش تایبەتمەندێتی وکەموکوڕیی خۆی هەیە، ئەو چاوپێکەوتنانەی ڕووبەڕو ئەنجام دەدرێن تیایدا پەیامنێر هەستێکی تەواو بەو کەسە دەدات کە دیمانەی لەگەڵدا ساز دەکات ئەویش لە ڕێگەی ئەو وێنە وتابلۆیانەی بەدیوارەکاندا هەڵواسراون یان ڕێکوپێکیی نوسینگەکەی یان بەپێچەوانەوە پشتگوێخستنی

نوسینگەی، یان جۆری ئەو کتێبانەی لە نوسینگەکەیدا هەن، هەروەها دیمانەی ڕوبەڕو توانای کۆنترۆکردن بە پەیامنێر دەبەخشێ لەسەر ڕاستگۆیی کەسەکە بەپێی هەڵسوکەوتەکانی کە ئایا تورەیە یان هێمنە؟ یان ئایا ئەو ئامادەیە ڕاستەخۆ سەیری چاوەکانی پەیامنێر بکات؟

(کریستۆڤەرشیب سکانلان) کە بەڕێوەبەری وەرشەی کارە لە (خوێندنەوەی ڕۆژنامەیی) لە پەیمانگای(بۆینتار) کە یەکێکە لە پەیمانگاکانی خوێندنی ڕۆژنامەنووسی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، سەرگوزشتەی دیمانەیەك دەگێڕێتەوە کەلەگەڵ ژنێکدا سازیدابوو مێردەکەی بەهۆی نەخۆشیی شێرپەنجەوە مردبوو، ژنەکە گەشتێك بە پەیامنێرەکە بەماڵەکەیدا دەکات وکە سەیری ژووری نوستنەکایان دەکەن ژنەکە دەڵێت(من هەموو شەوێك تۆزێك بۆن(عەتر) بەسەر ئەو پێخەفەدا دەکەم کە مێردەکەم بەکاری دەهێنا، بۆ ئەوەی واهەست بکەم کە هێشتا زیندووە)، ئەمە وا لەخوێنەر دەکات کە هەست بەبۆن وبەرامی ئەو عەترە بکات بگرە لەوانەیە هەڵیشی مژێت، ئەمەش ئەوەیە کە سکانلان پێی نەدەزانی گەر بهاتایەو دیمانەکەی لەڕێگەی تەلەفۆن یان ئینتەرنێتەوە بوایە.

سەبارەت بەو چاوپێکەوتنانەی لەڕێگەی تەلەفۆنەوە ئەنجام دەدرێن کاتێکی کەم دەخاێنن، هەندێك لە پەیامنێران پێیان وایە ئەم



ڕێگەیە ئاسانترە بۆ دەستکەوتنی هەندێك خاڵی دیاریکراو کاتێك بەلایانەوە گرنگ نابێت روبەوڕو چاویان بەو کەسایەتیانە بکەوێت کە دیمانەی لەگەڵدا ساز دەکەن، هەروەك دەتوانن تێبینییەکانیان لەکاتی دیمانەی تەلەفۆنییەکەدا لەسەر کۆمپیوتەر تۆمار بکەن، دیمانەکان لە ڕێگەی ئیمێڵەوە بەسوودە لە بەیەکگەیشتن بەوکەسانەی لە شوێنی دووردان، بەلاّم پەیامنێرەکە ناتوانێت لە ساتی ڕوداوەکەدا ئەوە وەربگرێت کە دەوترێ وبەدواداچوونی بۆ دەکات.

دیمانەکانی لە ڕێگەی نامەی ئەلکترۆنیی دەستبەجێ واتە (نامەی دەنگی خێرا) لە دیمانەی تەلەفۆنی دەچێت, بەلاّم هەردوو شێوازەکە کە لەڕێگەی ئینتەرنێتەوەیە ئەگەری ئەوە دروست دەکەن کەئایا ئەو کەسەی دیمانەکەی لەگەڵدا ساز دەکرێت(واتە ئەو کەسەی لەسەر ئینتەرنێت لەگەڵتدایە) بەدروستی کەسی داواکراوە یان نا..؟

لەبەر ئەو پشێوی و بێ دڵنیاییە ڕۆژنامەی(فێرجینیان بایلۆت) کە لەشاری(نۆرفۆك)ی ویلایەتی فێرجینیا دەردەچێت، یاساو بنەمایەکی داناوە بۆ ئەو ژور(بەش)ە هەواڵییانەی خۆی کە پەیوەندییان بە دیمانەی ئینتەرنێتییەوە هەیە، ئەم بنەمایەش بەم جۆرەیە(لە حاڵەتی گواستنەوەی لێدوانەکان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەبێت دلنیا بکرێت کە پەیوەندیەکە ڕاستە، چونکە دەتوانرێت بە

ئاسانی ناونیشانی ئەلکترۆنی یان ئەنجامدانی پەیوەندیەکە تەزویر بکرێت ئەویش بەوەی کەسێك خۆی لەبەرگی کەسێکی تردا بنوێنێت یان بابڵێین(کەسێك دەوری کەسێکی تر دەبینێت)، ناتوانرێت ئینتەرنێت کۆنترۆڵ بکرێت وەك ئەوەی لە ئاژانسەکانی هەواڵی وەك (ڕۆیتەرزو ئەسیۆشێیتدپرێس)دا هەیە ودەکرێ فێڵ لەهەر جێگایەکەوە بێ بێت.

ئەو پەیامنێرانەی ئیمێڵ یان هەر شێوازێکی تری پەیوەندیی ئەلکترۆنی بەکاردەهێنن لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت، دەبێت پەیڕەوی چۆنێتی پێوەرەکان بکەن لە پیشەکەیاندا هەروەك ئەوەی کە دەیکەن لە کاتی بەکارهێنانی هەر شێوازێکی تری پەیوەندیدا، پێویستە لەسەریان خۆیان وەك ڕۆژنامەنووس بناسێنن وئەو زانیارییانە بڵاوبکەنەوە کە دەیانەوێت دەستیان بکەوێت وهۆکارەکەش لەوەدا، هەروەها پێویستە لەسەریان ئەو شێوازەی گەڕان بەدوای ڕاستییەکان و بەکارهێنانی کارامەیی بیرکردنەوەیەش جێبەجێبکەن کەبەسەر هەر سەرچاوەیەکی تر لە سەرچاوەکانی زانیاریدا جێبەجێی دەکەن.

وێڕای لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕێگەیەی دیمانەی کانیانی پێ ئەنجام دەدەن، پەیامنێران بە شێوەیەکی باو هەندێك پرسیاریان هەیە دەیهێڵنەوە تا کۆتایی دیمانەکە، پەیامنێران یەکەم جار: گفتوگۆکان بۆ میوانەکە کورت دەکەنەوە بۆ تەئکید بوون لەوەی ئەوان بەوردی



لەوە تێگەیشتوون کە پێیان وتراوە، دواتر دەپرسن کە ئایا میوانەکە حەز دەکات هیچ ڕونکردنەوەی زیاتر بدات ئەگەر هەیبێت؟ بەتایبەت پاش دەوامی ڕەسمی سوپاسی کەسەکە دەکەن کە ماوەی پێداون بۆ چاوپێکەوتن، زۆربەی پەیامنێران دوا پرسیاریان هەیە و لە کۆتایی هەموو دیمانەیکاندا دەیکەن ئەویش ئەوەیە (پێویستە لەگەڵ کێی تریش قسە بکەم لەسەر ئەم بابەتە....؟

# بنەما زانستییەکانی پەیامنێری سەرکەوتوو

پەیامنێری ڕۆژنامەوان هەواڵ دەرێکی نیودەوڵەتی یە هەواڵ و بابەت دەبەخشێ بەو کەناڵانەی کە کاری ڕاگەیاندن دەکەن (ڕۆژنامە ،ئاژانس ،ئیزگە ،تەلەفزیۆن .......هتد) بۆ ئەم مەبەستەش چەند هۆ و پێناوێك بەکاردێنێ کە بێگومان دەبێ گونجاو بێ لەگەڵ ئەو بابەتەی کە دەنێردرێ یان لەگەڵ ئەو پەیڤینە بێت کە لەگەڵ بەر پرسەکەدا دەکرێ .

ئەگەر پەیامنێری (ڕادیۆ) بوو ئەوا تەلەفۆن یان کاسێتی تۆمار بەکاردێنێ ،ئەگەر پەیامنێری (ڕادیۆ) بوو ئەوا تەلەفۆن و بروسکە و تلکس بەکاردەهێنێ گەر پەیامنێری ڕۆژنامەش بوو ئەوا سەرجەمی ئەو هۆیانە بەکاردەهێنێ سەرباری پۆستی تۆمارکراو پۆستی دبلۆماسی تایبەت .

**ئەو مەرجانەی پێویستە**

**پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی هەیبێت :-**



ئەو کارەی پەیامنێری ڕۆژنامەنووسی پێی هەڵدەستێت کارێکی ئاسایی نی یە بگرە جۆرێکی تایبەتە لە کارکردن کە پێویستی بە بوێری و ژیری و ووردبینی یەوە هەیە و هەروەها خاوەنی ئەم کارە دەبێ توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو تەنگ و چەڵەمانە و ماندووبوونی هەبێت کە دێنەڕێی ئەمە سەرەڕای شارەزایی یەکی باش لە بواری زانستی ڕۆژنامەنووسی و چۆنێتی بەکارهێنانی هەموو پێناوەکانی گەیاندنیش .

ئەو مەرجانەی پێویستە لە پەیامنێردا هەبن بریتین لە :-

پێویستە پەیامنێر ڕۆشنبیرێکی گشتی فراوانی هەبێ و شارەزایەکی باشیشی لەمەڕ کارەکەی هەبێت .

دەبێت پەیامنێر ووردبین و تیژڕەو بێت لە چۆنێتی دەستکەوتنی هەواڵ یاخود لە بەدواداچوونی نووسینی بابەتێك دا ژیر و لێهاتووبێت زمان شیرین بێت بزانێ چۆن هاوڕێ بۆ خۆی پەیدا دەکات، بەڕووکەشێکی شیاوەوە خۆی بنوێنێ لەسەرجەم هونەرەکانی ژیان لێزان بێت ڕاستگۆ بێت لە کارەکەیداو متمانەپێکراو بێت .

پێویستە پەیامنێر توانای لێخوڕینی ئوتومبێل و پاسکیل و ماتۆڕی هەبێت ، چونکە ئەم کەسایەتی یە لە میانەی ئەنجام گەیاندنی کارەکەی زوو زوو پێویستی بەوە دەبێت لە جێگایەکەوە بڕواتە

جێگایەکی ترەوە بۆیە پێویستی بە هۆیەکی خێرا یان تایبەتی گواستنەوە هەیە لەوانەیە هۆیەکانی تری گواستنەوەی وەك تاكسی لە هەندێك ناوچەی جیهان دا یان هەندێك بارودۆخ دا هاتوچۆ و گواستنەوە بە هۆی ئوتومبێلەوە کارێکی سەختە ئەمەش بە هۆی ژینگە جوگرافیاکەی ئەو شوێنەوە بێت یاخود بەهۆی بارودۆخی ئاسایش یان ڕامیاری یەوە بێت هەر بۆیە لەم کاتەدا پەیامنێر هەوای یان ماتۆڕ تەنانەت ئەو ئاژنەش بەکاردێنێ کە بۆ هاتوچۆ دەست دەدات .

پێویستە پەیامنێر لە ڕووی جەستەو دەروونی یەوە ئامادەباشی خۆی وەربگرێت بۆ جێبەجێکردنی کارەکەی لەو جێیەی کە بۆی دەچێت (کەش و هەوا ، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ڕامیاری و ئابووری و ......هتد) چونکە جاری وا هەیە ئەم کەسایەتی یە دەنێردرێتە ناوچەیەك کە پلەی گەرماکەی زۆر بەرزە یان ساردە یاخود بۆ وولاتێك کە زۆر پەیوەستن بە ئاینەوە یان زۆر سەربەست و ئازادن لە هەڵس و کەوت و بە پێچەوانەوە .

پێویستە پەیامنێر زۆر بەباشی بە زمانی ئەو وولاتە بدوێ کە کاری تێدا دەکا سەرباری ئەمەش دوو زمانی جیهانی بزانێت بەلایەنی کەمەوە .



دەبێت پەیامنێر زۆر بەباشی ئاگاداری بارودۆخە ڕامیاری و ڕێسا و داب و نەریتەکان بکات .

لەبەر ئەوەی هەردەم ئەو ئەگەرە دەخرێتە پێش چاو کە پەیامنێر لەوانەیە دەست درێژی بکرێتە سەر لەلایەن ڕەگەز پەرستەکان و ڕق ئەستوورەکانەوە بۆیە پێویستە کە شارەزای هونەرەکانی بەرگری لە خۆکردنی هەبێت .

دەبێت زۆر وورد بێت لە باسەکانی دا ئاگادار و لێزانانە بێت دەربارەی ئەو باسەی لە بارەیەوە دەدوێت بەرەچاوکردنی عورف و دبلۆماسی بابەتەکە زیاتر گوێگر بێت نەك قسەکەر .

وێنەگرێکی فۆتۆگرافی باش بێت لە زۆرترین ئامێرە باوەکانی وێنەگرتن شارەزا بێت .

## ئەو فاکتەرانەی دەبنە سەرکەوتنی پەیامنێر

پەیامنێری ڕۆژنامەنووس سەربازێکی پلە یەکە ،سەرکەوتووترین پەیامنێریش ئەو کەسەیە کە متمانەی ئەو دەوڵەتە دەستەبەر بکا کە تێیدا کاردەکا .

پەیامنێری پاڵەوانیش دەتوانێت بۆ درێژترین ماوە لەو وولاتەدا بمێنێتەوە کە کاری تێدا دەکا نەك دوای ماوەیەکی زۆر کەم بگەڕێتەوە بۆ وولاتەکەی خۆی چونکە کەسێك بووە نەیتوانیوە خۆشەویستی ئەو کۆمەڵە بۆ خۆی دەستەبەر بکا .

پەیامنێر ئەو کەسەیە کە :-

1 .لە نووسینەوەی ئەو مادەیەی بەردەستی ووردبین بێت و دڵنیابێت لەو ناو و ژمارە و زانیاریانەی کە باسیان لێوە دەکات .

2 . ئەرشیفێ دابنێ بۆ :-

- قۆناغەکانی گەشەسەندنی پەیوەندی یەکان لە نێوان دەوڵەتی خۆی و ئەو دەوڵەتەی کاری تێدا دەکا .
- بارودۆخە جیاوازەکانی ئەو دەوڵەتەی کاری تێدا دەکات (ڕامیاری ،ئابووری ،ڕۆشنبیری ......هتد) .
- سەرجەم یاسا و ڕێسا شێواز بەندە (ڕەسمی) دەرچووکانە .

3. هاوڵاتی پەیدا کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی سەرچاوەی هەواڵن (فەرمانبەرانی دەووڵەت ،

کەسێتی یە دبلۆماسی یەکان ، کەسایەتی یە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی یەکان ،دامەزراومە

ڕۆژنامەنووسی یەکان) .

گوێبیستنی هەواڵنامەکانی ئەو دەوڵەتە بێت کەلە ئێزگەکان بڵاودەکرێتەوە ، ڕۆژنامە بخووێنێتەوە بەرنامە تەلەفزیۆنەکان تەماشا بکا .

زۆر بەباشی ئاگاداری :



دووری نێوان دەوڵەتەکەی خۆی و ئەو دەوڵەتە بێت کە کاری تێدا دەکا بۆ ئەوەی لە کاتێکی گونجاودا هەواڵ بگەیەنێتە ئەو ڕێکخراوەی کە دەوڵەتەکەی خۆی کاری بۆ دەکات .

چۆنیەتی و توانای پۆست و گەیاندن و هاتووچۆ و یاساکانی ئەو دەوڵەتە .

بەکارهێنانی تەلەفۆن و بروسکە و تلکس و سەرجەم هونەرەکانی تری گەیاندن .

ئەرکەکانی پەیامنێری ڕۆژنامەنووس

پەیامنێری ئەرکێکی زۆر گەورە و گرانی لەسەر شانە نە تەنها لە گەیاندنی هەواڵ و بابەتەکان دا خۆی نابینێتەوە ، بگرە لەوە زۆر فراوانترە چونکە پەیامنێر دیدی دەوڵەتی خۆیەتی لەو دەوڵەتەی کەکاری تێدا دەکات .

گرنگترین بەرپرسیارێتی پەیامنێری ئەمانەن :-

1-بەدوادا چوونی بەردەوامی پەیوەندیەکانی نێوان دەوڵەتەکەی خۆی و ئەو دەوڵەتەی کە کاری تێدا دەکات .

2- ئاگادار سیاسەتی دەرەکی و ناوخۆی ئەو دەوڵەتە بێت کە کاری تێدا دەکات .

3- ئاگاداری ئەو کۆنگرە و ڕووداوە دەوڵەتیانە بێت کە لە دەوڵەتەکەدا ڕوو دەدەن کە پەیامنێر کاری تێدا دەکات .

4- گەر نێردراو شاندەکان لەلایەن دەوڵەتەکەی خۆیەوە بەکاری رسمی نێردرانە ئەو دەوڵەتەی کە پەیامنێر کاری تێدا دەکا ئەوا زانیاری و ڕێنمای یەکان پێشکەش بکات .

5- گرنگترین زانیاری بداتە باڵوێزخانەی دەوڵەتەکەی لە ماوەی کارکردنی دا.

6- ئەو بەدواداچوونانەی کە هەرسێ بڕگەی (1،2،3) دا هاتوون لەم شێوازانەی خوارەوەدا دەریان بخات .

- هەواڵی هەنووکەی .
- تیشك خستنە سەر ڕووداوەکە (تعلیق) .
- لێکۆڵینەوە و ووتار .
- چیرۆکی ڕۆژنامەنووسی .
- دیمانەی ئێزگەی و فلیمی تەلەفزیۆنی و وێنەی فۆتۆگراف .
- زانیاری لە ئەرشیف دا .

7- ناساندنی لایەنە پەیوەندی دارەکان لەو دەوڵەتەدا بە بزووتنەوە و مەڵبەندەکانی ئەدەبی و هونەری و سیاسی و سەندیکاکان کە لەو وولاتە کار دەکەن .



# چەند رێنمایی بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی دەچنە پرێس کۆنفراسەکانەوە

ئەم رێنماییانە بەشێکە لە زنجیرە دەرسگوتارەکانی وانەی نووسینی هونەری رۆژنامەنووسی بەشی راگەیاندنی پەیمانگەی تەکنیکی سلێمانی.

⋆ پیوستە رۆژنامەنووس (15)خولەك پیش کاتی دیاری کراو لە شوێنی دیارکراو ئامادەبێت.بۆ راگەیاندنی چاپکراو.بۆ میدیای بینراو پیوستە رۆژنامەنووس (25)خولەك پێش وادەی لەوی ئامادەبیت بو دانانی کامیراو ریکخستی .دەنگ و روناکی..

⋆ باشتر وایە پرسیارەکانی رۆژنامەنووس، پەیوەست بن بەو بابەتەی کۆنگرەکەی بۆسازکراوە.

⋆ پێویستە رۆژنامەنووس تواناو لێهاتووی خۆی لە پرسیارەکانیدا پیشان بدات، لە پرسیاری دووبارە دوور بکەوێتەوە، رەنگە دەرفەت کەمبێت ورێگە بە یەك دوو پرسیار بدرێت، بۆیە باشتر وایە رۆژنامەنوس سوود لەو دەرفەتە وەربگرێت.

★ پێویستە ڕۆژنامەنووس گوێگرێکی باش بێت و ئاگاداری پرسیاری هاوپیشەکانی دیکەی بێت، لە وەڵامەکان وردبێتەوە، پێویست ناکات، یاخود کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی شوێنی ئەوەنیە، ڕۆژنامەنووس پرسیاری دریژو بەشوێنیەکدا هاتوو و پەیوەستکراو بەیەکەوە بکات.

★ باشترە پرسیاری ڕۆژنامەنووس، زیاتر لە بارەی ڕوونکردنەوەی زیاترو بەدواداچونی وردتر بێت و شوێنی خۆنمایشکردن و پیشاندان و خستنەڕووی باری سەرنجی ڕۆژنامەنووس نییە، پێویستە ڕۆژنامەنووس جەخت لەسەر ئاراستەکردنی پرسیاری پڕبایەخ بکاتەوە.

★ لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا دەرفەت کەمە، هەمیشە ئەوەت لە یاد بێت کە تەنها نیت، هاوڕێ لەگەڵ تۆدا دەیان هاوپیشەت ئامادەن، هەندێك لە هاوپیشەکانت بۆکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی بینراو و بیستراو و ئاژانسەکان کار دەکەن، ئەوان زانیارییەکان زووتر بڵاو دەکەنەوە، لەو حاڵەتەدا کێبرکێ دروستدەبێت، کە وایە بە باشی بابەتەکە هەڵبسەنگێنەو ئەو پرسیارە ئاراستە بکە، کە بەنیسبەت دەزگاکەت، یان ڕۆژنامەکەتەوە، جێگەی بایەخ و گرنگییە.



★ لە کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسیدا، وەك ڕێژنەی باران پرسیار ئاراستەی دەکرێن و وەڵامیان دەدرێتەوە، ئەو وەڵامانە موڵکی هیچ ڕۆژنامەنووسێك بە تەنها نین، هەموو ڕۆژنامەنووسێکی بەشداری کۆنگرەکە، دەتوانێت بۆ بابەتە ڕۆژنامەنووسییەکەی سوود لە زانیاری وەڵام و لێدوانەکان وەربگرێت.

★ ناوی کەسایەتییەکان، پۆست، بەر پرسیارێتی، پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆیان بە پرس، یان تەوەری کۆنگرە ڕۆژنامەنووسیەکە بەووردی لای خۆت تۆماربکە.

★ لە ئێستادا زۆر جار ڕۆژنامەنووس خۆی ئەرکی دابینکردنی وێنەی فۆتۆگرافی لە ئەستۆیە، پێویستە زیرەکانە مامەلە لەگەڵ کامێراکەتدا بکەیت و وێنەی دروست و سەرنجڕاکێش و گونجاو بەدەست بهێنی.

★ لەکەرستەو پێداویستییەکانی کاری ڕۆژنامەنووسیت دڵنیا بەوەو ئەوان تاقیبکەرەوە، تەنانەت لە قەڵەم، کاغەز، دەفتەری تۆماری تێبینیەکان، پاتری کامێراکەت و ڕێکۆردەرەکەت و پاترییەکانی دڵنیابەو ئەگەر کەرستەکانی تۆمارکردنت میمۆری بوو، لەویش دڵنیابەو پشت بە مۆبایل مەبەستە، هەروەها ئاگادار بە، پرسیاری تۆ ناسنامەو سیاسەتی دەزگا، یان ڕۆژنامەکەت دەردەخات، هەوڵدە ئەو دەرفەتە خراپ بەکار نەهێنی.

★ لە کاتی تۆمارکردنی تێبینییەکان، ڕێگەی خێرا نووسین و کورتکردنەوە فێربە. لە جێگەی "حکومەتی هەرێمی کوردستان" دەتوانیت بنوسیت "ح. ه. ك" .... بەو شێوەیە .

★ هەر چەندە گفتوگۆیەکە، بە تەواوی لە ڕێگەی ئامێرەوە تۆمار دەکرێت، بەڵام پشت لەنوسینەوەی تێبینییەکان هەڵمەکە، چونکە ئەوان یارمەتیت دەدەن بۆ درووستکردنی پرسیاری گونجاو.

★ لەکاتی ئاراستەکردنی پرسیاردا، ڕێز بۆ بەرامبەرەکەت دابنێ، ڕێزی هاوپیشەکانیش بگرە.

★ بە دوای بەرژەوەندی تایبەتی خۆت مەکەوە و پرسیارەکەت لەو بوارەدا داماڵە.

★ بە شێوەیەکی ئیجابی مامەڵە لەگەڵ کەشوهەوای کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکاندا بکە، چونکە زۆرجار ڕێوشوێنە ئەمنییەکان، ڕێوشوێنە ڕۆتینییەکان هەراسانت دەکەن، تۆ بە دوای زانیارییدا دەڕۆیت، ئەوانە نابنە ڕێگر لە بەردەم کارەکەت، دواجار تۆ ڕۆژنامەنووسیت و ناسنامە و ئەرك و پیشەت دیارە ...



★ کۆنگرە ڕۆژنامەنووسییەکان جێگەی ئەوە نین، ڕۆژنامەنووس بیەوێت بۆچوونی خۆی، یان دەزگاکەی بسەپێنێ، ئەرکی تۆ بە دەستهێنانی زانیارییە لەڕێگەی پرسیارەوە.

★ لە ئاکار و نەریتی ڕۆژنامەنووس دەوەشێتەوە، لە کاتی پێویست هاوکاری هاوپیشەکەی بکات و ئەگەر کەموکورتییەکی هەبوو، بۆی پڕ بکاتەوە، بەڵام ڕۆژنامەنووسی خاوەن ئاکار و ڕەوشتی ڕۆژنامەنووسییانە لەگەڵ هاوپیشەکەی ڕێکناکەوێت ڕەشنووسی هەواڵەکانیان بگۆڕنەوە، لە کاتێکدا ئەگەر دوو کۆنگرە ڕۆژنامەنووسی لە یەك کاتدا هەبن و هەریەکە لە ڕۆژنامەنووسەکان بۆ یەکێك لە کۆنگرەکان چوو بن، وەك ئێستا پەیامنێرانی هەندێك کەناڵی ڕاگەیاندنی کوردی فێر بوونە و مەبەستیان تەنها کۆکردنەوەی پاداشتی بڵاوبوونەوەی بابەتەکانییانە.

★ ئەگەر ڕۆژنامەنووس لە کاتی ڕووماڵکردنی کۆنگرەی ڕۆژنامەنووسی ڕووبەڕووی کێشەیەك بووەوە، باشترین ڕێگە چارە گەڕانەوەیە بۆ یاسا و ڕێنماییەکان.

# ڕۆژنامەنووسی و هەڵوێستەیەك

خوێندنی بواری ڕۆژنامەنووسی وابەستەیە بە چەند فاکتەرێکی تایبەتی یەوە وەك شێوازی هەڵبژاردنی خوێندکاران و خوێندنی تەکنەلۆژیای پەیوەندیدار و دۆخە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان ، کە سەنگی مەحەکن بۆ هەڵسەنگاندنی هەر کاروچالاکی یەکی ڕۆژنامەنووسی لەبەرچاوترین گۆڕانکاریەتەکنەلۆجیەکانی کەلە (80-90) ەکانی سەدەی ڕابردوودا بینراوە، پێشکەوتن بووە لە پەیوەندییە تەکنەلۆجیەکاندا ،ئەم گۆڕانکاریانە لەلایەکەوە بوونەتە هۆی فراوان بوون و بڵاوبوونەوەی خێرای هەواڵ و زانیاریەکان لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا وە لەهەمان کاتدا ،ڕەچاوکردنی ڕاستی و دروستی هەواڵەکان ئەم گۆڕانکاریانە بەش بەحاڵی خۆیان ناوەڕۆکی بیرۆکە و پێناسەکانی هەواڵ و ئەو سەبکە نێگەتیفیانە کە لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و خوێندنی زانکۆکاندایە خستۆتە ژێر ڕکیفی خۆیەوە. لەحاڵی حازردا کۆلیژەکانی ڕۆژنامەنووسی لە کەمترین تەکنەلۆژیای نوێ پەیوەندی وگەیاندن بەرخوردادن ،لە چاو ئەو



تەکنەلۆجیایەی کە خوێندنی ڕۆژنامەنووسی بە شێوەیەکی کارکرد دەبێت بۆ خوێندکارانی دەستەبەر بکات و ئەمەش خوێندنی ڕۆژنامەنووسی ڕووبەڕووی کەم و کوڕی و گیروگرفت کردۆتەوە لە هەمانکاتدا بەشە تەکنەلۆجیەکان و بەشەکانی خوێندنی ڕۆژنامەنووسی دا دام ودەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە هاوکاری پێویستیان نیە. ئەمڕۆ دام ودەزگاکانی چاپەمەنی ،لە تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ چالاککردن و بەپێزکردنی بڵاوکراوەکان و بابەتەکان سوودمەند دەبن و کۆمپیوتەر لە نووسین و نەخشەسازی بابەتەکاندا ،ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت و لەلایەن هەواڵنێرەکانەوە بەکاردەهێنرێت ،پێویستی بە چاو پیاخشاندنەوە و خوێندنی ڕۆژنامەنووسی و کردنەوەی خولی ئاشنایی پەیدا کردن بە کۆمپیوتەر و پیت چنی کە بە چەمکە سەرەکییەکانی ئەم بەشە هەژمار دەکرێت .پەیوەندی لاواز لە نێوان دام ودەزگاکانی چاپ و زانکۆکاندا ،بەیەکێکی تر لە گیروگرفتەکانی دادەنرێت کەلەلایەکەوە زانکۆکان لە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و زانیاری یەکانی ڕۆژنامەنووسی دوور دەخاتەوە و لەلایەکی ترەوە کردنەوەی خولە ئەزموونیەکان لە دام ودەزگاکانی چاپدا ڕووبەڕووی گیروگرفت دەبێتەوە.

خاڵێکی سەرنج ڕاکێش لێرەدا بەرچاو دەکەوێت "بۆچی بەکار خستن و بەڕێوەبردنی دام و دەزگاکانی چاپ بەشێوەیەکی پسپۆری تەنها لەلایەن چەند کەسانێکەوە کە بە پەنجەی دەست دەژمێرێن بەڕێوە دەبرێن؟ "لەوانەیە ئەم پرسیارە ئەوەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە ناوەندەکانی فێرکردنی ڕۆژنامەنووسی نەیانتوانیوە بەرهەمەکانی خۆیان لە شوێنی گونجاو بەکاربهێنن . یەکێك لەمەسەلە گرنگەکانی تر ئەوەیە ئێستا لە زانکۆکاندا کەمتەرخەمی گۆڕینەوەی ئەزموونە فێرکاری و لێکۆلینەوەکان لە نێوان زانکۆکاندا لە ئاستی نەتەوەی و نێونەتەوەی دایە .ئەم بابەتە لە ئاستی نەتەوەی دا بە شێوەیەکی ئاشکرا لەبەشە فێرکاریەکاندا بەرچاو دەکەوێت کە شایانی پێداچوونەوە و لێکۆڵینەوەیە ،وە لە ئاستی نێونەتەوەی دا پەیوەندیەکی کەمتر لە نێوان ناوەوە و دەرەوە دا دەردەکەوێت ،دەتوانرێت ئاماژە بەوە بکرێت کە ژمارەیەکی کەم لە (مامۆستایان) بە پشت بەستن بە توانایی شەخسی خۆیان هەڵدەستن بە ئاڵوگۆڕ کردنی ئەزموون و ووتنەوەی وانە لەزانکۆکانی جیهاندا وە ئەم بابەتە لە ڕووی زانستی یەوە کاردانەوەیەکی ڕاستەوخۆی لەسەر چۆنیەتی فێرکردن و سوود وەرگرتن لە ئەزموونە زانستیەکان لەزانکۆکاندا هەیە.لە گۆڕانکاریەکاریگەریەکانی تر سەبارەت بە گەشە و خوێندنی ڕۆژنامەنووسی کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ



خۆی دەنوێنێ دۆخی سیاسی – کۆمەڵایەتی- ووڵاتە هەر چەندە هەموو بوارەکانی گەشەکردن و فراوانکردن بە شێوەیەکی بەرچاو لە ووڵات دا دەبینرێت و دۆخ و کەشی گونجاو بۆ چالاکییە پیشەییەکانی ڕۆژنامەنووسان و گەشەو فێرکردنیان ئامادە دەکرێت ،ئەمڕۆ پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووسانی پسپۆر لە جیهاندا و خستنە ڕووی بەهرە شاراوەکانیان پابەندە بە بارودۆخەکانەوە. لەبەرامبەردا هەرچی بوارە گشتیەکان بەرتەسك و لە ژێر چەپۆکی سانسۆردا بن دام و دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە ناتوانن بەپێی پێویست گەشە بکەن کە ئەمیش دەبێتە هۆی ئەوەی سیستمی خوێندنی بوارەکە گەشە نەکات و لەهەل و مەرجی ڕۆژانە دا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کۆسپ و لەمپەر ببنەوە ئەم بوارە پیرۆزە نەتوانێت وەکو دەسەڵاتی چوارەم ڕۆڵی خۆی ببینێت.

# ئازادی رۆژنامەنووسی لە سایەی دەسەلاتی خۆماڵی

هەمووساڵێك لە گەڵ نزیك بونەوەی یادی دەرچونی رۆژنامەی (كوردستان) كە بە یەكەمین رۆژنامەی كوردی لە رەوتی رۆشنبیری ورۆژنامەوانی بە یەكەمین رۆژنامەی كوردی دادەنریت،هەر چەندە هەندی لە میژوو نوسان پیان وایە پیش ئەم رۆژنامەیە چەندین بلاو كراوەی تر لە ناو چە جیاجیاكانی كوردستان دەرچوون ،بەلام بە شیوەیەكی شیواز بەند و ریكراو و نەچونەتە خانەی رۆژنامەوە ،بەلام رۆژنامەی كوردستان كە 1898 4-22 لە چاپخانەی هیلال لە قاهیرەی پایەتەختی رۆشنبیری عەرەبان دەرچوو كە پیشەوای رۆژنامەنووسی كوردی (میقدادمەدحەت بەدرخان) بە هەوڵ و ماندووبونی خۆی ،رۆژنامەیەكی بە زمان كوردی هێناوە بوون.

جێگای شانازییە بۆ رۆژنامەنووسانی كورد كە یەكەمین رۆژنامەی كوردی لە لایەن رۆشنیرو خەباتگێرێكی كورد لە سەر ئەركی مالباتەكەی چاپكراوە وبلاو كراوەتەوە.دیارە ئەوسەردمانە بلاّو كدرنەوە وناردنەوەی بۆ كوردستان كارێكی ئەستەم بووە.بەلاّم بە هەوڵ و كۆششی مالّباتی بەدرخانییان .كەم تازور گەینراوەتە كوردستان و تەنانەت ئەوروپاش، چون ژیانی رۆشنبیران و



خەباتگیرانی كورد لەو سەردەمە ئاوارەی بووە ،یەكەمین رۆژنامەی كوردیش بە چەندین وولاتی دونیادا گەراوە لە هەر ولاتیك چەند ژمارەیەكی لیدەرچووە. بیگومان ئەوەش بۆ گەوری و دلسۆزی بنەمالەی بەدرخانییەكان دەگەریتەوە كە مێژویەكی پرشنگدارو زێرینیان لە لاپەرەكانی مێژووی كورددا تۆمار كردووە كە نەوە دوای نەوە شانازی بە خەبات كارە جوانەكانیان دەكەین.

لە یادەوری ( 114 ) ساڵەی دەرچوونی رۆژنامەی كوردستان،خۆزگەو ئاوتەكانی رۆژنامەنووسانی كورد لە هەر چوار پارچەی كوردستان ، فەراهەم بونی كەشیكی ئازادە كە میللەتی كورد تیدا بە هێمنی ودوور لە توندو تیژی ژیانی ئاسای خویان بگوزەرینن.

سەرەرای بونی كەشیكی ئازاد لە باشوری كوردستان .كە تا رادەیكی زور هەموو چین وتوێژەكانی نیو كۆمەڵی كوردەواری سەرقاڵ كاری رۆژانەی خۆیانن.بەلام لیرەو لەوی تاكەكانی نیو كۆمەڵ هەمیشە نارەزای خویان دەردەبڕن بە رامبەر ئەو ناعەدالەتیە كۆمەلایەتیانەی كە لە نیوان خەلكی ئاسایی و بەر پرساندا هەیە, رۆژنامەنووسان وەك پیكهاتەیەكی هەرە زیندوی كوردەواری ،بەردەوام روبەروی توندو تیژی و گرتن و لیدان دەبنەوە بە تایبەتی لە كاتی خۆپیشاندان و رژانە سەر شەقامی هاولاتیان..لەو كاتە دا كە روماڵ

روداوەکان دەکرێت ،ژیانی ئەو رۆژنامە و فۆتۆگرافەرەکان دە کەویتە مەترسی .هەر وەك لە روداوەکانی سالی رابردوو بینمان..سەرەڕای بونی ئازادی تاك رۆژنامەنووس زیندانی دەکرێت و چاوی لێسوردەکریتەوە. چەندین تومەتی نارەوایان دەخرێتە پال وراپێچ دەکرین بۆ دەزگا ئەمنیەکان.

ئەگەر دەسەڵاتی کوردی کار بەوپرۆژە کاری رۆژنامەنووسی بکەن کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو.وە هەولدان بۆ دەرچوونی پرۆژەی یاسای دەستکەوتنی زانیاری لە دام و دەزگاکانی حوکومەت ،ئەوا رۆژنامەنووسان بە شیوەیەکی کاراتر کارەکانیان ئەنجام دەدەن ,ئەوەش دەبێتە هۆکاری نەمانی گەندەڵی و فەسادی ئیداری .

لە یادەوەری (114) رۆژنامەنووسی کوردی .ئیمەی رۆژنامەنووسان زیاتر چاوی چاودێریمان لە سەر کاروباری حکومەتی هەرێم بیت ،بۆ نەهێشتنی ئەو کەم وکورپیانەی کە لە جومگەکانی دەسەلاتی کوردی دا هەیە و بەرگری کارێکی چالاك بین بۆ داکۆکی کردن لە مافی خەڵکی سیڤیلی کوردستان.

- **لە یادەوەری 114 ساڵەی رۆژنامەنووسی کوردی**
- **ئەم بابەتە لە ژمارە (5)گۆڤاری ماس میدیا بلاو بوتەوە**



# چیرۆکنووس وشاعیرەکانی
# سەندیکاو ئایندەی رۆژنامەنوسان

کاری رۆژنامەنووسی بەشێوەیەکی فراوان بۆتە پیشەی زۆرێك لە لاوان وتەمەنی بەرەو ژورتریش بەتایبەتی لەم چەند ساڵەی رابردوو رێژەی ئەوانەی ئەم کارەدەکەن زیادی کردووە، ئەمەش هۆیە سەرەکیەکەی بۆئەو دەگەرێتەوە کە ئەو فەزا ئازادییە هەیە لە کوردستان و هەموو کەسێك بە ئازادی ئەتوانێت رۆژنامەو گۆڤارو بلاوکراوە دەربکات. هەرواشە, ئێستا کوێرە دێیەکی دور لەشار خاوەنی بلاوکراوەیەناوەرۆکی بابەتی هەمەچەشن لە خۆدەگرێت وکۆمەڵی خویندەوار لەدەوری کۆ بونەتەوە کێشە و گرفتەکانیان لەم رێگایە دەخەنە روو لە پێناو چارەکردنیان. ستافی ئەم بلاوکراوانەش کۆمەڵێك ناو لە دوای یەکتر رێز کردووە بەناوی ستافی نووسین و بەرێوە بردن , دوای دەرچوونی یەك دوو ژمارەش نوسراوێکی فەرمی بەناوی بلاوکراوەکە بۆ سەندیکای رۆژنامە نووسان دەنێرێن، داوادەکەن هەموویان ببن بە ئەندامی سەندیکا بەبێ پەیرەوی ناوخۆش بۆیان هەیە ببن بە ئەندام لەبەرئەوەی سەندیکا رەزامەندی دەربریووە بۆ مۆڵەت پێدانی بلاوکراوەکە بۆیە ناتوانی رۆژنامەنوس، رەش نامەنووس لەیەکتری جیابکاتەوە.هەندێکی تر کەکاری

رۆژنامەنووسی ناکەن بەڵام وەك کارگوزاریان هەرکارێکی تر کە دووره لە کاری رۆژنامەنووسی لەدەزگایەکەی خۆی پشتگیری دەبەن بۆ سەندیکا تا ببن بە ئەندام لە سەندیکا, لیژنەی وەرگرتنی ئەندامانیش کە هەر بەناو لیژنەیە. لەبەرخاتری خاتران ودەزگایەکەو فۆرمیان بۆ پردەکەنەوە ئابونەی یەك ساڵی لێ وەردەگرن و جاری واش هەییە ئابۆنەی سالانەشی بۆ ئەدەن ئەگەر مەسئول بێت ناسنامەکەشی بۆ دەبەنەوە ئەوانی تریش.چاوەڕێی ناسنامەبن تا لە هەولێر دێتەوە، دیارە من باسی سەندیکای سلێمانی دەکەم کە حالی هەولێرو شارەکانی تریش لێرە باشترنیە. بگرە خراپتریشە.

سەندیکای رۆژنامە نووسان دوای ئەوەی یەکیان گرتووە کۆنگرەیەکی یەکگرتوویان ئەنجام دا، کە زۆربەی ئەوانەی بۆ بەڕیوەبردنی رێکخراوەکە دەستنیشانکران لەسەر ئەساسی حزبایەتی دانران، هیچ دیموکراتیەکی تیدانەبووە نوێنەری رۆژنامەنوسان نین بەلکو نوینەری حزبن.بۆیە رێکخراوە کە بەرەو ئفلیجی رۆیشت, ناکارترین رێکخراو لە کوردستان سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبەرئەوەی ئەوانەی رێکخراوەکە بەڕێوە دەبەن زۆربەیان تەمەنێکی زۆریان هەیەو زۆربەی ژیانیان بەشعرو جیرۆکەوە بردۆتەوە سەر کاری رۆژنامەنووسیان نەکردووە. کاری سەندیکا تەنها ئەوەبووەکە



ئابۆنەی سالانە وەربگرێ ، هەر وەفدێك رۆشتووە بۆ دەرەوە, چەند شاعیرێك و چیرۆك نووسێکی بەتەمەن ئەندامی ئەو وەفدانە بوونە لە هەموو رۆیشتنێکش ئەوان بوونە وەك ئەوەی لە کوردستان لە خۆیان زیاتر کەسی تێدانەبێت،. نەیان هێشتووە ئەوانەی کەبەراستی مارەسەی کاری رۆژنامەنووسی دەکەن دەرکەون ,بەهۆی حزبی بونیانەوە. کورسیەکەیان توند گرتووە. بۆیە ئێستا دەنگی ناڕەزای لەناو رۆژنامە نووسان لێرەو لەوێ بەرزبۆتەوە باس لە دروست بونی چەندین رێکخراوی رۆژنامەنوسان دەکەن، کۆمەلی رۆژنامە نووسی دەرچوی بەشەکانی راگەیاندنی زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان سەرقاڵی دروست کردنی رێکخراوێکن بەناوی کۆمەڵەی رۆژنامە نووسانی ئەکادیمی کوردستان ئەم رێکخراوە تەنها ئەوکەسانە لە خۆدەگرێت. کە دەرچووی یەکێك لەو باشانەن. کەسی تر ناتوانی ببێت بە ئەندام ئەم رێکخراوە لە 2005/3/31. مۆڵەتی فەرمی لە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیدارەی سلێمانی وەرگرتووە، ئیستا لە خۆ ئامادەکردن دایە بۆ گرێ دانی کۆنفرانسی دامەزراندن.

هەرلەم ماوەیە کۆمەڵێك لە کارمەندانی چاپخانەکان لە خۆئامادەکردن دان بۆ دامەزراندنی سەندیکایەك تایبەت بە چاپیارانی کوردستان. کە ئەوانەی دەیانەوێ ببن بە ئەندام لەم

سەندیکایە دەبێت کاری چاپ کردن بکات ،لە یەکێك لە چاپخانەکان ئەوانەی کە ئێستا سەرقاڵی ئەم سەندیکایەن زۆربەیان ئەندامی سەندیکای رۆژنامە نووسانی کوردستان ,دیارە دروست کردنی ئەم رێکخراوە زۆر لەجێگای خۆیەتی بۆئەوەی هەریەکێك ئیشەکەی خۆی بناسی بەپیشەکەی خۆییەوە بناسرێتەوە.

لە دوای ئەنجامدانی فێستڤالی بەدرخانیش لە هەولێر کۆمەڵێ رۆژنامەنووس رێکخراوێکیان بەناوی یەکیتی رۆژنامەنووسانی کوردستان راگەیاند کە تائیستاش دەستەی بەرێوەبردنی بەشێوەیەکی کاتی کاردەکەن, ئەم رێکخراوەش لە ئەنجامی بوونی ناعەدالەتی و بێ توانای سەرکردایەتی سەندیکای رۆژنامەنوسانی کوردستان دروست بوو کە نەیان توانی خواستەیشە یەکانی رۆژنامەنووس بەدیبهێنێت لە ژمارە رۆژنامەی کوردستانی نوێ رۆژی یەك شەممەی 2006/6/11 هاتووە , بۆ کۆکردنەوەی وەرزشکارانی رۆژنامەنوس رێکخراوێك دادەمەزرنێت بۆ ئەوەی بتوانن رۆژنامە نووسانی ئەم بوارە لە ژێر چەتری رێکخراوێك کۆبکاتەوە بۆ زیاتر گەشەدان بە بواری وەرزشی لە کوردستان . بوونی ئەم چەند رێکخراوە کە دڵنیام ئیتر یشی لە دواییە , نیشانەی ئەوەیە کە سەندیکا نەی توانیووە خزمەتی رۆژنامەنووسانی کوردستان بکات. لەبەزۆریبۆری ئەندامەکانی . لقی سلێمانی سەندیکا زیاتر لە 900 ئەندامەی



هەییەتەنها لە پارێزگای سلێمانی, ئەگەر بە ژمارە بوایە دەبوایە کوردستان پێشکەوتوو ترین وڵات بوایە لە رووی راگەیاندن. بەڵام بەپێچەوانە وە رۆژانە هەواڵ و بابەتەکانی رۆژنامەنووسی لە رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی کوردستان بەرچاو دەکەون کەهیچ بنەمای زانستی یان تێدایە. زیاتر بابەتەکان لە شێوەیەکی دارشتنی کەمتەب دەچیێ.ستافی رۆژنامەکانیش هیچ بنەمایەکی زانستی لەبەرچاو ناگرن و گرنگ ئەوەیەکە لاپەرەکەیان پرکردۆتەوەدەردەچیێت. هۆکارەکەشی بۆ نەبوونی رۆژنامەنووسی شارەزاو لێهاتوو لە دەزگاکان دەگەرێتەوە , کۆمەلی شاعیر خۆیان پیوە هەڵواسیوە لە خۆشیان زیاتر کە س بەرۆژنامەنووس نازانن .

ئەمانە بوونەتە مۆرانە بۆ رۆژنامەی کوردی بۆیە هیچ پیشکەوتنێك لە رۆژنامەکان بەدی ناکرێت, سەیر لەوەدایە رۆژنامەکە لە ژمارە سەرەتایەکانی کەم و کورتیشی هەببێت ئاساییە چونکە بەپێ ی بەردەوام بوون شارەزایی پەیدادەکەن بەڵام دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆر بەردەوام بوو دەیبنین ژمارە سەرەتاییەکانی زۆر باشتر بوون لە ژمارە کوتاییەکانی لە جیاتی ئەوەی زیاتر پیشکەوێت. بەرەو دواوە دێتەوە، هەرچەندە ,ئەورەوشە بەردەوام نابێت رۆژنامەیان بڵاو کراوەکانی لە چەشنە تەمەنیان درێژنابی زوو لە نێودەچن. بەڵام بۆ مێژووی ئایندەی رۆژنامەنووسی کورد وینەیەکی جوان نیشان نادەن

. لەسەردەمی ئەنتەرنێت و پێشکەوترین تەکنەلۆژیای سەردەم ئەمەحالی رۆژنامەنووسی کوردە . کە هۆکاری سەرەکی لە ئەستۆی سەندیکای رۆژنامەنوسان دەبێت , چونکە نەیان توانییەوە رۆژنامەنوسی کاراو شارەزا پەروەردە بکەن و خولی تایبەتیان بۆ بکەنەوە.یان جیگا چۆلبکەن بۆ کەسانی شارەزاکە هەن.

**ئەم بابەتە چەند سالێك لەمەو بەر لە هەفتەنامەی (هەوالّ ) بلاو بۆتەوە..**



# بێبەرنامەیی و بەرێکردنی کات لە کەناڵە ناوخۆییەکان

لەگەلّ بونی ئازادیی مرۆڤ بە هەمووماناکانەوە وژیانە جڤاکیەکان هەنگاو بە هەنگاو گۆڕانکاری بەسەر دادێت ,بەهۆی فراوان بوونی هزر،تاکەکانی نیۆ کۆمەڵیش زیاتر دەرگاداخراوەکان والاّ دەکەن ,ئەم هەمووگۆڕانەش لەماوەی سێزدە ساڵی دوای راپەرین ,بەکردەوە بەسەر تاکی کوردی داهاتوو هەر لەپێکهێنانی پارتی سیاسی ورێکخراوی پیشەیی وخێرخوازی هتد ,یەکێك لە سیماجوانەکانی .رۆشنبیرانی کورد پیوەی دەنازن ,بوونی چەندین کەناڵی راگەیاندنە,کەهەریەکەیان بەئاوازێك وبەرەنگێك بەرنامەکانی خۆیان ئاراستە دەکەن .دیارە لەگەلّ بونی دیموکرات, وفراوانبونی, پارتەسیاسیەکانیش لەرێگای کەناڵە راگەیاندنەکانیانەوە بیروئایدیالۆژیای خۆیان بلاوکردۆتەوە بەهۆی کاریگەری ماس میدیا, توانیویانە جەماوەر لەدەوری بەرنامەکاری پارتەکەیان کۆبکەنەوە هەرچەندە,دامەزراوە مەدەنییەکان باوەڕیان بە بەدیموکراتی فەردەوە هەیە,بەلاّم زۆرجار ئەودیموکراتیەتە دەبێتە روێکی ناشرینی ناوکۆمەلّ وەك لەکەناڵەکانی راگەیاندنی ناوخۆ بەدیدەکرێت ,ئەگەر

بەوردی رۆژانەگوێ لەڕادیۆناوخۆیەکان بگرێت.لەبەر زۆری کەنالی رادیۆی ناتوانی لە هەموو کاتە گوێ لەرادیۆکان بگرێت بەلام لە رێگاو کاتی پشوو لەماڵەوەزۆربەمان رادیوەکان دەکەینەوە زۆر جار گوێمان لەبەرنامەی ئەوەندە هەزەلی و بێمستەوا دەبێت نازانین ئەو هەموو هەلانە وجوینەوەی بابەتی کۆن وبێژەری بێمستەوانازانین چی بڵێن مرۆڤ توشی رەشبینێکی زۆر دەبێت لە ئاست راگەیاندنی کوردی .شەوانیش لەبەر شاشەی تەلەفزیۆنەناوخۆییەکان ئەوەندەهەلەی بێژەرەکان دەبینن وداوای لێبوردن دەکەن بەرنامەکان بێ لەزەت وبیتام دەکەن .

لەم شەوانە خانمێکی بێژەر بەرنامەیەکی راستەوخۆی پێشکەش دەکرد,لەگەڵ خوێدنەوەی سەرەتایبەرنامەکەدیاربووبۆیان نوسیبووتی : داوا لەمیوانان دەکەین بفەرمونە ناوستۆدیۆ,میوانەکانش هەموویان لەناو سۆدیۆ ئەوەندە زۆربوون جێگایان نەبوودابنیشن ,دواتر هەڵەکەی راستکردەوە ووتی میوانان لەگەڵمانن لەناو ستۆدیو دیارە لەکاتی پێشکەشکردنی بەنامەکە تێکستی نوسینەکەیان داوەتەدەست ,خانمێکی تر لە هەوالە سەرکییەکان لە هەوالێك سەبارەت بەسوریا لە جیاتی بلێت (فارق شرع وتی فارق فیشاوی)ئەمە مشتێك بوولە خروارێك لەسەر بێژەرەکان بەکوڕو کچەوە.



فلیمی شەوانی تەلەفزیۆنەکانش بەبێ ئەوەی هیچ تەنسیقێکیان هەبێت بەیەکەوەلەشەوێکدا هەموویان فلمی بیانی نیشان ئەدەن یان عەرەبی زۆر شەو هەیە یەك فلم لەسێ کەناڵ پەخش ,دەکرێت ,زۆربەی فلمەکانیش شەروشۆڕو توندوتیژی نیشان ئەدەن .بەتایبەتی تەلەفزێۆنی (کۆمەڵ ) کەرۆلێکی زۆرسلبی هەیە لەبلاوکردنەوەی هەستی توندوتیژی دەمارگرژی بەتایبەتی لەلای مندالان ومێرد منادالان.لەهەفتەیەك دا تەلەفزیۆنی ناوبراو شەش فلمی ئەوها پەخشدەکات , فلمەکانیش ئەوا دەشێوێنێت  ئەگەر دەرهێنەری فلمەکەلەسلێمانی بیت سەیری بکات فلمەکەی ناناسێتەوە چونکەهەرچی رۆڵێ ژن هەیە لەفلمە کەلای دەبەن هیچ مانایەك ناهێڵنەوە ئەگەرفلیمێکی هندی نیشانیدەن وماوەی سێ کاتژمێر بێت لەماوەی چل وپێنج دەقیقەکۆتایی دێت بەبێ ئەوەبزانیت باسی چی دەکات .

بەهۆی لابردنی ئەو گرتانەی کەژن رۆلیان تێدا هەیە .زۆرجاریش تەلەفزیۆنەکان هەندێ کەس بەبەردەوامی نیشان ئەدات ئەوەندەباسی شتی کۆن دەکەن رەنگەهەموویمان لەبەرکردبێت وەکو سرودەکانی خوێندنگای سەرەتای ئەوکەنالأنەی ئەوهان, واباشە کەناڵەکانیان داخەن زۆرباشتر لە وببێ بەرنامەییە .

یەکێکی تر لە تێبینیانەی کەشەوانەگویێمان لدەبێت ودەبینین بونی سەرچاوەی لەیەك چووەبەتایبەتی هەواڵەکان زۆربەی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن ورادیۆەکان لەیەك سەرچاوە هەواڵەکەوەردەگرن هەریەکەشیان بەجۆرێك تەرجەمەی دەکات وا لەبینەر دەکەن کە هەلوێستەیەك بکات چونکەیەك سەرچاەوەوچەندخوێدنەوەی جیای گوێ لێدەبێت . ئەوەی کەجێگای ئومیدە وشانازی پێوەدەکرێت لەنیوراگەیاندنی کوردی بونی چەند رۆژنامەیەکی ئەهلییە ,هەرچەندە وەکوپێویستیش نین چونکە رەچاوی تەوازن دەکەن لەنیوان هەولێروسلێمانی و ناهێلن نەشیش بسوتێت نەکەباب ,بەلام ئەوەی کەهەیە دڵنیام لەئایندە ئەبێتەهەوێنی دروست بوونی رۆژنامەی ئەهلی راستەوقینەو زیاتر دەرگا کان والآ دەبن وخەلکی تریش لە ومەیدانەئەسپی خۆیان تاودەدەن.



# ڕۆڵی ئێزگەکان لە ڕاگەیاندن و دژە ڕاگەیاندندا

لەسایەی توانا تەکنیکی و ڕونسینراوەکان و ڕادەی پەیوەندی کردن و توانای هەنگاونانی بێ بەربەست و سنورێك بۆ هەر لایەك لە جیهان دا . دەبینین ئێزگەکان ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان هەیە لە ڕووی جێبەجێ کردنی ڕاگەیاندنە سیاسی یە داواکراوەکان ،سەبارەت بە مانای زاراوەی دژە ڕاگەیاندنی ئاڵ و گۆر کراو .ئێزگەکان شوێنێکی گرنگیان گرتۆتە خۆ لەم سەدەیەدا و ئێمە ناتوانین نەخشەیەکی ڕاگەیاندنی سەرکەوتوو کاریگەر ئەنجام بدەین بێ ئەوەی ڕۆڵێکی سەرەکی ببەخشین بە ئێزگەکان دوو لایەنی سەرەکی دەگرنە خۆیان لە ڕووی سیاسەتی دژە ڕاگەیاندنی ئاڵ و گۆڕکراوەوە:-

1- لایەنی تەکنیکی ناوەڕۆکی جم و جۆڵی ڕاگەیاندن:-

گەیاندنی دەنگ بۆ هەر شوێنێك پێویستی بەبوونی ئامڕازێکی گواستنەوە و گەیەنەر هەیە لەبەر ئەوە .

خاڵی سوود وەرگرتن لە ئێزگەکان لە دروست کردنی ئێزگەیەکی پێشکەوتوو (شەپۆلی ناردنی توانای گەیاندنی) .

دەنگەکان هەببێت بۆ هەموو لایەکی جیهان بە پلەی یەکەم و شوێنی مەبەست بە شەو و بە ڕۆژ ،لە ڕێی دابین کردنی پەخشێکی

پێشکەوتووی ڕوون ، دوور و توانای بەرهەڵستی تەشویشی تەکنیکی هەبێت، بەلایەنی زمانی گفتووگۆکردنەوە .

گەر هاتوو شوێنە ئاراستە کراوەکە هەمان زمانی گفتوگۆی هەبێت ئەوا هیچ کێشەیەکمان بۆ دروست ناکات بەڵام گەر هاتوو زمانی گفتوگۆکردنەکە جیاواز بوو ،دەبێت چەند کەسانێکی پسپۆر و شارەزا دابین بکات کەڵێ هاتوو بن لەو زمانە و لە کاری ڕاگەیاندن و لە کاری سانسۆر و شیکردنەوە و بەدوادا چوونەوەی هەواڵەکانی دژە ڕاگەیاندن .

★ناوەڕۆکی جم و جوڵی ڕاگەیاندن :- مەیدانی جم و جوڵی ڕاگەیاندن ئێزگەی تەنها گوێ لێبوەکانە واتە (ووشە گوێ لێبووەکان ،کاریگەری یە دەنگێکان ،وە بەلگەنامە دەنگیکان ...هتد) بێ گومان ئەم مەیدانە دەرفەتێکی چاك دەرەخسێنێت بۆ پەیوەند بوونی بە کەرتی زۆر و بلاو لە خەڵك تایبەتی لەو شوێنانەی کە دەیانەوێت جم وجوڵە سودبەخش و سەرکەوتوو بێت دەبێت توانای بەدەست هێنانی بڕوا و متمانەی بیسەرەکانی هەبێت و دەتوانین ئەمە بەدی بکەین ئەگەر ئەم کۆمەڵە پێویستیانەمان دابین کرد .

یەکەم:- چەند هاوکێشەیەکی گشتی :-

1- ڕاگەیاندنێکی پشت بەستوو بە ڕووداوی ڕاست و باوەڕ پێکراو .



2- توانای تێگەیشتنی هەست و پێش بینیەکانی جەماوەری گفت و گۆ لەگەڵ کراوی داهەبێت.

3- توانای حاڵی بوونی لە بەسەر هاتە ئابووری و کۆمەڵایەتی، سیاسی ،فەرهەنگیەکانی جەماوەر هەبێت .

4- پێشوازی کردن و بەرزکردنەوەی ئاستی خەباتی جەماوەر بە چەند هاوکێشەیەکی گونجاو لەگەڵ بەسەرهاتە ڕاستیەکاندا بێ ئەوەی بە هیچ شێوەیەك گەورە بکرێتەوە یان دوور بخرێتەوە بەپێ هەلومەرجی سەردەم .

5- ڕێز گرتن لە هەستی نەتەوایەتی و داب و نەریتە ڕێ پێدراوەکانی جەماوەر .

6- دان بەوەدا بنرێت کە چالاکی ڕاگەیاندنی ئاڕاستە کراو ، دژ بە ستەم هاندانە بۆ بەرز بوونەوەی هەڵچوون و خەباتی جەماوەر بە شێوەیەك کە لەدوای جم و جوڵەکانیان بچێتەوە و ڕای گشتی ناوخۆیی و جیهانی ئاشنا بکات بە پێشکەوتنی ئەو جم وجوڵە.

7- هاندانی بینەر بۆ گوێ گرتن لەو ئێزگەیە لە ڕێی پێش کەش کردنی کورتە بابەتی خۆش گوزاری و ڕۆشنبیری گونجا و جگە لە چەند بابەتێکی تایبەت و خێرا بە ڕاگەیاندنی ئاڵ و گۆڕ کراو .

8- هەستیار کردنەوەی بیسەر بە نزیکی ئێزگەکە و ئاگاداری لە بارودۆخی ناوخۆ لە ڕێی بڵاوکردنەوەی کورتە هەواڵ .

9- بەهیواکردنی جەماوەر و بەهێز کردنی تواناکانیان بۆ گەیشتن بە ئامانجی روخاندنی ڕژێم و بەدی هێنانی سەربەخۆیی ڕاستەقینەیان .

10- خەباتی گەلانی دژ بە داگیرکەران و لایەن گرەکانیان بکرێتە خاڵی دەست پێکردنی بەرهەڵستی .

11- نمایش کردنی شێوازەکانی پێشکەوتن لە وڵاتەکەدا وەك نموونەیەك یان بەڵگەیەك کە بوونی ڕێڕەوێکی شۆڕشی ڕاستەقینە بسەلمێنێ .

12- دورکەوتنەوە تا دەتوانرێت لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و دەنگ و باسی گومان لێکراو پشت بەستن بەو هەواڵانەی کە ئاژانسە جیهانیەکان بڵاوی دەکەنەوە یان ڕۆژنامە بەناوبانگەکان .

- بەدوا چوونەوەی دەنگ و یاساکانی ڕێکخراوەکانی خوێنکاران و پیشە سازان و سیاسەتەکانیان دژ بە ستەم لە دەرەوەی وڵات .

لە نامیلکەی (اعلام والاعلام مضاد ..ادوەرگیراوە



# رۆژنامە وكۆنترۆڵی دەسەڵات

ئازادیی رۆژنامەگەری کوردی لە کوردستانی باشوور, دیارە بەپێچەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە لە ژێر گوشار وقەیرانی رژێمە دیکتاتۆرەکاندا دژایەتی دەکرێن و, ئەوەی ئازاد نەبێت لەو بەشانەدا رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنووسانن, بەڵام سەرەڕای ئەو ئازادی وسەربەستییەی کە خودی رۆژنامەگەری هەیەتی هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی لایەنە دەسەڵاتدارەکاندایە ورۆژنامە وبڵاوکراوەکان زۆر جار دەکەونە بەرگورزی چاوەدێری وپشکنین وکۆنترۆڵی دەسەڵاتەوە, جا چ بەهۆی ئاشکراکردن ودەرخستنی چەوتیەکانی دەسەڵاتەوە بێت یا خستنەڕووی راستییەکان ودەربرینی بیروڕا وقسەی خەڵك. ئەمەش خۆی لەگەڵ خۆیـو پرسیارێکی دیکە کێش دەکات, ئایا رۆژنامەگەریی تا چ رادەیەك سەربەستە لەتێکەڵبوون بەخەڵك وگەیاندنی راستییەکانیان بە دەزگا بەرپرسەکان؟ وەلامی ئەم پرسیارەش بەپلەی یەکەم لای خودی لایەنە بەرپرسەکانی دەسەلات, دواتر وابە نووکی خامەی رۆژنامەنووسان وئەدیب وکەسانی رۆشنبیر وبوێرەوە دەدرێتەوە دیوێکی دیکەی رۆژنامەگەریی کوردی لە باشووری کوردستان گرینگی دانە بەباس وخواس ومەسەلەی ژنانەوە کە ئەمە لایەنێکی دیکەیە

وپێویستی بە ئاماژەپێکردنە.هەموو دەزانین کە ژنی کورد تا چ رادەیەك گیرۆدەی قەیران وزوڵم زۆریی کۆمەڵگایە ولە ئازادییەکانی بێبەشە, چۆن قەتڵ وعام دەکرێت ودەستدرێژی دەکرێتە سەرمافەکانی ؟ ئەوەی شایانی گوتنە لە رۆژنامەگەریی کوردیدا بایەخی ئەوتۆ نەدراوە بەمەسەلەی ژنان وەك تاکێکی چالاك وکاریگەر لە کۆمەڵدا ,بە واتایەکی تر, ئاوردانەوەی رۆژنامەگەریی لەمەسەلە ژنان وەك دلۆپێکە لە دەریا وبەگشتی وەك پێویست بایەخی پێچ نەدراوە وداکۆکی تەواوی لێناکرێت.

بەڵام ئەوەی مایەی خۆشبەختی یە, خودی ژنان خۆیان هەنگاوێکی گرینگیان ناوە لەبواری رۆژنامەگەرییدا وبەدەر لەو کێشانەی کە رووبەڕوویان دەبێتەوە کەتوونەکار بۆ رووخاندنی ئەو دیوارەی لەنێوان ژن وپیاودا هەڵچنراوە, لەم سالأنەی دواییدا ژمارەیەك لەخانمان کەم وزۆر چالاکانە لەبواری رۆژنامەگەرییدا کاردەکەن, وەك چالاکییەکی بەرچاو لەم بوارەدا ژمارەیەك بڵاوکراوە وگۆڤار کەوتوونە بازارەوە کە خانمان بەرێوەی دەبەن وتیایاندا بابەت وویست وداواکارییەکانیان دەخەنەروو,لەم بوارەدا بۆ نمونو دەتوانرێ بەچەند بڵاوکراوەی چاپکراو وئەلیکترۆنی وەك(پێکە) ,(رێوان) ,(ئاوێزە) وهیتر... ئاماژە بکرێ,مەیەلەیەکی گرینگی دیکە ژمارە وجۆری وئەورۆژنامە وگۆڤارانەن کە رۆژانە دەخرێنە بازارەوە و وەك



شکل وتیراژ شێوەیەکی جوان ومۆدێرنیان لەخۆ گرتووە, بەڵام ئایا لە ناوەرۆکدا تا چ رادەیەك سەربەستن؟ پێوەندی بەزۆر هۆکاری سیاسی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگییەوە هەیە.وەك لەپێشدا ئاماژەم بە ژمارە وجۆری بڵاوکراوەکاندا و, ئەوەیکە رەوتی پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردی کاریگەرییان لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵك وورژاندنی مەسەلەی ئاڵۆز وکێشە بەرچاوەکانی تایبەت بە کۆمەڵ وخەڵکەوە هەبووە وهەیە, بەڵام هێشتا پێم وابێت ئاستی سەربەستی وئازادیی لە رۆژنامەگەریی کوریدا ماویەتی بگاتە چڵەوپۆپ ولەچاو ئەو وڵاتانەی کە رادەی ئازادی رۆژنامەگەریی تیایاندا لە ترۆپکدایە شیاوی بەراوردکردن نییە,بەتایبەت لە وڵاتانی پێشرەفتە وخاوەن دیمۆکراسی کۆمەڵ بەدەوڵەت وبەپێچەوانەشەوە بۆ لە قاودانی کار و کردەوەی ناقانوونیی بەرێوەبەرانی سیاسی ودزیی وگوندەڵیی ئیداری ودەوڵەتی , وەك بڵند گۆی راستیی وزمانی هەقبێژانەی خەڵك وکۆمەڵگا بە حیساب دێت! لە کۆتاییدا, هیوادارم رۆژنامەگەریی کوردیش کە ماوەی لەسەدویانزە ساڵە چ بەشێوەی نهێنی وچ بە شێوەی سەربەست لە دەرەوە وناوەوەی کوردستان لە چالاکیدا بووە, هەنگاووبنێتە ناو مەیدانی ئازادەوە ووەك سەکۆیەکی پتەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆژ لە دوای رۆژ بەرزتر وبڵندتر وخۆراگرتر بێت.

# رۆماڵی روداو میدیای هاولاتی

رەوشی رۆژنامەنووسی لە کوردستان تادێت بەرو کەشێکی نائارام دەچێت ،ئەمە بە بیروبوچونی بەشی زوری رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان،بەلام بە بیرو بوچونی هەندێکیتر لە رۆژنامەنووسانەی لە راگەیاندنی پارتە سیاسیەکان و دەسەلات کار دەکەن پێیان وایە رەوشی رۆژنامەنووسی لە کەشێکی ئاسایی دایە،ئەمە دوو بوچونی دژ بە یەکن لە زورێك لە کەناڵەکان رەنگی داوەتەوە، تەنانەت لە سیمینارو کوڕو کوبونەوەش مشتومڕ لە نیوان ئەم دوو ئاراستە دژە دروست دەبێت.لە سمینارێك سەبارەت بە رەوشی ئازادی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان. لە شاری هەولیر،فەرهاد عەونی رایگەیاند کە شەرم دەکات نەقیبی سەندیکایە.لەبەر ئەوەی رۆژنامەنووسی کوردی لە پیشەکەی لایداوە ئەو زانیاریانەی بلاّوی دەکاتەوە پیشەیی نیەو پێچەوانەی ئاکاری رۆژنامەنووسیە..لە رۆداوەکانی 17 شوبات و دواتر رۆلی رۆژنامەنووسان سەیر بکری.ئەوا ئەتوانم بڵیم رۆژنامەنووسانی ئێمە هیچیان کەمتر نەبوو لە رۆماڵکردنی روداوەکان لە رۆژنامەنووسانی بیانی کە رۆژانە لە ولاتانی جیهان رۆمالی



رۆداوەکان دەکەن.چەندین رۆژنامەنووسمان بەر لێدان و گرتن کەوتن و چەندینش هاوشانی هاولاتیان بریندار بوون لە پێناو گەیاندنی راستیەکان ،لە هەندی شارو شاروچکەی تریش کەرێگا نەدرا خۆپیشاندان بکری،رۆژنامە نووسان رووبەڕوی ئیهانەو چاوسوردنەوە بوون لە لایەن دەسەلاتەوە,،پیم وایە لە ماوەی بیست ساڵی رابردوو لە کوردستان هندەی ئەوسییّ‌ّمانگە سکالاّ لەلایەن رۆژنامەنووسان تۆمار نەکراوە.تەنانەت ریکخراوە بیانیەکانیش سەبارەت بە ئازادی رۆژنامەنووسی لە کوردستان هاتونتە قسە و ڕابوتی خویان سەبارەت بە رۆشی رۆژنامەنووسان بلاّو کردوتەوە.

لیرە دەبێت رۆلی راگەیادنی هاولاتی ئاسایی لە رۆمال کردنی رووداوەکان هەمیشە بەرز بنرخینن هەر چەندە ئەو پەیامە کە لەرێگای موبایلەکانیانەوە تومار کراون لە رۆی زانستی وکولیتیەوە وەك پیویست نەبون بەلام لە گەیاندنی زانیاریەکان لە پیش راگەیانی ئاسایەوەبون بەتایبەتی ئە گرتە ڤیدیویانەی لەرێگای فەسبوك و ئیتوب دا بلاو دەکرانەوە. پیوستە کەنالەکانی راگەیاندنی کوردی زور گرنگی بە میدیای هاولاتی ئاسایی بدات چونکە ئەو میدیایە لە هەموو سوچێك بونی هەیە.خێراترە لە رومالّی روداوەکان .هەروەك چون لە رۆداوەکانی ولاتانی عەرەبی بینمان.بە تایبەتی لە شورشە سپی میسر...

# پڕۆفشناڵی میدیاو خوێندنی ئەکادیمی لە کوردستان

لەنیوناوەندەکانی میدیا وکوڕۆدانیشتەکانی میدیاکاران و رۆشنبیران بەردەوام قسەکردن لە سەر بڕوانامە و خوێندنیئەکادیمی بواری میدا باسی لیوە دەکرێ ،بە شوەیەك کەلایەنە رەخنەگرتنیان فرەترە لەوەی کە ستایشی ناوەندەکانی بواری خوێندینی میدیا دەکری .ئەو رەخنانەش لە روانگەی ئەوەیە کە زورێك لە خوێندکارانەی لە بەشەکانی میدیا کۆتایان بە قرناغی خوێندن هێناوە بەردەوم دەردەچن. ئەوانەی کە ویستویانە لە کەنالەکانی میدیا کار بکەن وەك رۆژنامەنووس.وەکو پێویست نەبوون لە ئەنجامدانی کاری میدیای لە ڕوی پراکتیکیەوە نەیان توانیوە ئەو مادانەی لە بورای ژانەرەکانی میدیا خوێندویانە بەشیوەکی کردەی پەیڕەوەی بکەن .بگرە ئاستی رۆشنبیری وزانستی بواری میدیایان زور لاواز بووە دەرچوی وا هەبوە چوار ساڵ لە زانکۆ یان دوو ساڵی پەیمانگا خوێندنی بواری میدیایان بە شێوەی تیۆوریو پراکتکی خوێندوە ،نەیانتوانیوە راپۆرتیکی بێکەم و کوڕی ئامادەبکەن. بەدڵنیایەوە دەرچوی زورباشیش هەبووە کە توانیویەتی بە شێوەێکی خێرا



جێگای خوی بکاتەوە .کارەکانی بە شیوەیەکی پرۆفشنال ئەنجامبدات و کاریگەریش لە سەر هاو پیشەو میدیاکارەکانی دەوروبەری هەبێت . هەر زووش توانیویەتی بەر پرسیاریەتی لە کەناڵەکانی میدیا وەربگرێ.

بەلام ئەفسوس ئەو میداکارارنە رێژەیەان زور کەمە لە نێوئەو لەشکرە زۆرەی سالانە دەردەچن ، وون بوون، ئەگەر بێڵم ئێستا لە پارێزگاکانی هەرێم زیاتر لە هەزاران دەرچووی میدیالە هەردوو زانکۆی سلێمانی و هەولێرو پەیمانگاکانی سلیمانی ،هەولێرودهۆك هەیە ،بڕوانامەی جوراو جوری هەرلە دبلۆم تا دکتۆرا هەیە جگەلەو خوێندکارانی بەرنامەی تواناسازی لەبواری میدیا دەخوێنن، ئەم هەموو میدیاکارە ئەکادیمیانە .دەبوایە راگەیاندنی کوردی لەو پەڕی پیشکەوتن بوایە لەڕوی زانستی ژانەرهونەرییەکانی میدیا سەرەڕای خەرجکردنی هەزاران مليون دوولار لە لایەن حکومەت لە بورای ئەکادیمی کە خوێندنی میدیاش بەشیکە لەو پرۆسەیە ،بەڵام رۆژانە دەیان بگرە سەدان هەڵەی جۆراوجۆر لەکەناڵەکانی راگەیاندن دەبین بە بینراو بیستراو .

بیگۆمان هەڵەی رۆژنامەوانی لە میدیای جیهانیش بەدی دەکری.بەڵام ئەو هەڵانەی کەدەکری زیاتر هەلەێ تەکنیکین کەمتر

هەلەی زمانەوانی و دارشتنن ،وەڵ لە میدیای کوردی هەموو ئەو هەلآنەی دەکری زیاتر .نوسین و زمانی دەربڕینن وخوێندنەوەیە.
ئەمەش پەیوەندی راستەو خوی بە شارەزاو ئاستی زانستی خودی میداکانی کورد هەیە،ئەوەی من ئەمەوێ لە کرۆکی بابەتی نووسینەکەم بیڵیم .دوای زیاتر لە دوانزە ساڵ بە سەر کردنەوەی بەشەکانی میدیا لە زانکۆ پەیماگاکانە پیا چونەوەبە مادەکانی خویندن نەکراوە هەرچەندە کەم تازور مادەیەك یان زیاتر لابراوە یەکێکی تر خراوەتە جێگای بەلآم ئەوە بە شێوەیەکی زانستی ووردەکاری گرنگی بۆنەکراوە بەڵکو بە هۆی نەبونی مامۆستای پسپۆرو چەند هۆکارێکی تربووە، بۆ ئەوەی سالانە ئەو هەموو لەشکرە بێبەرهەمە بەڕێ نەکری پیویستە سالانە یان دوو سال جارێك کۆنفراسی تایبەت بە خوێندنی میدیا بکری پسپۆڕانی ئەم بوارە لە سەرتاسەری جیهان بانگهشت بکرێن بو ئەوەی چیتر ئەو سەر گەردانییەی لە میدیای کوردی نەمێنی و بە چاوێکی کەم سەیری ئەو ناوەندانەی خوێندن نەکرەی نەبێتە هۆکاری لەکەداربوونی خوێندن لەم ولاتە.



# ژنانی رۆژنامەنووس و بەدەستهینانی زانیاری

یەکێك لە هۆکارەکانی سەرکەوتنی رۆژنامەنووس بونی پەیوەندێکی فراوانە لەگەڵ چین وتوێژەکانی کۆمەلگا ودام ،دەزگاکانی میری و کۆمپانیا و رێکخراوەکانی کۆمەڵ مەدنیە.لەرێگای ئەوپەیوەندیە فراوانەوە دەتوانی بەردەوام زانیاری رۆژنامەنووسی دەست بکەوی و ئاگاداری هەموو رۆداوەکانی رۆژبێت.
لەکۆمەڵگا رۆژ هەلاتیەکان زانیارییە هەستیارەکان،رۆداوە تایبەتیەکان رۆپۆش دەکرین و دەشاردرێنەوە مەگەر ململانی ناو دەزگاکان نهینی و کارە ناشیاوییەکان بدەن بە هەوڵێران ،زیرەکی و وریایی رۆژنامەنووس لەوە دەردەکەوی کە بتوانی ئەو زانیاریانەی وەگیری دەکەوی بە سود وەرگرتن لە پەیوەندییە کەسیانەی کە لەگەل بەرپرس وکاربەدەستانەوەی دەولەت و کەرتی تایبەت هەیەتی، هەمیشە ژێدەری زانیاری گرنگەکان وون ،بەلآم زانیارییەکان راستن و وەرگرباوەڕیان پی دەهێنێ.
دەستکەوتنی زانیاری هەستیارکارێکی ئاسان نییە ،بەلام ئەوەندەش گرانیە ئەگەر رۆژنامەنووس شیوازوی تایبەتی خۆی بەکاربێنی لەچۆنیەتی هەڵسوکەوت لەگەڵ دەوروبەرولایەنە پەیوندیدارەکانەوە

بكات. ئەزموونى كارى رۆژنامەنووسانى ژن ئەويان سەلماندووە كە بە ئاسانتر زانيايان لە بارى رۆداوەكانى رۆژ دەست دەكەوێ بە تايبەتى لە واتانى جيهانى سێ كەولآتى خۆمان يەكێك لەوجيهانە، چونكە پەيوەندى هەردوو رەگەزى نێرومێ پەيوەنيدكى سنور دارە و وپتەونيە ، رۆژنامەنووسە ژنەكانمان تاردەيەك توانيويانە بە هۆى كارى ميدياييەوە پەرە بە پەيوەنيدە يە كۆمەلايتيەكان و كەسييەكان بدەن ، ژنە رۆژنامەنووسە چالاكەكان دكارن زورترين زانياريان دەست بكەوى.

هەربۆيە كەنالەكانى ميديا ،گرنيگيكى فرە تر بەرۆژنامەنووسە ژنەكان ئەدن لە ڕوى ئيمتيازيشەوە ئەو جياوازيە بەديدكرێ، ديارە هەنديك كەنالێ وەك وپشتگيرى و پالپشتى بۆ ژنان ئەو كارە دەكەن كەبێنە مەيدان و زياتر دەربكەون.لە هەمان كاتيش دەزگاكانى ميديايى ئەهلى ژنانى رۆژنامەنووس بۆ پەيداكردنى ريكلام رادەسپێرن چونكە دەزانن كە ژنانى چالاك كارئاسانيان زياتر بۆ دەكرى بە تايبەتى لە دام ودەزگاكانى ميرى وريكخراوەكانى كۆمەلى مەدەنى كۆمپانيا گەورەكانى بازرگانى . نمونەيەك لە بەسەرهاتى ژنە رۆژنامەنووسيكى هاورێم كە لە لايەن كەنالەكەوە كرابوو بە بەرپرسى بەشى ريكلانم ئەوها بەسەرهاتى كارى رۆژنامەنووسى گيرايەوە. بۆ مەبەستى پەيداكرنى ريكلام بۆ گۆڤارەكەمان سەردانى



چەند كۆمپانيايەكمان كرد بۆ ئەوى كاريان بۆبكەين و ريكلام بۆ كالآكانيان بكەين ، لەگەل يەكيك لە كۆمپانياكان ريكەوتين كە پيوستيان بە ريكلامەو لەرێگاى ئيمەوە كالاكانيان بخەنە رۆ ئەو رۆى سەردانم كرد گريبەستكمان ئامادەكرد ريكەوتين لە سەر نرخى ريكلامەكە هەموو كارەكانمان تەواو كرد من وەك لايەنى گۆڤارەكەمان گريبەستەكمانم واژوو كرد، ئەو رۆژە بەرپرسى قاسەى پارەكانيان رۆيشتبوو كاتى دەوامى ئاسايى خوى تەواو ببو بۆيە خاوەنى كۆمبانياكە داواى ليكردم بە يانى بيمەوە برى ئەو پارييە وەربگرم كە ريكەوتبين، بۆ بەيانى بە هۆى نەخوشكەوتنى مندالەكەم نەم توانى سەردانى كۆمپانياكە بكەم داوام لە هاوسەركەم كرد بچى پارەكە وەربگرێ ،هاوسەرەكەم لەكاتى ديارى كراو كە بريارببوو پارەكەمان بداتى ئامادەبوو.خوى دەناسينى و هاوسەركەم نەيتوانى بيت بۆ وەرگرتنى مەبلەغى بارەى لە برى ريكلام ريكەوتبون. خاوەنى كۆمپانياكە پى دەلى كە ئيمە ريكلام ناكەين و هيچ گريبەستمان نەكروە. دلنيام ئەگەر رۆژنامەنووسە ژنەكە خوى بچوبايەوە بو وەرگرتنى كرى ريكلامەكە وەريدەگرت.مبەستم لە رۆداوە ئەو بوو كە خاوەنكارەكانى وەلاتى ئيمە بۆ هەلس و كەوتوپيدانى زانيارى بۆ ژنامى رۆژنامەنووس دەستيان كراوەتر..

# کەناڵەکانی میدیاو یادەوەری ئەنفال

ساڵانە لە مانگی چوار هاوکات لە گەڵ یادەوەری کۆڕەوە گەورەکەی گەلی کورد.یادی کارەساتی بەدناوی ئەنفال دەکرێتەوە، بە شێوازیکی چەق بەستووهیچ گۆرانکاریکی بە سەر دانایەت کە ببیتە هۆکاری ئاسودەبونی دل و دەرونی پاشماوەکانی ئەنفال.دوای بیست ووسی ساڵ لە ئازادی ولات نەتوانراوە ئەم یادە بکرێتە یادیکی نەتەوەیی و کە هەموو چین و تویژەکانی نیو کومەڵ بگرێتەوە،بە شیوەیەکی گشتگیر تەواوی ناو چەکانی کوردستان ئەم یادە بە ئەنجامدانی کارو چاکی تایبەت ئەم کارەساتە شومە بەبیر خەلکی کورەواری بێنینەوە ،ئەوی کراوە زیاتر لە ناوچانە بووە کە بە شیوەیەکی چڕ بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوون بیگومان ئەگەر وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانیش ئەکری یادکردنەوە نەگریتە ئەستو ئەوا بەشێوەیەکی سادو نەوکانی پاشماوەکانی ئەنفال بو یادەوەری ئازیزانیان یادی دەکەنەوە. بەلام حکومەتی هەرێم هەموسالێك یادەکە بە شیوەیەکی تەقلدی دوو بارە دەکریتەوە. کە بەرنامەکان بریتین لە ووتارو بەڵینی بێکردارو چەندین قسەی تر..

کەس و کاری ئە نفال کراوەکان لە شیوە ئەم یادەوەرییە بیزار بوون ،چونکە برین و زامی قۆلیان بەم ووتە برقەداترانە سارێژ نابن.



ساڵانە دڵی سەدان کەس و کاری ئەنفالکراوەکان پڕ دەکەن لە زوخاوو و هەنسکی گرییان .دە بوایە ئێستا سەدان چێروك و فلمی سینەمایی لە سەر ئەم کاەرساتە شومە بەرهەم هێنرابان بۆ ئەوی تەواوی ئازادیخوازانی دوانیا رۆی ڕەشی بەعسیەکانیان زیاتر بینبا ، ئەو کۆکوژیەی بە ناوی ئەفال بەسەر گەلی کوردا هات ببوایە چیرۆکیکی ویژدان هەژین..دەکرا حکومەتی هەریم بە ملیون دولاری بو تەرخانکردبا و کەرنەڤالێکی گەورە ریکخرابا کە لە تەواوی دونیا نووسەرو رۆشنبیرو سیاستمەداریان بانگهیشتبکربا.بۆ ئەوەی لەم کەرنەڤالە کە تیدا چەنیدن چالاکی جوراو جۆر لەسەر ئەنفال ئەنجامدرابان.

.بەداخەوە ئەوەندەی گرنگی بە فیستڤاڵی کەلتوری گەلان درا ئەوەندە گرنگی بەم یادە نەدراوکە دەبوایە گەورەترین یادی بکرابایەوە بە تایبەتی ئێستا کە پەیوەندی نیوان حکومەتی ناوەندو هەریم سستی تیکەوتووە بۆ ئەوەی گەنجەکانمان زیاتر بە جوش و خرۆشەوە پارێزگاری لە دەستکەوتەکانی راپەین و ئازادی بکەن.

نەوەکانی ئێستاکورد جگە لە پاشماوەکانی ئەنفال هیچ زانیارێکیان نییە لە سەر ئەو کردە قیزە وونە.ئەمەش ئەرکی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان ئەنجومەنی وەزیرانە کە بەرنامەیەکی دارێژراوییان هەبوایە کە هەموو تاکەکانی کوردەواری بە تایبەتی

گەنج و لاوەكانمان زانياريان لە سەر ئەم كردە نامرۆڤانەيەی ئەنفال هەبوايە. لەيادی ئەنفال دەبوايە سەرتاسەری كوردستان لە خوێندنگاو ناوەندەكانی تری خوێندن هەفتە يادی بە سيمنارو كوڕی تايبەت بكرابايەوە .بەلاّم ئەو ياد وەك هەموو ئەو بونە زۆر زەوەندەكانی رۆژمێری حكومەتی هەرێم تێپەڕی بەبی ئەوی هيچ يادەوەری يان كاريگەيك جێبيلێ .سەڕەرای ئەوەش كەناڵەكانی ميديا وەك پێوست بەرنامەكانيان تەرخان نەكرد و لەبەرنامە شاديەكانی خۆيان نەكەوتن .كەنالی وا هەبوو لە 14-4 كەبە رۆژی يادی ئەنفال دادەنری.تەقەی سەر ئەهات و بگرە لە رۆژەئاسايەكانی تر بەرنامەی شادی پەخش دەكر.بێگومان ئەوەش كاردانەويەكی خەرابی لە سەر گەنجەكانمان دەبيت.چونكە بينەری زوری ئەو كەنالآنە زياتر تويژی گەنجانن.

زورێك لە كەناڵەكانی ميديا ئەركی نەتەوايەتيان فەرامۆشكردووە زياتر بەو ئەقارە دەڕون كە بەها جوانەكانی نەتەوە وخوشەويستی نيشتمان لە لای تويژی هەستياری كوردەواری كە گەنجان لە ناخييانە بكوژن.



# رۆڵی رۆژنامەنووس لە پريس كۆنفراس

رۆژنامەنووس لە سەر داوايەك كە ئاراستەی خۆی يان دەزگاكەی كراوە هاتوە بۆ كۆنگرە هەر بۆيە لەسەری پێويست نيە خۆی بۆ ئامادە بكات يان هيچ دەربارەی بخوێنێتەوە بەلاّم لە هەمان كاتدا دەبێت گوێگرێكی باش و تۆماركەرێكی باش بێتو پاشان سەربەستە لە كردن يان نەكردنی پرسياردا هەروەها سەربەستە لە هەڵبژاردنی هەر بەشێكی وتەكان كە بەمەبەستيەتی و لە سەری پێويست نيە كە هەموو كۆنگرەكە تۆمار بكات (بە پێچەوانەی چاوپيكەوتنی رۆژنامە نوسی نێوان دوو كەسەوە).

نابێت رۆژنامەنووس لە كۆنگرەی رۆژنامەنووسيدا پشت بە ئامێری تۆمار كردن ببەستێت چونكە دەشێت زۆرجار كۆنگرە لە سەربانی باڵەخانە يان باخدەدا بگيرێت كە دورە لە سەرچاوەی كارە باوە يان شوێنی قسەكەر لەو رۆژنامەنووسەوە دورە كە دەشێت هۆكەی مەسەلەی وريايی ئاسايش بێت .

هەرچەندە سەرەتا ئەم تێبينيانە سادە دەردەكەون بەلاّم لە كاری رۆژنامە نووسيدا سەرەكين چيرۆكی رۆژنامەنووسە يۆنانيەكە لەم بابەتەوە دورنيە كە ويستی لەسەر پليكانەكانی فرۆكەيەك

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ (کۆرت فالدهایە)ی ی سکرتێری گشتی ویلایەتە یەکگرتوەکان بکات بۆیە دەرکەوت کەتاکە قەڵەم جافەکەی پییەتی هیچی تیدا نەماوە بەم شێوەیە فرسەتی ئەو چاوپێکەوتنەی سەرەرای ئەو هۆیە بێ مانایە لە دەستدا .

لەحاڵەتی درێژەکێشانی کۆنگرە رۆژنامەنووسیەکەدا نێردراوانی ئیزگەو و تەلەفیزیۆن و ئاژانسی دەنگ و باسە جیهانیەکان سەربەستن لە گەیاندنی هەواڵێکی چری کۆنگرەکە بە مەڵبەندی کارەکانیان هەتا دواتر بەدواداچوون لە گەیاندنی وردەکاریەکاندا دەکەن.

## پریس کونفراسی رۆژنامەنووسی

مەبەست لەپریس کونفرانسی رۆژنامەنووسی ئەو چاوپێکەتنەیە کە لە نێوان کەسایەتیەکی حکومی یان ناحکومی (رێکخراوی پیشەیی ، بزوتنەوەی رزگاری خواز ، رێکخراوی نیودەولەتی ، ....هید) و ژمارەیەك پەیامنێری کەناڵەکانی راگەیاندن دا دەکرێت بەپێ ی بانگێشتنامەیەك کەلە لایەن کەسایەتیەکەوە ئاراستەی ئەو نێردراوانە دەکرێت بە واتایەکی دی دوولایەنی هاوکێشەکە لەم چاوپێکەتنەدا بریتین لە:-



أ. کەسێك کە دەیەوێت زانیاریەکی دیاری کراو بگەیەنێت بە رۆژنامە نووسان (خاوەن بانگێشتنامە ) .

ب. رۆژنامە نووسان کە بۆ گوێگرتن لە وتەکانی (خاوەن بانگێشتنامە) کۆنگرەی رۆژنامە نوسیەکە بوتە یەك دەست پێبکات یان بەشێوەی بەیانێکی فەرمی دەخوێنێتەوە یان بە وتەیەك دەریدەبرێت لە هەدوحاڵەتەکەشدا لە داوی دەرگا ئاوەڵادەکات بۆ رۆژنامەنووسان بۆ ئاراستە کردنی پرسیار.

بەلە بەرچاوگرتنی جۆراوجۆری و فراوانی سنورەکە لە قەڵەم دەدرێت هەر بۆیە دەبێت کەسایەتی نێردراو ئەم سیفەتانەی تیابێت

- زیرەك و لێهاتوبێت .
- بتوانێت لەسەر هەربابەتێك کە پیشکەس دەرێت بدوێت.
- شارەزای لە لایەنەکانی سیایەتی ناوخۆو دەرەدوەی ئەو لایەنە هەبێت کە نوێنەریەتی.

# ئەرشیفی دیجیتاڵی میدیایی

ئەرشیف بەواتا باوەکەی ( ئەو خانەو دامەزراوانەیە یان یەکێکی ڕێکخراو یان دەزگایەك دەگرێتەوە) کەهەموو زانیاری یەکانی تێدا کۆدەکرێنەوە و دەپارێزرێن و ڕێك دەخرێن و خانە بەند دەکرێن ، بۆ سودلێوەرگرتن دەخرێنە بەر دەستی هاوڵاتیان.

ئەرشیف بەواتا خوازراوەکەیەوە بەو باڵەخانەیە یان بەو بەشە دەگوترێت کە دۆکومێنتەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە .

لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی دیجیتاڵیدا چەمکی ئەرشیف گۆڕانکاری بەسەردا هات ، بەشێوەیەك کە ئەو کارو ئەرکانەی بۆ ئەرشیف دانرابوون فراوانتر بوون و ئەوانیش گۆڕانیان بەسەردا هات ، تاوایلێهات داوابکرێت لەگەڵ هاتنی تەکنەلۆجیای دیجیتاڵی بۆناو ئەرشیفەکان شۆڕشێك لەناوخۆی ئەرشیفدا دروست ببێت وەك (تێکست و وێنە تۆمار کراوە دەنگی یەکان و فیلمە دیکۆمێنتەکانی سەر ڤیدیۆو ...هتد) وەك بەشێك لەسامانی کلتوری و کەلەپور دیجیتالیزە بکرێن، لەئەنتەرنێتدا بەباشترین و ئاسانترین شێوە بکەوێتە بەر دەستی هاوڵاتیان و خەڵکی زۆر بەکاری بهێنن.



ئەرشیفی دیجیتاڵی لەسەر کۆمپیوتەر و لەسایتەکانی ئینتەرنێتدا سەری هەڵدا ، ئیتر لێرەوە چەمکی ئەرشیف لەسەر پێناسە باوەکەی خۆی نەماو بەهۆی ئەنتەرنێتەوە واتایەکی فراوانتری لەخۆگرت و چووە بواری جیهانی وێنەی کۆمپیوتەرەوە .

لێرەدا فاکتەرەکانیش دەگۆڕێت ، چونکە کاتێك فایل و تۆمارکراوەکانی کارگێڕێك دادەخرێت لەئەرشیفدا بەواتا کلاسیکی یەکەی هەڵدەگیرێت ئەوسا جیاوازی ئەرشیف کردن و بەکارهێنانی نێوان ڕابردوو و داهاتوو نامێنێ.

شۆڕشی دیجیتاڵی نەك تەنها هەموو بابەتە دیجیتاڵییەکانی بێ شومار کرد، بەڵکو دوپاتبونەوەی سەرچاوە دیجیتاڵی یەکانیشی ئاسان کرد ، ئەمەش زەمینە بۆ پەرە سەندنێکی خێرای ئەرشیفە دیجیتاڵی یەکان خۆش کرد.

بزوتنەوەی (ئۆپن ئەکسێس)«οπεν αχχεσσ» لەئەمریکاوە سەری هەڵداوە و لەم ساڵانەی دوایشدا لەئەوروپا مشتومڕێکی زانستی و سیاسی لەبارەی بەکارهێنانی زانستی دیجیتاڵی بەرپاکردووە ،ئەم ناوە بەو زانیاری یانە دەگوترێت کەبەشێوەی ئەلیکترۆنی خراونەتە بەر دەست ، وەك ئەو دۆکومێنتە دیجیتاڵی یانەی لەڕێگەی ئەنتەرنێت و کۆمپیوتەرەوە دەستمان دەکەون و ئەو گۆرانی ومۆسیقاو وێنە و ڤیدیۆ و دیجیتاڵانەی کە بەم ڕێگەیەوە دەستمان

دەكەون ، بەلاّم ئەو بزوتنەوەیە دژی ئەو شێوە باوانە دەوەستێتەوە كە لەڕێگەیانەوە سودێكی زۆری ئابوری دەبینرێت لە بەدەست هاتنی زانیاری یەكانەوە ، چەند مەرج و مافێكی بلاّوكردنەوە و كۆپی كردنی گرێ داوە و دەیەوێت دەرگای وەرگرتنی زانیاری بێ‌چ مەرج بۆ هەموان بێت.

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم بزوتنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی (نەوەد)ەوە ،كە ئەو سەردەمە بە سەردەمی قەیرانی گۆڤارەكان ناوی دەركردبوو، كرۆكی ئەم قەیرانە بەزبونەوەی بەردەوامی نرخی گۆڤارە زانستی یەكان بوو كەوای لەزۆربەی زاناكان كرد لەبەر كەمبونەوەی بودجەی توێژینەوەكانیان نەتوانن ئەو زانیاری یانە بەدەست بهێنن، كە هاوبەشەكانیان بلاّویان دەكردەوە .

یەكێك لەپێشەوایانی ئەم بزوتنەوەیە (ستیڤان هارماد) ی زاناو مامۆستا لەزانكۆی (σουτηερν πτον)بوو كەپشتگیری لە ئازادی وەرگرتنی كۆپی و دەقە نوسراوەكانی سەر ئینتەرنێتی دەكرد و ئەم تێكستانە بۆ هەموو كەسێك والآبێت ، لەسەر ئەم ڕەوتە لەزۆر شوێنی تری جیهان گروپی هاوشێوە دروست بوون {داوای ئازادی وەرگرتنی كۆپی یان دەكرد} .

لەساڵی (2001) كۆمەڵەی «ئۆپن ئەكسیسی بۆدابیست» دامەزرا،لە بەرلین و ڤێنیسیا بزوتنەوەیەكی تر دروست بوو كە ئەوانیش هەمان



داوایان هەبوو، بەلاّم داواكاری ئەم بزوتنەوەیە زیاتر بوو ، داوایان دەكرد كە (دەرگای هەموو زانستەكان و ئەدەبیات و زانستە كەلتوری یەكان) كراوەبن بەتایبەتی ئەو زانیاری یانەی كە لە ئەرشیف و كتێبخانەكان و مۆزەخانەكاندا هەن.

ئەم داوا كاریانە لە ڕاگەیاندنێكدا لەلایەن (هەموو پەیمانگا گرنگەكانی توێژینەوەو زانستی ئەڵمانیا و سندوقی كۆمەڵەی زانستی یەوە (□□□) و لەلایەن ئیستیوتی ناوەندی بۆ پشتگیری كردنی توێژینەوە زانستی یەكان لە نەمسا ) واژۆ كرا .

خواستە سەرەكی یەكانی بزوتنەوەی (οπεν αχχεσσ) لەئازادی پەیداكردنی ئەو زانیاری یە زانستی یانەیە كەلەڕێگەی دیجیتاڵەوە بلاّو دەكرێنەوە ، كەبەهۆی توێژینەوەی زانستی دەستكەوتوون و بەكۆمەك و دارایی دەڵەت و دەزگا پەیوەندیدارەكان ئەنجام دراون .

وەداوادەكات كەهەموو زانیاری یەكان لەنێوان تاك و كۆمەڵگاكان ئاڵو گۆڕ بكرێن بەبێ ئەوەی سانسۆر بكرێن .

ماڵپەڕی گوگڵ لەساڵی (2004)دا پرۆژەی (Πριντ) ی دەستپێكرد ، ئەم پرۆژەیەی گوگڵ كەوتە دیجیتاڵ كردنی (خستنە سەر كۆمپیوتەر) چەندین كتێب و نامیلكە و دیكونەرە ئەرشیفەكانی خستە بەردەستی خوێنەر.

ئەم كارەی گوگڵ پرسيارێكی لە گەلانی ئەورووپی يەكان دروستكرد،كەچۆن لەداهاتوو پەرە بەئاڵوگۆڕی كەلتورەكانی نێوان گەلان بدەن ،يەكێكی وەك (ڤيڤيان ڕيدينگ)كۆمسياری يەكێتی ئەوروپا بۆ كاروباری ميدياكان ، كۆمەڵگەی زانياری هاندا بۆبەرپا كردنی هەڵمەتێكی ئەوروپی بۆ ديجيتاڵكردنی نوسين و بلاّوكراوەكان.

لەم هەڵمەتەدا دەبێت ئەورووپيەكان توانای خۆيان بخەنە گەڕ بۆئەوەی ئەو كتێب و ڤيديۆ و فيلمانەی بەملونان وكتێبخانەو ئەرشيفەكاندا دەست دەكەون ديجيتاڵ بكرێن و بخرێنە سەر تۆڕی ئينتەرنێت، يەكەم هەنگاويش دامەزراندنی كۆمەڵەيەك بوو بەناوی (ئينستاتيڤی) ی كتێبخانەی ديجيتاڵ دەست پێدەكات .

بۆناساندنی ئەم هەڵمەتەيش كۆمسيۆنی ئەوروپا بۆ كاروباری ميدياكان و كۆمەڵگەی زانياری نامەيەكی بۆ ئەنجومەنی پەڕلەمانی ئەوروپا نارد.

لەنامەكەدا كۆمەڵێك پێشنيار لەسەر شێوەی كەتەلۆك خستبووە ڕوو.



## Mp3ـئيم پی سری

ووشەیMΠ3 لای هەمووومان ناسراوە(كارل هاينز براند نبرج) ە كەلێكۆڵەرەوەيەكی ئەڵمانيە داهينەری MΠ3يە يەكێكە لە شيوەی فايلەكانی مۆسيقای دەنگ كە بۆتە هۆی دروست بوونی شۆڕشێك لەبواری مۆسيقا بەڵام ئەوەی نەناسراوە ئەو كارەش بەرهەمی بيست ساڵەيەتی وە لە راپۆرتيكدا دەست پيدەكات و تيدا باس لە چۆنيەتی بچوك كردنەوی فايلی دەنگی دەكات . لە ديدارێكدا بۆ BBX باس دەكات سەرەتا ئەو كارانەم وەكو خەونيك دەهاتە پيش چاوەوە هەرگيز باوەرم نەدەكرد ئەو كارە بەم شيوەيە ناوبانگ دەر بكات وە بۆهەمان كەناڵ دەڵێت : كاتيك لێ يان پرسيم لەساڵی 1988زاينی ئەم كارەت چی بەسەر دێت؟؟؟ منيش ئەم ووت ئەمە تەنها وەكو ليكولينەوەكانی تر دەچيتە ناو كتيبخانە شوێنيك داگير دەكات وە هەرگيز بە خەيالمدا نەدەهات ئاوهای لی بيت بە مليۆنەها خەلك ئەم بەنامەی من بەكار بهينن . دكتۆر براندنبرج نامەكەی لە ساڵی 1989ز تەواو كرد چيرۆكی MΠ3 لەم كاتەوە دەستی پێ كرد . دوای هينانەوەی دكتۆرا چوە پەيمانگايەك لە ئەڵمانيا كە زۆر بەناوبانگ بوو بەناوی ( فرو نهوفر ) بوو لەوی دا دەستی بەكارەكەی كردوو سەرەتا ئەوەی زۆر لا گرنگ بوو لەلای ئەوە كە لەكاتی گۆرينی

دەنگێك گۆڕان كاری زۆری بەسەر نێت وەكو خۆی بە دەقیقی بمینیتەوە وەك خۆی دەڵێت هەندی مۆسیقا هەبوو زیاتر لە سەدان جار گویم لی دەگرت تا بزانم تا چەند ئەو مۆسیقایە وەكو خۆی دەنگەكەی بەساقی ماوەتەوە . لەگەڵ بڵاو بونەوەی ئینتەرنێت MΠ3زیاتر پەرەی سەند ئەمەش بوە هۆی بێ تاقەت بوونی كۆمپانیاكانی مۆسیقا و دەنگ كە ئەوان چەند گۆرانیەك لە سیدیەك دەكردەوە لە كاتیك دا دەتوانیت بە MΠ3 زیاتر لە 300 گۆرانی بخیتە سیدیەكەوە و جگە لەوە لە ناو ئینتەرنیت وۆر بە ئاسانی گۆرانیت دەست دەكەویت بە خۆرای قەبارەیەكی كەم ........

## وشەی بلوتوسن لە چی یەوە هاتووە؟

بلوتوس ئەو تەكنۆلۆژیایەیە كە بەشێوەیەكی بەرفراوان لەژیانی ڕۆژانەماندا بڵاوبووەتەوە، زۆربەمان زۆر یان كەم دەربارەی ئەم تەكنۆلۆژیایە دەزانین كە بەهۆیەوە وێنە و گۆرانی و میوزیك و ڤیدیۆ لەمۆبایلێكەوە بۆ مۆبایلێكی دیكە دەنێردرێت، ناولێنانی بلوتوس دەگەڕێتەوە بۆ پادشای دانیمارك Ηεραλδ Βλαρινγ τανδ كە مانای Βλυε τοοτη - ە بەئینگلیزی



ئەوەی شایانی باسە ئەو پادشایە زۆر حەزی لەخواردنی تووی فەڕەنگی بوو تا ددانەكانی ڕەنگی شین بووە بۆیە ناونرا خاوەن ددانی شین

## (یوتیوب) تریلیۆنێك بینەری هەبوە

كۆمپانیای گوگڵ ئاشكرایكرد، ژمارەی بینەرانی ماڵپەری (یوتیوب) لەساڵی 2011دا زیاتر لە تریلیۆنێك بینەر بو بەمەش ئەو ماڵپەرە ژمارەیەكی پێوانەیی تۆماركردوە.

بەپێی داتاكانی گوگڵ، زۆرترین ئەو ڤیدیۆیانەی لە ماڵپەری (یوتیوب) سەیركراون، دیمەنی كۆمیدی و گۆرانی بوە.

لەماوەی رابوردوشدا، كۆمپانیای (یوتیوب) جەنگی خۆی لە دژی كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانی جیهان راگەیاند، ئەوەش بە كردنەوەی كەناڵی تایبەتی بۆ كەسانی ناسراوی جیهان لە بوارە جیاجیاكاندا، ئەوەش كاریگەری زۆری هەبوە لەسەر كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان، بەتایبەت لە وڵاتی ئەمەریكاو بینەری كەناڵە ناوخۆییەكانی كەمكردوەتەوە

---

ئەم بابەتە لە گۆگل وەرگێردراوە ناوی نووسەرەكەی نادیار

# راگەیاندنی تایبەتمەند و کاریگەری گەیاندنی پەیام..

زۆرێك لە دامەزراوە ڕۆژنامەوانیەکان ، ڕۆژنامەنووس دەنێرن بۆ بەدواداچوونی هەندێك بابەتی دیاریکراو، ئەگەر چی جوگرافی یان بابەتیش بێت کەبە(بیت)مالّ ناسراوە بەزمانی ئینگلیزی وچەند سەرچاوەیەکی تر، ئەم زاراوەیە لە ڕابوردوودا بەکارهێنرا بۆ وەسفکردنی ڕێگەیەکی ڕێکوپێك ، پاسەوان یان پۆلیس بەکاریان دەهێنا، ڕۆژنامەنووسان دەبنە هەواداران وخولیاوەرانی شوێنەکە یان ئەو کەسانەی وەك سەرچاوەن و زۆرجاریش پێویستە لەسەریان زۆر وشە وگوزارشتی تایبەت فێربن بۆ تێگەیشتن لە سەرچاوەکانیان، ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو وشەو گوزارشتانە لە وتارەکانیاندا بەکاربهێنن بەڵکو بە پێچەوانەوە پەیامنێرە باشەکانی سەرچاوە دیاریکراوەکان دەبنە وەرگێڕو شرۆڤەکردنی وزانیارییەکان وا لێدەکەن ئەگەر ئەوان نەبن ئەو وشە وگوزارشتانە لەلای ڕای گشتی ناشرین و بێزاربەخش دەبن.



ئەرکەکانی ڕۆژنامەنووسی تایبەتمەند بەدەگمەن لەناو ژورە بچوکەکانی هەواڵدا دەبێت، چاوەڕوان لە پەیامنێری ڕۆژنامەگەری دەکرێت کە بەدواداچوونی هەموو جۆرە هەواڵەکان بکات، بەڵام لەدامەزراوە ڕۆژنامەگەرییە گەورەکاندا دەکرێت لە(نۆرفۆلك)ی ویلایەتی ڤێرجینیا، دەڵێت (هەرگیز کەس نەیتوانیوە هەواڵێکی گرنگ وبەرچاوی دەستبکەوێت کەلە ژوری هەواڵدا دانیشتبێت) هەروەها دەڵێت (خۆناساندن بکە لەگەڵ هەموو کەسێك، هەر لە لێپرسراوەوە تا دەگاتە نووسەران، پێناسەی خۆت پێشکەش بەهەموو ئەو کەسانە بکە کەچاوپێکەونیان لەگەڵدا دەکەیت لە بواری کارەکەتدا، لیستێکی سەرچاوەکان دروست بکە لەزۆرترین ئەو زانیارییانەی لە پەیوەندییەکانتدا کۆیان دەکەیتەوە، هەمیشە لەپەیوەندیدابە لەگەڵ ئەو کەسانەدا بەئەنجامدانی پشکنینێکی ڕێکوپێك بۆ سەرچاوەدیاریکراوەکان)، هەروەها بەدواداچوون لەگەڵ یاریزانە سەرەکییەکان لەئەرکە دیاریکراوەکەتدا بکە، ڕۆژنامەنووسی باش کەلەسەرچاوەیەکی دیاریکراو کاردەکات چۆنێتی کاریگەری لەڕەفتاریدا لەناو کۆمەڵگەکەیدا بەهەند وەردەگرێت وگرنگیی پێدەدات.

کاری ڕۆژنامەنووس لەئەرکی دیاریکراودا پێویستە لێهاتوو بێت لە ڕێکخستنی کارەکانی وکەسێتیەکی پتەوی هەبێت، ڕێکخستنی کار

مەبەست لێی بەکارهێنانی نامیلکەی ڕۆژانەیە تائاگای لەکۆبوونەوە ودانیشتنەکانی گوێگرتن وبەرواری ڕوداوەکان بێت بۆئەوەی بەدواداچوونی بۆ بکات وبڕیاری لەسەربدات، ئەمەش واتا ئامێرێکی هەبێت پشتی پێببەستێت بۆخەزنکردن ودەرهێنانی زانیارییە تایبەتیەکان بە پەیوەندییەکانی خۆی، بەتایبەتی ژمارەی تەلەفۆن وناونیشانی ئیمێڵ و...هتد، ئەم هەنگاوەش واتا بوونی دۆسیەیەك لە فکر لەسەر وتارە ئایندەییەکان وکاری داهاتووی، لەگەڵ لیستی ڕۆژانە بەو شتانەی کەپێویست بکات بەدوایدا بچێت.

زۆربەی ڕۆژنامەنووسان ئێستا ئەو زانیارییانە لەو کۆمپیوتەرەدا خەزن دەکەن کە لەبەردەستیاندایە وبەرنامەی وابەکاردەهێنن کەئاسانکارە لە گەڕان بەدوای کەس وبەروارەکاندا، بەڵام لەدەرەوەی نوسینگەکانیانیشیان پێویستیان پێی دەبێت، لەبەرئەوە پێویستە لەسەریان بابەتی چاپکراو یان کۆمپیوتەرێکی بچووك لەگەڵ خۆیاندا هەڵگرن، یان ئەو ئامێرە دەستییەی کە بەهۆیەوە دەتوانرێت بگاتە تۆڕی (وەیب) لەڕووبەرێکی دوورەوە، هەروەها شتێکی یاریدەدەری ژمارەیی لاهەبێت، هەروەها لەبەر ئەوەی تەکنەلۆژیا پێدەچێت زۆر باوەڕپێکراو نەبێت وئامێرەکان لەوانەیە تێکبچن بۆیە لەو ڕووەوە گرنگ وایە جاربەجار وێنەیەك لەزانیارییەکان چاپ بکات وەك پشتیوانییەك بۆ کارەکانی.



بەدواداچوون لە بواری ڕۆژنامەگەریی دیاریکراودا مانای ئەوەیە دەبێت کەسەکان باش بناسیت بەجۆرێك باوەڕیان پێت هەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا پارێزگاری لەدووریی پێشەکەت بکەیت، سەختترین بەش-یش کەتۆ وەك ڕۆژنامەنووسێکی سەرچاوەدیاریکراوەکان بیت ئەوەیە هەروەك سکانلان دەڵێت (ناچار دەبیت هەموو ڕۆژێك مامەڵە لەگەڵ سەرچاوەکاندا بکەیت تەنانەت ئەگەر چی وتارێکیشت نووسیبێت بەدڵیان نەبووبێت).

| لاپەڕە | ناوەڕۆك |
|---|---|
| 5 | سەرەنیا |
| 7 | زمانی رۆژنامەنوسی |
| 13 | مەرگی رۆژنامەی کاغەر نزیك بۆتەوە |
| 20 | ژن و رۆژنامە |
| 23 | پرۆژەی بنیاد نانی کاری رۆژنامەنووسی |
| 28 | مارکیتی فرۆشتنی رۆژنامە |
| 33 | سۆشیال میدسیا |
| 37 | زاڵبونی شێواز بە سەررۆژنامە کوردییەکانی باشوور. |
| 41 | رۆژنامە خوێندنەوە |
| 44 | رەش نامەنووس یان رۆژنامەنووس |
| 47 | زمانی حزب لەکەناڵەکانی راگەیاندندا |
| 51 | Us toda رۆژنامەی نەتەویی |
| 56 | هەواڵی ئینتەرنێت وکورتکردنەوەی مەوداکانی گە |
| 78 | میدیای ئینتەرنێتی |
| 94 | میدیا و رۆژنامەنووسی ئەکادیمی |





| | |
|---|---|
| 97 | رۆژنامەنوس و گەیاندنی هەواڵی خیرا |
| 101 | بنەما ئیتیکیەکانی رۆژنامەوانی لە ئەمریکا |
| 106 | چیرۆکی رۆژنامەونووسی |
| 113 | دیمانەی رۆژنامەنووسی رۆژنامەو ئیزگەکان |
| 123 | بنەما زانستیەکانی پەیامنیری سەرکەووتوو |
| 130 | چەند رێنمایەك بۆ ئەو رۆژنامەنووسانەی دەچنە پرس کۆنفرانسەکان |
| 135 | رۆژنامەنووسی و هەڵوێستەیەك |
| 139 | ئازادی رۆژنامەنووسی لە سایەی دەسەلاتی خۆماڵی |
| 142 | چیرۆکنووس وشاعیرەکانی سەندیکاو ئایندەی رۆژنامەنوسان |
| 148 | بێبەرنامەیی و بەرێکردنی کات لە کەناڵە ناوخۆییەکان |
| 152 | ڕۆڵی ئێزگەکان لە ڕاگەیاندن و دژە ڕاگەیاندن |
| 156 | رۆژنامە وکۆنترۆڵی دەسەڵات |
| 160 | رۆماڵی رووداو میدیای هاولاتی |
| 162 | پرۆفشناڵی میدیاو خوێندنی ئەکادیمی لە |

| | | |
|---|---|---|
| | کوردستان | |
| | ژنانی رۆژنامەنووس و بەدەستهینانی زانیاری | 165 |
| | کەناڵەکانی میدیاو یادەوەری ئەنفال | 168 |
| | رۆلی رۆژنامەنوس لە پریس کونفراس | 171 |
| | ئەرشیفی دیجیتاڵی میدیایی | 174 |
| | راگەیاندنی تایبەتمەند وکاریگەری گەیاندنی پەیام.. | 181 |




**نووسەر لە چەند دیریکدا:**

- **نەجات مستەفا خدر( نەجات روستی)**
- **لە دایکبوی** 1972
- **ئاستی خویندن: دبلوم و بەکلۆریوس لە راگەیاندن**
- **ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان**
- **ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نیو دەوڵەتی**
- **بەریوبەری ریکخراوی میدیا بو راهێنانی رۆژنامەنووسان**(NGO)
- **ئەندامی یەکیتی مامۆستایانی کوردستان**
- **سەرنووسەری گۆڤاری رۆژنامەوان**
- **ماموستا لە بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی**

**کتیبەچاپکراوەکانم**

1- **(یاد) کۆمەلە شیعر** 1998
2- **(باوەش) چیرۆکی رۆژنامەنووسی** 2007 **سلێمانی**
3- **(دیمانەی رۆژنامەنووسی)** 2008 **سلێمانی**
4- **(ژنێك تەڕتر لە باران) گۆشە نیگای رۆژنامەنووسی**
5- **(میدیای هەوال و رایگشتی) توێژینەوە** 2008 **سلێمانی**

لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی میدیا بۆ ڕاهێنانی ڕۆژنامەنووسان.
لە [illegible] نووسەرو شاعیر(خاتوو بەیان لەتیف عەسکەری )

چاپکراوە.....